
دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردسـتـانی ئێـران

ژمارە ٥٧٦، دووشەممە، ١٥ی رەشەمە ١٣٩٠، ٥ی مارس ٢٠١٢، ١٥٠ تمەن

www.kurdistanmedia.com



**کاردانەوەی چاوترسێنکردنی خەڵک لە بەرەبەری ...** ٤



**چالێشی دێموکراسی لە ئێراندا** ٨



**رۆژی جیهانیی ژن** ٩



**دستێوەردانی ئێران و رووسیە لە کاروباری ...** ١٠



**کاسبکارانی سەرسنور و ژیانێکی پڕ لە ...** ١١

### سکرتێری گشتیی PDKI چەند دیداری گرینگی لە بریتانیا بەڕێوە برد

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند چالاکیی گرینگی دیپلۆماتیکی لە وڵاتی بریتانیادا بەڕێوە برد. بەڕێزیان لە رۆژانی ١٠ و ١١ی رەشەمەدا، سەردانی باڵوێزخانەی ئامریکا لە بریتانیا و دەفتەری حیزبی لیبراڵ دێموکراتی بریتانیای کرد و لە رۆژی ١١ی رەشەمەدا، سمینارێکی لەسەر پرسەکانی ئێران پێك هێنا. بەڕێزیان لە رۆژانی ٧و٨ی رەشەمەدا لە چەند دیداری جیاوازدا، لەگەڵ بەڕێز لویس ئایالا، سکرتێری گشتیی ئینتێرناسیۆناڵ سوسیالیست، هەیئەتی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە بریتانیا و چەند پارڵمانتاری پارڵمانی گشتی و پارڵمانی لۆردەکانی بریتانیا کۆبووەوە. دەقی ئەم هەواڵانە لە لاپەڕەی ٢ی ئەم ژمارەی «کوردستان»دا هاتوون.

# کوردستان بایکۆتی هەڵبژارد



بەپێی راپۆرتی کوردستان میدیا، خەڵکی کوردستان لە زۆربەی شار و گوندەکاندا بە بایکۆتکردنی نمایشی هەڵبژاردنی مەجلیسی کۆماری ئیسلامی، لە بانگەوازی حیزبە کوردستانییەکان لەم پێوەندییەدا پێشوازییان کرد.

رادەی بەشداریی خەڵك لە هەڵبژاردندا لە شارەکانی قەسری شیرین، سەرپێڵی زەهاو، پاوە، رەوانسەر، کرند، کامیاران، سنە، سەقز، مەریوان، بۆکان، سەردەشت، پیرانشار، مهاباد، ورمێ، سەلماس و هەموو گوندەکانی ناوچە کوردنشینەکان زۆر کەم بووە. رێژیم بۆ ئەوەی وا نیشان بدا کە بەشداریی جەماوەری خەڵك لە هەڵبژاردندا زۆر بووە، ژمارەی سندووقەکانی دەنگدانی کەم کردبووەوە و هەروەها دەزگا ئەمنییەتییەکانی رێژیم لە چەند رۆژ پێشترەوە بە حەراسەتی ئیدارەکانیان راگەیاندبوو کە بەشداریی کارمەندەکانی دەوڵەت لە هەڵبژارندا زۆرەملێیە. راپۆرت دراوە کە رێژیم لە شاری نەغەدەیش بەمەبەستی بردنەسەرەوەی رادەی بەشداریی خەڵك، لە نێو دوو نەتەوەی ئازەری و کورددا دووبەرەکی ساز کردووە کە دیسانیش بەشداریی خەڵك لە ئاستێکی نزمدا بوو.

کوردەکانی خوراسان بە تایبەت کوردەکانی دانیشتووی شارەکانی قوچان و شیروان نەچوونە پای سندووقەکانی دەنگدان و «نا»یان بە نمایشی هەڵبژاردن وت.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە دەرکردنی بەیاننامەیەکی هاوبەش، رێز و سپاسی خۆیان بۆ ئەو کردەوە شۆڕشگێڕانەی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان دەربڕیوە. دەقی تەواوی ئەم بەیاننامەیە لە لاپەڕەی ٣ی ئەم ژمارەی «کوردستان»دا هاتووە.

## پەیڤ

کەریم پەرویزی

### سزای مەدەنی

رۆژی ١٢ی رەشەمە، کۆماری ئیسلامی شانۆی هەڵبژاردنی بەڕێوەبرد و وەك پێشتر بەرنامەی بۆ داڕشتبوو، لەو رۆژەدا بە شێوەیەکی بە تەواوی کۆنترۆڵکراو، بەوپەڕی فرتوفێڵ و چەواشەکاری و هەڕەشەکردن لە خەڵك و دەنگۆی سەیروسەمەرەبڵاوکردنەوە، ویستیان خەڵك بێنە سەر سندووقە درۆیینەکانی دەنگدان و لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستان، لە هەموو شێوازێکی تەماح وەبەرنان، زۆرەملێ و هەڕەشە و هەروەها چەواشەکاری و فرتوفێڵ کەڵکیان وەرگرت تاکوو، بە قەولی خامنەیی، رۆژی ١٢ی رەشەمە، حەماسەی ئامادەبوون بخولقێنن. لە بەرەی دژبەری کۆماری ئیسلامیشدا، زۆربەی هەرەزۆری هێز و لایەنە سیاسییەکان لە ئێراندا هەڵبژاردنیان بایکۆت کرد و هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش لەو بارەوە بە پێچەوانەی ئەزموونێکی تاڵی دوو ساڵ لەمەوبەر، ئەمجارە لەسەر بایکۆتی هەڵبژاردن یەکدەست و هاودەنگ بوون و خەڵکی کوردستانیان هان دەدا کە بەشداری لەو شانۆگەرییەی رێژیمدا نەکەن. ئەو ململانێ نابەرابەرەی نێوان کۆماری ئیسلامی و هێزەکانی کوردستان، لەم ماوەیەدا، هەندێك ئەزموون و وانەی لێ کەوتەوە کە پێویستە هەم خەڵکی ئاسایی و هەم چالاکانی سیاسی و بەتایبەت هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەبەر چاوی بگرن و بۆ قۆناغەکانی داهاتوو و بوارەکانی دیکە بەکاری بێنن. لەسەر نابەرابەری ئەو رکەبەرییەش هەر ئەوەندە بەسە بڵێین کە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە میلیاردها دۆلار پارەی سەرمایەی تاڵانکراوی وڵاتی لە بەر دەستدایە و بە دەیان هەزار بەکرێگیراو و پاسدار و بەسیجی خستۆتە گەڕ و لە بەرامبەریشدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەوپەڕی بێئیمکاناتیدا، تەنیا بە ورەی بەرزی ئەندام و لایەنگرانیان و خۆشەویستییان لە نێو خەڵکدا چوونە نێو ئەو بەرەی شەڕەوە و خەڵکی کوردستانیش خۆیان لە نزیکەوە بینییان کە سەرکەوتن بۆ کام بەرە بوو و سەرشۆڕی بۆ رێژیم و گۆپاڵ بەدەستانی مایەوە. ئەوەی لە نێو ئەم وانە و ئەم قۆناغەش وەکوو زۆرجاری دیکە لەبەرچاوە و دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ، ئەوەیە کە هەر چەند ژمارەیەك لە خەڵکی کوردستان لەبەر چەندین هۆکار و رەنگە لە ترسی هەڕەشەوگوڕەشەی رێژیم، یان لەبەر لەدەستنەدانی تۆزقاڵە نانێکی بخۆومەمرە کە دەستیان دەکەوێ، چووبێتنە سەر سندووق و رەنگە هیچ باوەڕیان بە چەواشەکارییەکانی رێژیم نەبووبێ و بە ناچاری رابێتنە ئەو شوێنە، بەڵام ئەوەی دیارە و بەرچاوە، کردەوەی مۆرە و بەکرێگیراوان و کەسانی دیاری سەر بە رێژیمە کە وەکوو ئامرازی دەستی رێژیم لە هەموو شار و ناوچەیەکدا، بوون بە گورز بەسەر خەڵکەوە یان لە پێناو چەواشەکردنی خەڵکدا هەوڵیان دابێ و وەك کەواسووری بەر لەشکر، وەپێش لەشکری چەواشەکاریی کۆماری ئیسلامی کەوتبوون. ئەم جۆرە کەسانە کە لە هەر گەڕەك و گوند و شارێکی کوردستان خەڵك بۆیان دەرکەوتووە کە سەر بە رێژیم و گۆپاڵ بەدەستی سیاسەتەکانی رێژیمن، دەبێ لە نێو خەڵکدا بە شێوەیەك بێزراو بن و جێگای ئاماژەی هەموو کەس بن کە بە تەواوی لە نێو کۆمەڵگادا وەکوو پەڵەی شوورەیی چاویان لێ بکرێ و بەم شێوەیە لەبەر تاوانەکانیان، سزای مەدەنی بدرێن.

## رێژیمی سووریە تۆڵە لە باباعەمروو دەکاتەوە

سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وتی کاربەدەستانی سووریە بە شێوەیەکی بەربڵاو و ئاشکرا تووشی جینایەت دژی خەڵکی مەدەنیی ئەم وڵاتە بوون.

بان کی موون، روو لە کۆڕی گشتی ئەم رێکخراوە وتی: کاتی هاودەنگیی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی هاتووە. بە وتەی ناوبراو: «درێژەی ناکۆکی، بەرپرسانی سووریە لە درێژەدان بە رێگای توندوتیژی چاونەترستر دەکا.»

سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەرپرسانی سووریەی بە تاوانباری سەرەکی هەڵگیرسانی شەڕی چەکداری زانی.

بەپێی راپۆرتی ئەلعەرەبیە، دەیوید کامێرۆن، سەرۆك وەزیرانی بریتانیاش رۆژی هەینی بارودۆخی سووریەی بە ترسناك و رێژیمی بەشار ئەسەدی بە «جینایەتکار» زانی. نیکۆلا سارکۆزی، سەرکۆماری فەڕانسەش رۆژی هەینی رایگەیاند باڵوێزخانەی خۆی لە سووریە دادەخات.

هەروەها شوورای ئاسایش پاش چەند هەوڵی سەرنەکەوتوو بۆ پەسندکردنی بڕیارنامەیەك دژی سووریە، رۆژی پێنجشەممە لە بەیاننامەیەکدا داخ و کەسەری خۆی لە «خراپبوونی خێرای رەوشی مرۆڤی» لە ناوچە توندوتیژی لێدراوەکاندا دەربڕی.

هەر لەم کاتەدا، خاچی سوور رایگەیاندووە سەرەڕای رەزامەندیی سەرەتایی بەرپرسانی سووریە، مۆڵەتی پێ نەدراوە یارمەتییەکان بۆ ناوچەی باباعەمروو و شاری حۆمس رابگوێزێ.

رۆژی هەینی، دەفتەری مافەکانی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رایگەیاند راپۆرتگەلێکی لە ئێعدامی سەحرایی ١٧ کەس لە حۆمسدا پێ گەیشتووە.

پۆل کونرووی، وێنەگری ساندەی تایمزیش کە لە شاری حۆمسدا بریندار ببوو، بە «بی.بی.سی» وت ئەوەی لە باباعەمروو روو دەدا، «کوشتوبڕێکی رێکخراو دژی خەڵکی مەدەنی»یە.

## سەرکوتەکان لە ئەهواز درێژەیان هەیە

ئەهواز لە بەرەبەری بەڕێوەچوونی شانۆی هەڵبژاردنەکانی رێژیم، بینەری شەپۆلێکی نوێ لە سەرکوت و دەستبەسەرکردنەکان بوو.

بەپێی راپۆرتی چالاکانی مافی مرۆڤ، ئێوارەی رۆژی چوارشەممە، ١٠ی رەشەمەی ئەمساڵ، زیاتر لە ٦٥ کەس لە لاوان و چالاکانی فەرهەنگی و سیاسیی عەرەب لە شارەکانی ئەهواز، ئابادان، شووش، حەمیدیە، مەعشوور، خفاجیە، محمەرە و شارەکانی دیکە لە لایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون و بۆ دەستبەسەرگەکانی هێزی ئینتیزامی و وەزارەتی ئیتلاعات راگوێزراون.

رۆژی پێنج شەممە، ١١ی رەشەمە، هێزە ئینتزامییەکان لە هێرش بۆ سەر بنەماڵەیەکی عەرەب لە «حەی سەورە» لە ئەهوازدا بە تەقەی راستەوخۆی فیشەك مێرمنداڵێکی تەمەن ١٥ ساڵیان بە ناوی «حەسەن حەیدەری» کوشت و ٣ کەس لە ئەفسەرەکانی ئەم هێزەیش لەم تێکهەڵچوونەدا کوژران. هێزەکانی ئینتیزامی پاش چوونە ژوورەوە بۆ نێو خانووەکە، تەرمی ئەم مێرمنداڵەیان لە ئۆتۆمۆبیلێکدا راگواستەوە و باوکی ناوبراویشیان کە بریندار بوو، دەستبەسەر کرد. ٢ کەسی دیکە لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەش بە ناوەکانی تارق حەیدەری و عەلی حەیدەری (١٧ ساڵان) دەستبەسەر کراون.

بەپێی راپۆرتی رێکخراوی «چاوەدێری مافی مرۆڤ» و رێکخراوی «لێبوردنی نێونەتەوەیی»، دوو کەس لە عەرەبە دەستبەسەرکراوەکان بە ناوەکانی موحەمەد کەعبی (٣٤ ساڵان) و ناسر ئالبووشۆکە (١٩ ساڵان) لە درێژەی قۆناغەکانی لێپرسینەوە و ئەشکەنجە لە دەستبەسەرگەکانی ئیتلاعاتدا کوژراون.


رێکخراوی مافی مرۆڤی ئەهوازیش رایگەیاندووە کە لاوێکی عەرەبی دیکە بە ناوی رەزا مەغامسی کە چالاکی مافی مرۆڤە، لە دەستبەسەرگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی دێزفوولدا کوژراوە.

## دیداری بەڕێز هیجری لە باڵوێزخانەی ئامریکا لە بریتانیا و دەفتەری سەرەکیی حیزبی لیبراڵ دێموکراتی بریتانیا

بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی PDKI لە درێژەی چاوپێکەوتنەکانیدا لە وڵاتی بریتانیا لەگەڵ باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن و هەروەها دەفتەری سەرەکیی حیزبی لیبراڵ دێموکرات دیداری کرد.

رۆژانی ١٠ و ١١ی رەشەمە، هەیئەتێکی PDKI بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سەردانی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە لەندەن و هەروەها دەفتەری سەرەکیی حیزبی لیبراڵ دێموکراتی کرد و چاوی بە بەرپرسی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی ئەو حیزبە کەوت.

لەو چاوپێکەوتنانەدا بارودۆخی ئێران و ئەو گیروگرفتانەی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ خەڵکی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی پێکی هێناون، خراونە بەر باس. لە بەشێك لە باسەکاندا بەڕێز سکرتێری گشتیی PDKI بۆچوونەکانی حیزبی بۆ بەشداربووانی کۆبوونەوەکان شی کردەوە و جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مادام تاکو ئێستا هەموو هەوڵ و تیکۆشانەکان لە لایەن ئازادیخوازانی ئێران و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بە مەبەستی پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە سیاسەتە نائینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی بێ ئاکام بووە، جێی خۆیەتی کە لەمەو دوا لە جیاتی بیرکردنەوە لە گۆڕینی سیاسەتەکانی رێژیم، زیاتر جەخت بکرێتە سەر دارشتنی بەرنامە بە مەبەستی گۆڕینی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران.



## بونیادی سەدەی داهاتوو بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست سیمینارێکی بۆ کاک مستەفا هیجری پێک هێنا

ئێوارەی رۆژی ١١ی رەشەمە، لە لایەن بونیادی سەدەی داهاتوو بۆ ئاشتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، سمینارێك بۆ سکرتێری گشتیی PDKI، بەڕێز مستەفا هیجری پێك هات کە ژمارەیەکی بەرچاو رۆژنامەنووس و کەسایەتی سیاسیی ئینگلیسی و کورد تێیدا بەشدار بوون. لەو سمینارەدا کاك مستەفا هیجری بیر و بۆچوونەکانی حیزبی بۆ بەشداران شی کردەوە و وڵامی پرسیارەکانی ئەوانی دایەوە.



## سکرتێری گشتیی PDKI سەردانی دەفتەری کاری ئینترناسیۆناڵ سوسیالیستی کرد



رێکەوتی ٨ی رەشەمە، بەڕێز "مستەفا هیجری"، سکرتێری گشتیی PDKI سەردانی دەفتەری کاری ئینترناسیۆناڵی سوسیالیست لە لەندەنی پایتەختی بریتانیای کرد و بە گەرمی لە لایەن بەڕێز "لویس ئایالا"، سکرتێری ئەو رێکخراوەوە، پێشوازیی لێکرا.

لەم دیدارەدا بەرنامەکانی ئینترناسیۆناڵ سوسیالیست و کۆنگرەی داهاتووی ـ کە بڕیار وایە لە ساڵی نوێی زایینی لە ئافریقادا بەڕێوە بچێ ـ تاوتوێ کران.

## دیداری سکرتێری گشتیی PDKI لەگەڵ هەیئەتی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

بەڕێز مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی PDKI رێکەوتی ٧ی رەشەمە، دیدارێکی تایبەتیی لەگەڵ هەیئەتی بەڕێوەبەریی کۆنگرەی نەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە لەندەن، پایتەختی وڵاتی بریتانیا پێك هێنا.

لەم دیدارەدا چەندین باسی پێوەندیدار بە نەتەوەکانی ئێران و رۆڵی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە بەدەستهێنانی مافی ئەم نەتەوانە هاتنە گۆڕێ.

لە کۆبوونەوەکەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە خرانە بەرباس:

- چۆنیەتیی بەهێزکردنی کۆنگرە و پەرەپێدانی خەباتی کۆنگرە بۆ وەدیهێنانی مافی نەتەوە ستەم لێکراوەکانی ئێران.
- چۆنیەتیی باشترکردنی پێوەندیی کۆنگرە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی دێموکراتیکی کۆماری ئیسلامی و هەروەها چۆنیەتیی هێنانەئارای پرسی نەتەوەکانی ئێران لەنێو ئەم لایەنانەدا.
- چۆنیەتیی فۆرمووڵەکردن و گەیاندنی داواکانی کۆنگرە بە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێران و راکێشانی سەرنجی لایەن و رێکخراوەکانی دیکە بۆ لای داواکانی کۆنگرە.
- پرسی هەلومەرجی ئێستای نەتەوە ستەم لێکراوەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئاگایی خەڵك لەسەر ئەم پرسە.

## کۆبوونەوەکانی سکرتێری گشتیی PDKI لەگەڵ پارلەمانتارانی بریتانیا



رۆژی ٨ی رەشەمە، هەیئەتێکی PDKI، بە سەرپەرستیی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب لە چەند دیداری جیاوازدا لەگەڵ شەش ئەندام پارلەمان و لۆردی بریتانیا، لە حیزبەکانی کۆنسێرڤاتیف، حیزبی کار و حیزبی لیبراڵ دێموکرات کۆبوونەوەی پێك هێنا.

لەو کۆبوونەوانەدا سکرتێری گشتیی PDKI لەسەر هەلومەرجی سیاسیی ئێران، بەناو هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیم، کاریگەریی گەمارۆکانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و وڵاتانی رۆژئاوا لەسەر رێژیمی ئێران بۆ بەشدارانی کۆبوونەوەکان دوا.

بەڕێزیان لەو کۆبوونەوانەدا تیشکی خستە سەر پێداگریی رێژیم لەسەر سیاسەتەکانی، بەتایبەت پێداگریی لەسەر درێژەدان بە بەرنامەی ناوکیی خۆی. هەروەها بەڕێز "هیجری" لەسەر پێویستی گۆڕینی رێژیم و دامەزراندنی حکومەتێکی دێموکراتیکی فیدراڵ بە مەبەستی پێکهێنانی ئاسایش و هێمنی لە ناوچە و رزگاربوونی گەلانی ئێران لە دەست ئەو رێژیمە پێداگریی کرد و لە کۆتاییدا وڵامی پرسیارەکانی بەشدارانی ئەو کۆبوونەوانەی دایەوە.

## پەیامی دەفتەری سیاسیی PDKI بۆ ڕێوڕەسمی یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان لە هەولێر

"حەسەن شەرەفی" جێگری سکرتێری گشتیی PDKI لە رێوڕەسمی ٦٦مین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان کە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە شاری هەولێردا پێك هاتبوو، پەیامێکی پێشکەش کرد.

دەقی پەیامەکە بە شێوەی خوارەوەیە:

بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان

بەڕێز سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان

بەڕێزان، بەشدارانی رێوڕەسمی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان

بە سڵاو و رێزی تایبەت!

خۆشحاڵین کە لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعوود بارزانی بۆ بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی یادی ٦٦ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان ئەو بۆنە مێژووییە پێك هاتووە. ئەو هەڵوێستە نیشتمانییە لە هەستی نەتەوەیی بەرزی بەڕێزیان و بەڕێوەبەرانییەوە سەرچاوە دەگرێ کە جێگای رێزلێنانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەك دامەزرێنەری کۆماری کوردستان و درێژەدەری رێبازی پێشەوای نەمر قازی محەممەد، بەردەوام لە خەبات بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، وێڕای دەربڕینی ئەمەگناسی بەرانبەر بەم هەنگاوە، یادکردنەوە لە کۆمار بە ئەرکی هەموو کوردێك دەزانێ چوونکە کۆماری کوردستان دەسکەوتی مێژوویی بۆ هەموو رۆڵەکانی نەتەوەی کوردە.

کۆماری کوردستان گەلێك ئەزموون و دەسکەوتی هەبوون، یەکێك لەو ئەزموونانەی کۆماری کوردستان هاودڵی و بەشداریی کوردی پارچەکانی دیکەی کوردستان بەتایبەتی کوردەکانی عێراق و لە سەرووی هەموویانەوە بارزانییەکان بە سەرۆکایەتیی نەمر مەلا مستەفا بارزانییە کە نیشانی دا کۆمار هیوای هەمووان و ئامانجەکانی ئامانجی هەموانە، و کۆماریش ئەو نیشتمانپەروەرانەی وەك خانەخوێ و بەشدار لەو کیانە کوردییەدا سەیر کردووە و ئەوە ئەزموونێکە کە ئەمڕۆش دەبێ پێڕەوی لێی بکرێ و دەستکەوتی کورد لە هەر پارچەیەك بە دەسکەوتی هەموو کورد دابندرێ. ئەوەش کە ئەمڕۆ یادی ئەم کۆمارە لە پارچەیەکی رزگارکراوی کوردستان و لەژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا بەڕێزەوە دەکرێتەوە دەربڕی هەمان هەست و هەمان یەك ئامانجییە.

ئەو رێوڕەسمی یادکرنەوە لە کۆماری کوردستان لە کاتێکدا پێکهاتووە کە هەلومەرجی نێونەتەوەیی و ناوچەیی پتر لە جاران لە بەرژەوەندیی کورد دایە و ئاڵوگۆڕە خێراکان ئەوە دەخوازن کە کوردیش لە هەر دەرفەت و دەرەتانێك کەڵکی پێویست وەربگرێ و بە پشتگیریی کورد لە هەر پارچەیەك لە خەباتی کوردی پارچەکانی دیکە بتوانێ دەرەتانی بەرەوپێشچوونی زیاتر بڕەخسێنێ بەتایبەت کە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و دەسکەوتە دێموکراتیکەکانی سیمایەکی ئەمڕۆیی بە رای گشتیی نیشان داوە و دەریخستووە کە کورد وەك نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و ئوگرێ وێکهەڵکردن و پێکەوەژیانە و دەتوانێ فاکتۆرێك بێ لە پاراستنی بەها مرۆییەکان و سەقامگیریی ئاشتی و دێموکراسی، هیواداریین ئەم بۆنانە ببنە هەوێنی یەکیەتی و یەکریزیی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان و هەستی هاوخەباتییان بەهێزتر و بەرینتر بکاتەوە.

جارێکی دیکە سوپاس و پێزانینمان بۆ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان

بەرز و پیرۆز بێ یادی کۆماری کوردستان و خەبات بۆ وەدیهێنانەوەی ئامانجەکانی کۆمار بەردەوام و سەرکەوتوو بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

دەفتەری سیاسی

٣٠ی رێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی

١٩ی فێوریەی ٢٠١٢ی زایینی

## هەیئەتێکی کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران سەردانی PDKIی کرد

هەیئەتێکی کۆمەڵە، رێکخراوی کوردستانیی حیزبی کومونیستی ئێران، بە سەرپەرستیی بەڕێز «سەید ئیبراهیم عەلیزادە» سکرتێری گشتیی ئەو رێکخراوە، رێکەوتی ٣ی رەشەمە، سەردانی دەفتەری سیاسیی PDKIی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز «حەسەن شەرەفی» جێگری سکرتێری گشتیی PDKI بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

لە دانیشتنی نێوان هەر دوو لادا باسێکی گشتی لەسەر هەلومەرجی ئێستای جیهان، رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، رووداوەکانی ئەمڕۆی ئێران و بەتایبەت بەناو هەڵبژاردنی خولی نۆیەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی رێژیمی ئێران هاتە گۆڕێ.

لە بەشێکی دیکەی باسەکاندا ئاماژە بە بارودۆخی نالەباری ئابووریی، بەتایبەت گەمارۆ ئابوورییەکان و کاریگەرییان لەسەر ئێران، پرسی بێکاری، کاریگەریی گرانی لەسەر ژیانی خەڵك و هەروەها بارودۆخی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و کێشەی ناوکیی ئێران کرا.

لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی نوێنەرانی مەجلیسیش هەر دوو لایەن لەسەر تەحریمکردنی ئەو هەڵبژاردنە پێداگرییان کردەوە کە دەبێ کاری زێدەتری بۆ بکەن بۆ ئەوەی خەڵکی کوردستان پتر گرینگیی تەحریمەکە هەست پێ بکەن.

لە کۆتاییدا هەر دوو لا لەسەر گرینگی و بەردەوامیی پێوەندییەکانیان پێداگرییان کردەوە و گۆڕینەوەی بیروڕایان بە پێویست زانی.

## هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان سەردانی دەفتەری سیاسیی PDKIی کرد

رێکەوتی ٦ی رەشەمە، هەیئەتێکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بە سەرپەرستیی بەڕێز «عومەر ئیلخانیزادە» سکرتێری گشتی، سەردانی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کرد و لەلایەن هەیئەتێکی حیزب بە سەرپەرستیی بەڕێز «حەسەن شەرەفی»جێگری سکرتێری گشتیی PDKI بە گەرمی پێشوازی لێکرا.

دوو هەیئەت لە دانیشتنێکی دۆستانەی ٥ کاتژمێریدا لەسەر کۆمەڵێك باس و بابەتی پێوەندیدار بە وەزعی ناوچە و ئێران و کوردستانی ئێران، ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

دوو لایەن بە گشتی، واقعییەتە پێوەندیدارەکانی هەر بابەتێکیان بە وردی تاوتوێ کرد و خۆشحاڵیی خۆیان لە نزیکبوونی بۆچوونەکانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا دەربڕی.

هەروەها هەر دوولا لە یەك هەڵوێستیی هێزە سیاسییەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێران و کوردستان لەهەمبەر شانۆی هەڵبژاردنەکانی نۆیەمین خولی مەجلیسی شووڕای ئیسلامیی رێژیمی ئێران خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی و چاوەڕوان دەکەن کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین بەرانبەر بەو شانۆسازییە هەڵوێست بگرن و لە بەشداری و ئامادەبوون بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان خۆ ببوێرن.

**بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئـێران**

## سپاسنامەی هاوبەش

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بایکۆتی نۆیەمین خولی شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیمی ئێران لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە سپاسنامەیەکی هاوبەشیان دەرکرد کە دەقەکەی بە شێوەی خوارەوەیە:

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کوردستان!

کاتێك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکی هاوبەشدا هەڵبژاردنی نۆیەمین خولی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیمی ئێرانیان بایکۆت کرد و داوایان لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد کە لەو شانۆسازییەدا بەشداری نەکەن، پشت ئەستوور بوون بە بەدەنگەوەهاتنی خەڵکی فیداکار و لەخۆبردوو، ئازادیخواز و چاونەترسی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە سەرجەم شار و ئاواییەکانی کوردستان و چاوەڕانی بە کردەوە نیشاندانی ئەم دڵنیاییە بوون کە لە رۆژی خۆیدا ئەو "نا"یە بە رێژیم بڵێن و ئەو وڵامە ئەرێنییە بە بانگەوازەکە بدەنەوە.

رۆژی هەینی رێکەوتی ١٢ی رەشەمەی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی واتە رۆژی بەڕێوەچوونی شانۆسازییەکە، سەرەڕای هەموو پیلان و هەڕەشە و هاندانی رێژیم و دەست و پێوەندەکانی، ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە شێوەیەکی بەرین و لە رادەیەکی گەلێك بەرچاودا بە خۆبواردن لە بەشداری لە شانۆسازییەکەدا بە کردەوە ئەم چاوەڕوانییەتان وەدی هێناو درووستی ئەو دڵنیابوونەتان سەلماند. هەروەها نیشانتان دا کە رێژیم لە لایەن خەڵکەوە وەك هەمیشە بێزراوە و بە پێشێلکەری ماف و ئازادییەکانی خۆتانی دەزانن و لە بەرانبەردا تێکۆشەرانی کورد و حیزب و رێکخراوەکان چەندە لە لای ئێوە بەقەدەر و خۆشەویستن. ئەو هەڵوێستەی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران کە سندووقی بەتاڵیان بە کۆڵی بەکرێگیراوانی رێژیمدا دایەوە، بە بێ ئەملا و ئەولا کەوتووەتە بەرچاوی بیروڕای گشتی و تەنانەت ئەگەر کاربەدەستانی رێژیمیش بەو فڕوفێڵانەی کە لێی شارەزان هەر ئاکامێك لەو شانۆگەرییە رابگەیەنن، تێدەگەن راستییەکە چۆن و پێگەیان لە کوردستان هەتا چ رادەیەکە.

رۆژی هەینی، ١٢ی رەشەمە، رۆژی سەرکەوتنی ئیرادەی پۆڵایینی خەڵکی کوردستان و رۆژی دابەزینی ورەی رێژیم و بەکرێگیراوانی لە کوردستان بوو. بۆیە ئەو سەرکەوتنە بە خەڵکی کوردستان و هەموو ئەو کەسانەی کە خوڵقێنەری بوون پیرۆزبایی دەڵێین، دەستخۆشییان لێ دەکەین و بە رێزەوە سەیری یەکدەنگی، یەکڕیزی و هاوهەڵوێستییان دەکەین.

هەروەها جێی خۆیەتی کە ئاماژە بە هەڵوێستی نەتەوەکانی دیکەی ئێران و ئازادیخوازانی وڵات بکەین کە بە شێوەیەکی هاوچەشنی کوردستان بە کردەوە "نا"یان بە رێژیم گوت و هەوڵەکانی رێژیمیان بۆ راکێشکردنی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان ناکام هێشتەوە.

لە هەمان کاتدا وەك کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سوپاس و رێز، ئەمەگناسی و پێزانینمان پێشکەش بە هەموو ئەو رۆڵە چاونەترس و کۆڵنەدەرانە دەکەین کە بە هەڵوێستی نەتەوەیی و لێبڕاوانەیان بە پێشوازیی بانگەوازەکەمانەوە هاتن و رۆژێکی پڕ سەروەریی دیکەیان خستە سەر لاپەڕەکانی مێژووی خەباتی رەوا و کۆڵنەدانی نەتەوەکەمان. بۆیە بە حەق شانازییان پێوە دەکەین و دەستی یەك یەکیان دەگوشین. دڵنیاین کە بەردەوامی لە خەبات و سووربوون لەسەر مافە رەواکانمان سەرکەوتنی زیاتر و گەیشتن بەمافە رەواکانمان مسۆگەر دەکا.

جارێکی دیکە سوپاس بۆ ئێوە خەڵکی خەباتگێڕ و خۆڕاگری کوردستان

سەرکەوتن بۆ خەباتە رەواکەمان

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

حیزبی دێموکراتی کوردستان ئێران

١٣ی رەشەمەی ١٣٩٠ی هەتاوی

٣ی مارسی ٢٠١٢ی زایینی

## چالاکیی ئەندامان و لایەنگرانی PDKI لە کوردستان بە بۆنەی بایکۆتی هەڵبژاردنی مەجلیس

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستانی ئێران بەرەو پیری بانگەوازی بایکۆتی شانۆی هەڵبژاردنی مەجلیسی رێژیمەوە هاتن و لەو پێوەندییەدا چالاکیی بەرینیان بەڕێوە بردووە. لەو چالاکییانەدا کە لە زۆربەی شار و ناوچەکانی کوردستاندا بەڕێوە چوون، تراکت و بەیاننامەی حیزب، راگەیەندراوی کۆمیسیۆنی تەشکیلات، فایلی دەنگی و.. بڵاو کراونەتەوە.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتی نوێنەرایەتیی PDKI لە بریتانیا لەگەڵ چەند ئەندامی پارلمانی ئیسکاتلەند

هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی PDKI لە بریتانیا، بە سەرپەرستیی بەڕێز «لوقمان ئەحمەدی» نوێنەری حیزب لە بریتانیا، رێکەوتی ٢ی رەشەمە، دیدارێکی لەگەڵ بەڕێزان «جەیمی ماك گرێگۆر» سەر بە حیزبی پارێزکار و ئەندامی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پارلمانی ئیسکاتلەند و «نیل بیبی» سەر بە حیزبی کرێکار و وەزیری سێبەری لاوان لە پارلمانی ئیسکاتلەند ئەنجام دا.

لەو دیدارەدا سەبارەت بە ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی ئیسکاتلەند و شێوازی سیستەمی ئەو حکوومەتە و کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی ئەو هەرێمە لە حکوومەتی داهاتووی ئێراندا ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.

هەروەها لەم دیدارەدا چەند خاڵی پێوەندیدار بە ئێران، کوردستان و هەرێمی ئیسکاتلەند خرانە بەرباس و شاندی حیزب و سیاسەت و هەڵوێستەکانی PDKIی سەبارەت بە کۆمەڵێك پرسی پێوەندیدار بە کوردستان و ئێران روون کردەوە.

## بەڕێوەچوونی رێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠١ی سەرەتایی پێشمەرگە

رێوڕەسمی کۆتایی دەورەی ٢٠١ی سەرەتایی پێشمەرگە، رێکەوتی ٣٠ی رێبەندان، بە بەشداریی بەڕێزان «چەکۆ رەحیمی» و «عومەر غوڵامعەلی» ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فێرگەی سیاسی ـ نیزامی بەڕێوە چوو.

رێوڕەسمەکە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی «ئەی رەقیب» دەستی پێکرد. بەشی یەکەمی رێوڕەسمەکە رێژەی نیزامی و شەڕی سەرنێزە بوو کە لەلایەن بەشدارانی دەورەوکەوە بەڕێوە چوو.

لە بەشی دووهەمی رێوڕەسمەکەدا بەڕێز «عومەر غوڵامعەلی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی ٢ی کوردستان، وتەیەکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد.

راپۆرتی ئامووزشی دەورەی ٢٠١ی سەرەتایی پێشمەرگە لە لایەن «بەهمەن کەریمی» یەکێك لە مامۆستاکانی فێرگەوە پێشکەش کرا.

پەیامی بەشدارانی دەورەکە لەلایەن «لەیلا شەکەری»یەوە، خوێندرایەوە. لە بەشێکی دیکەی ئەم رێوڕەسمەدا سەرکەوتووانی دەورە خەڵات کران. لە نێوئاخنی بڕگەکانی رێوڕەسمەکەدا چەندین گۆرانی لە لایەن بەشدارانی دەورە و هونەرمەندانی پێشمەرگەوە پێشکەش کرا.

## سپاس و پێزانینی کومیسیۆنی تەشکیلاتیPDKI

خەڵکی وشیار و مافویستی کوردستان،

ئەندامان و لایەنگرانی بەئەمەگی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران،

رۆژی ١٢ی رەشەمە، کۆماری ئیسلامی، بەزمی شانۆگەریی هەڵبژاردنی مەجلیسی لە سەرتاسەری ئێران بەڕێوە برد و لە کوردستانیش هەروەك هەموو ئاگادارن، ئەو شانۆگەرییەی گێڕا و لە بەرچاوی هەموو جیهان و بە ئاگاداریی هەموو خەڵك و هەموو رای گشتیی کوردستانی ئێران، ئەوپەڕی ریسوابوون و بێ بنەما و پێگەبوونی ئەو رژێمە دەرکەوت و لە سەرتاسەری ئێران و بەتایبەت لە کوردستاندا رێژەیەکی زۆر کەم بەشدارییان لەو شانۆگەرییەدا کرد و لەو گۆڕەپانەدا رووڕەشی بۆ رژێم و دەست و پێوەندە بەکرێگیراوەکانی مایەوە و بە بەرچاوی هەمووانەوە هەموو پیلانەکانی رژێمی ویلایەتی فەقیهی بوو بە بڵقی سەر ئاو.

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان،

بێ گومان، مانەوەی خەڵکی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانی و خەڵکی هەموو شارو گوندەکان لە ماڵەکانی خۆیان و نەچوونە سەر سندووقی شانۆی کۆماری ئیسلامی، بۆ جارێکی دیکە دەری خست کە خەڵکی کوردستان، نەتەوەی وشیار و ئازادیخواز و مافخوازی کورد، ئەم رژێمەیان لە تەواوەتی خۆیدا ناوێ و بە هیچ شێوازێك فریوی چەواشەکاری و پیلانگێڕییەکانی ناخۆن و مۆرە و دەست و پێوەندەکانی رژێم بە تەنیا دڵنەوە بۆ ئەوەی ریسواتر لە هەمیشە، لەنێو کۆمەڵگادا بە گۆپاڵ بەدەستی جەلادان ناودێر بکرێن.

رۆڵە تێکۆشەرەکانی دێموکرات،

ئەوەی کە خەڵکی کوردستان شانۆی هەڵبژاردنی کۆماری ئیسلامییان بە رادەیەکی بەرچاو بایکۆت کرد و سندووقی پیلان و فرت و فێڵی کۆماری ئیسلامییان بە بەتاڵی و بۆشی بۆ رێژیم و دەستوپێوەندەکان چۆڵ کرد، نیشاندەری یەکدەنگی و هاوهەڵوێستیی نەتەوەی کورد و خەڵکی کوردستان بوو و لەو نێوەدا دەبێ ئاماژە بە هاودەنگیی هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان بکەین کە لەو پێناوەدا هاوڕا و هاوتەریب چەواشەکاریی رژێمیان تەحریم کرد.

بەڵام دەبێ رێز لە هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچانی ئێوە، رۆڵەکانی دێموکرات، رێبوارانی رێگای قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی بگیردرێ کە بێگومان ئەرکناسی و ماندوونەناسیی ئێوە، زەحمەت و شەونخونی و کاری بوێرانە و ئازایانەتان، لە پێناوی ئاگادارکردنەوەی خەڵك لە سیاسەت و هەڵوێستی حیزبەکەتان، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی لە پووچەڵکردنەوەی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا هەبوو و بە هەموو کەستان سەلماند کە ئێوە رۆڵەکانی دێموکرات، بە دەستی بەتاڵ بەڵام بە ورە و ئیرادەی پۆڵایین و بە بیری کراوە و پێڕەوی لە رێبازی دێموکرات، بە سەر هێزی پۆشتە و پەرداخی کۆنەپەرستی و پیلانگێڕی کۆماری ئیسلامیدا سەردەکەون و بە دڵنیاییەوە، سەرکەوتن بە ئیمان و ئیرادە و هەوڵ و تێکۆشانی هەموو تێکۆشەرانی دێموکرات و رۆڵە ئازاکانی گەل بەدی دێ.

جارێکی دیکە پێویستە، سپاسو پێزانینی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە بکەین کە لەم ماوەدا بۆ گەیاندنی سیاسەتو هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە تەحریمی شانۆگەریی هەڵبژاردن بۆ نێو خەڵك تێکۆشاون و دەستی ماندوونەناسیان بگوشین.

پیرۆزبایی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بەتایبەت لە قوتابییانی قوتابخانەی دێموکرات دەکەین بۆ تۆمارکردنی ئەم سەرکەوتن و شانازییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کومیسیۆنی تەشکیلات

١٣ی رەشەمەی ١٣٩٠

## بەیاننامەی هاوبەشی PDKI و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی رۆژی جیهانیی زمانی دایکی

خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان

مامۆستایان، قوتابییان، خوێندکاران

ساڵی ١٩٩٩ی زایینی بەمەبەستی یارمەتیکردن بە جۆراوجۆریی زمانی و فەرهەنگی، رێکخراوەی یۆنسکۆ رۆژی ٢١ی فێوریە بەرانبەر بە ٢ی رەشەمەی هەر ساڵێکی وەك رۆژی جیهانیی زمانی دایکی دیاری کردووە و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ساڵی ٢٠٠٨ی زایینی وەك ساڵی جیهانی زمانەکان دیاری کرد.

زمانی دایکی وەك یەکێك لە پایەکانی شوناسی مرۆڤەکان بە ئەژمار دێت و دیاریکردنی رۆژێکی تایبەت بەو مەبەستە نیشانەی گرینگیدانە بە جۆراوجۆریی زمانی و شوێندانەریی ئەو جۆراوجۆرییە لەسەر پێشکەوتنی مرۆڤایەتی، مخابن لە وڵاتی فرە نەتەوەی ئێراندا نەك یارمەتی بەو جۆراوجۆریی زمانییە کە هۆیەکە بۆ گەشەکردنی زمانی و پێشکەوتنی کۆمەڵگا، نەکراوە و ناکرێ، بەڵکوو بە شێوەیەکی بەرنامەداڕێژراو هەوڵ بۆ نکوڵیکردنی زمانەکانی نەتەوەکانی پێکهێنەری ئەم وڵاتە دراوە و تێکۆشەرانی ئەم بوارە رۆژبەرۆژ بەرەوڕووی ئاستەنگ و گیر و گرفتی جۆراوجۆر و تەنانەت زیندانی درێژماوە بوونەتەوە.

چوارچێوەی ئەم سیاسەتە لەسەر بنەمای یەك زمان یەك نەتەوە و یەك فەرهەنگ و یەك هویەت دانراوە و بە کردەوە زمان و فەرهەنگ و هویەتی میللەتانی غەیرە فارس سووکایەتی پێ کراوە و دەکرێ و رێژیمی زاڵ بەسەر وڵاتدا بۆ بەرەوپێشبردنی ئەم سیاسەتە لە هیچ چەشنە پیلانێکی دژی ئینسانی خۆی نەبواردووە و نابوێری. بەڵام بە خۆشییەوە هەموو ئەو گوشار و بەربەست و سەرکوتکردنانەش نەیتوانیوە رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە هەوڵدان بۆ فێربوونی زمانی دایکی دڵسارد بکاتەوە، بە پێچەوانەوە رۆژ بە رۆژ رۆڵە وشیار و دەروەستەکانی نەتەوەکەمان بۆ دەوڵەمەندکردن و زیندووراگرتنی زمانی دایکیی خۆیان تێکۆشاون.

هاووڵاتییانی خۆشەویست

هەروەك دەزانن ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوە و هەر بەو پێیە فرەزمانە، بەڵام بێجگە لە زمانی فارسی کە بە رەسمی ناسراوە و لە ئاستی سەرانسەریدا دەخوێندرێ، زمانی هیچکام لە نەتەوەکانی دیکەی ئێران نە بە رەسمی ناسراوە و نە رێگای خوێندن بەو زمانە دەدرێ ئەمە لە کاتێك دایە کە جۆراوجۆریی زمانی بە یەکێك لە سامانەکانی هەر وڵاتێك بە ئەژمار دێت.

بۆ زیندووراگرتنی زمانی دایکیمان کە پایەی شوناس و هویەتی نەتەوەکەمانە و هۆیەکی بەهێز لە پێشگیریکردن لە تواندنەوەمانە هەوڵ بدەین لە هەر رێگایەکەوە کە بۆمان دەکرێ رۆڵەکانی نەتەوەکەمان لە گرینگیی فێربوونی زمانی دایکی ئاگادار بکەینەوە و لە بواری جۆراوجۆردا کار لەسەر گەشەکردن و دەوڵەمەندکردنی بکەین.

هیوادارین رۆژی جیهانیی زمانی دایکی ببێتە رۆژی رێزگرتنی نەتەوەکانی جیهان لە یەکتر و بنەما فەرهەنگییەکانی نەتەوەکەمان کە زمان کۆڵەکەی ئەساسییەتی، دەوڵەمەندتر بکرێن.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران

رێکەوتی ٢٩ی رێبەندانی ١٣٩٠ی هەتاوی ( ٢٠١٢/٢/١٨ی زایینی )

## هەیئەتێکی PDKI لە بریتانیا سەردانی دوو پارلمانتاری هەرێمی ئیسکاتلەندیان کرد

رێکەوتی ٣ی رەشەمە، هەیئەتێکی PDKI بە سەرپەرستیی بەڕێز "لوقمان ئەحمەدی" نوێنەری حیزب لە بریتانیا لە "ئێد ئین برۆ" پێتەختی ئیسکاتلەند، لەگەڵ بەڕێزان "کریستینا ماك کلەڤی"، بەرپرسی کۆمیتەی کاروباری دەرەوەی پارلمانی سکاتلەند، سەر بە حیزبی نەتەوەی سکاتلەند و "هانزالا مالیك"، بەرپرسی گرووپی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئاسیا لە پارلمانی سکاتلەند، سەربە حیزبی کرێکاری ئەو وڵاتە، کۆبووەوە و سەبارەت بە کۆمەڵێك پرسی سیاسی ئاڵوگۆڕی بیروڕایان کرد.

لەو دیدارەدا ئەو باسانە خرانە بەر باس:

- هەلومەرجی کوردستان و ئێران لە بواری سیاسی، بارودۆخی مافی مرۆڤ و سیستەمی دەسەڵاتداریەتیی رێژیمی ئیسلامیی ئێران
- هەڵوێستی حیزبی دێموکرات لەهەمبەر هەڵبژاردنەکانی مەجلیسی شوورای ئیسلامیی رێژیمی ئێران
- هەڵوێستی ئوپۆزسیۆن و ئەگەری هاتنەئارای هەلی ئاڵوگۆڕ لە ئێران
- بەرنامەی ناوکیی ئێران
- پێوەندیی نێوان ئەندامانی پارلمانی سکاتلەند و PDKI
- ئەزموونی حکوومەتی هەرێمی سکاتلەند لە بریتانیا

## ستادی تەبلیغاتیی بەربژارێک لە ناوچەی شنۆ سووتێنرا

ستادی تەبلیغاتیی عەبدولکەریم حوسێنزادە لە گوندی "نەڵیوان"ی ناوچەی شنۆ، ئاگری تێبەردرا و بەو هۆیەوە هێزەکانی سوپا و ئیتلاعاتی رێژیم دەوروبەری ئەو گوندەیان تەنی.

هەروەها بەربژاری شاری نەغەدە و شنۆ بۆ تەبلیغاتی شانۆی هەڵبژاردن چووەتە گوندی "جاشێران"ی سەر بە ناوچەی شنۆ و ویستوویەتی لە مزگەوتی ئەو گوندە بۆ تەبلیغاتی خۆی کەڵك وەربگرێ، بەڵام لەگەڵ هەڵوێستی توندی خەڵك بەرەوەڕوو بۆتەوە و خەڵك پێشیان لە چوونە ژوورەوەی ئەو بەربژارە بۆ مزگەوت گرتووە و ناچاریان کردووە گوندەکە بەجێ بهێڵێ.

## خۆ بواردنی بازاڕییانی بۆکان لە بەکرێدانی دووکانەکانیان بە کاندیداکانی هەڵبژاردن

دووکاندار و بازاڕییەکانی گەڕەکی میراوا، شەقامەکانی ئینقلاب و سەقز، بلواری کوردستان و میاندواوی بۆکان لە هەڵوێستیکدا لە بەکرێدانی دووکانەکانیان بە سێ کاندیاتۆری هەڵبژاردنی مەجلیسی رێژیم خۆیان بواردووە.

شایانی باسە ئەو سێ کاندیداتۆرەی مەجلیسی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ رازیکردنی دووکاندارەکان پارەیەکی زۆریان پێیان پێشنیار کردووە، بەڵام دیسان دووکاندارەکان ئامادەی ئەو کارە نەبوون.

## بەندکراوێکی سیاسیی کورد بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا

هەواڵدەریی موکریان رایگەیاند، رێکەوتی ٣٠ی رێبەندان، "سەعید سەنگەر"، بەندکراوی سیاسی لە بەندیخانەی ناوەندیی سنە لە لایەن لێپرسراوانی بەندیخانەوە بانگ کرا و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزرا.

بە وتەی هاوبەندییەکانی سەعید، شیمانەی ئەوە دەکرێ کە ئەو ناوبراو بۆ ناوەندێکی ئەمنییەت راگوێزرابێ.

"سەعید سەنگەر" بە تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ رێکخراوێکی دژبەری رێژیم بە ئێعدام مەحکووم کرا، بەڵام دواتر لە دادگای پێداچوونەوەدا حوکمەکەی بۆ زیندانی هەتاهەتایی گۆڕدرا.

# کاردانەوەی چاوترسێنکردنی خەڵک لە بەرەبەری هەڵبژاردندا



■ ناهید حسەینی

یەکێك لەو سیاسەتانەی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ کپکردنەوەی دەنگی نارازییەکان لە بەرەبەری هەڵبژاردنەکاندا بەردەوام بەرێوەی بردووە، دەستبەسەرکردنی بەکۆمەڵی خەڵکی ئاسایی، چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان و بە تایبەتی رۆژنامەنووسان بووە و ئەو کارەش بە مەبەستی چاوترسێنکردن و خوڵقاندنی دۆخی ترس لە کۆمەڵگادا و راکێشانی زۆرەملێی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان دەکات. هاوکات لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەم و کۆدەنگیی هێزە دژبەرەکانی ئەو رێژیمە بۆ تەحریمی چالاکانەی هەڵبژاردن لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، شەپۆلێکی بەرینی دەستبەسەرکردن و سەپاندنی سزای قورس بۆ گیراوان لە نێوخۆی ئێران بە گشتی و لە کوردستان بە تایبەتی دەستی پێکردۆتەوە و ئەوەش نارەزایەتییەکی بەرینی لە ئاستی جیهانیدا لێ کەوتووەتەوە.
رێکخراوی بەرگری لە مافی مرۆڤی کوردستان رایگەیاند کە لە رۆژانی بەرەبەری هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی مەجلیسی شوورای ئیسلامی، شەپۆلێکی نوێ لە دەستبەسەرکردنی خەڵك بە تایبەت لە شاری مەهاباد و گوندەکانی دەوروبەری دەستی پێکردووە و لەو پەیوەندییەدا نیگەرانی دەربڕیوە و داوای لە دامودەزگا ئەمنییەتی و دادوەرییەکان کردووە بە پێی بەڵێننامە نێونەتەوەییەکان کە خۆیشیان واژۆیان کردووە لە بواری مافە مەدەنی و سیاسییەکاندا هەڵسوکەوت بکەن. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ئەو ریکخراوە لە ساڵی ٢٠٠٤ەوە سەرەڕای خراپبوونی باری تەندرووستی لە زینداندایە و لە کەمترین ئیمکاناتی پزیشکی بێبەری کراوە.
کۆمیتەی بەرگری لە رۆژنامەنووسان لە راپۆرتی ساڵی ٢٠١١ی خۆیدا ئێرانی بە «خراپترین وڵات لە بواری زیندانیکردنی رۆژنامەنووسەکاندا» ناوزەد کردووە و لە راپۆرتی ئەمساڵی خۆیدا باس لە سەرکوتی بەربڵاوی خەڵکی نارازی و دەستبەسەرکردنە بەکۆمەڵەکان و هەروەها پێشگرتن لە بڵاوکردنەوەی بۆچوونە رەخنەگرانەکان بەرامبەر بە دەسەڵات دەکات.
فێدراسیۆنی نێونەتەوەیی رۆژنامەنووسان (IFG) وێڕای دەربڕینی نارەزایەتی لە شەپۆلە نوێکانی دەستبەسەرکردنی رۆژنامەنووسان لە ئێران، دۆخی ئازادیی چاپەمەنییەکان لەو وڵاتەدا بە «تاقەتپڕووکێن» و دۆخی رۆژنامەنووسان بە «خراپترین دۆخ» وەسف دەکات. جیم بوومێلیا، بەرپرسی ئەو رێکخراوە لە راگەیەندراوێك لەو پەیوەندییەدا دەڵێت: «دەستبەسەرکردنەکانی ئەم دواییانە دەیسەلمێنن کە کارەساتی دۆخی رۆژنامەنووسان لە ئێران بێکۆتاییە و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی دەبێت لە دژی هێرشی بێبەزەییانە بۆ سەر چاپەمەنییە سەربەخۆکان دەنگ هەڵبڕێ.»
کاترین ئەشتۆن، بەرپرسی سیاسەتی دەرەوەی یەکیەتی ئورووپا لەو پەیوەندییەدا نیگەرانیی قووڵی خۆی دەربڕیوە و جەختی کردۆتەوە کە: «رەنج و ئازاری رۆژنامەنووسان و بلاگنووسەکان بەردەوام پەرە دەستێنێت و من گەلێك نیگەرانی ئەو دۆخەم. ئازادیی دەربڕین یەکێك لە مافە بنەڕەتییەکانی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤە کە ئێران ئازادانە واژۆی کردووە و بەڵێنی داوە رێز لەو مافە بگرێت و رەچاوی بکات.».
هەروەها رێکخراوی لێبووردنی نێونەتەوەییش لە راگەیەندراوێکدا نیگەرانیی خۆی لە شەپۆلی نوێی دەستبەسەرکردنەکان لە ئێران دەربڕیوە و هۆکاری ئەو کردەوەی رێژیمی بۆ بەرتەسککردنەوەی ئازادیی رادەربڕین لە بەرەبەری هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەمدا گەڕاندۆتەوە.
ئامریکا، بریتانیا و فەڕانسەش لە دژی ئەو دەستبەسەرکردنانە هەڵوێستیان گرتووە و وێڕای مەحکوومکردنی داوایان لە رێژیمی ئێران کردووە پێداچوونەوە بە حوکمە دژواز بە مافە مرۆییەکانیدا بکاتەوە. ویکتۆریا نۆلەند، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا دەڵێت: «ئێمە بە قووڵی نیگەرانی هەوڵە پەرەسەندووەکانی ئێران بە مەبەستی کپکردنەوەی هەموو جۆرەکانی ئازادیی رادەربڕین و داخستنی رێگاکانی دەستپێڕاگەیشتنی شارۆمەندان بە زانیارییەکان لە بەرەبەری هەڵبژاردنی مەجلیسی نۆهەم لە مانگی رەشەمەداین.»
بە پێی پێناسەیەکی گشتی بۆ زیندانیی سیاسی دەتوانین بڵێین لە وڵاتە یاسامەندەکاندا زیندانیی سیاسی ئەو کەسەیە کە سنوورە یاساییە دیاریکراوەکانی لە بواری ئازادییە سیاسییەکاندا بەزاندووە، هەر بۆیەش بە پێی یاساکانی پەیوەندیدار بەو سنووربەزاندنە سزای دیاریکراوی بەسەردا دەسەپێت. بەڵام ئەوەی کە جێگەی باسە ئەوەیە کە سنووری ئازادییە سیاسییەکان و یاساکانی پەیوەندیدار بە پاراستنی ئەو سنوورانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە بە پێی سیستمی دەسەڵاتداریی ئەو وڵاتانە و رادەی پابەندبوونیان بە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ جیاوازە. شێوازی رووبەڕووبوون لەگەڵ زیندانییە سیاسییەکانیش بە هەمان شێوە جیاوازی زۆر بە خۆیەوە دەبینێت. بە پێی یاسا، تاوانکاریی سیاسی لە تاوانکاریی کۆمەڵایەتی جیا دەکرێتەوە و زیندانیی سیاسی کۆمەڵێك مافی دیاریکراوی یاسایی هەیە کە دەبێت بە پێی ئەو مافانە هەڵسوکەوتی لەگەڵ بکرێت. تەنانەت لە یاسای بنەڕەتی وڵاتێکی دیکتاتۆرلێدراوی وەك ئێرانیشدا کۆمەڵێك مافی سەرەتایی بۆ زیندانییانی سیاسی رەچاو کراوە، بەڵام بەکردەوە هەرگیز جێبەجێ نەکراون، وەك چۆن کۆمەڵێك مافی سیاسی سەرەتاییش لە یاسای بنەڕەتی ئەو رێژیمەدا بۆ شارۆمەندان بە رەوا زانراوە، بەڵام بە کردەوە پێشێل دەکرێن.
زیندانییانی سیاسی لە زیندانەکانی رێژیمی ئێراندا بە درندانەترین شێوە ئەشکەنجەی رۆحی و جەستەیی دەکرێن و ناچار دەکرێن دان بە تاوانی نەکردوودا بنێن، بە هەزاران زیندانی بە هۆی بارودۆخی نالەباری نێو زیندانەکان باری تەندرووستییان تێك چووە و لە ئیمکاناتی پزیشکی بێبەرین و تێکەڵ بەو زیندانییانە دەکرێن کە تاوانی کۆمەڵایەتی قورس وەك قەتڵ و کڕین و فرۆشتنی مادە سڕکەرەکانیان ئەنجام داوە، سووکایەتی بە باوەڕە سیاسی و ئایینییەکانیان دەکرێت و مافی کەڵکوەرگرتن لە پارێزەریان نیە و لە پشت درگا داخراوەکاندا لە ماوەی چەند کاتژمێردا بەناو دادگایی دەکرێن، لە زیندانی پارێزگا یان شارەکانی خۆیانەوە بۆ شارە دوورەکان رادەگوێزرێن و بەو پێیەش کە هەژارییەکی گشتگیر داوێنی کۆمەڵگای ئێرانی گرتووە، بنەماڵەی ئەو زیندانییانەش بۆ سەردانی گیراوەکانیان تووشی کێشەی ئابووری دەبن و بەم چەشنە زیندانییەکان لە بینینی جاروبارەی بنەماڵەکانیشیان بێبەش دەبن و تووشی ئازاری دووقات دەبن.
وڵاتی ئێران وەکوو «زیندانێکی گەورە بۆ شارۆمەندانی خۆی» و «گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانی جیهان» و هەروەها «سەرکوتکەری ئینتێرنێتی» ناوبانگی دەرکردووە. لە راپۆرتە ساڵانەکاندا لە باری رێژەی زیندانییانی سیاسییەوە بەردەوام لە ریزی یەکەمین و دووهەمین وڵاتەکاندا جێی گرتووە.

---

# ئۆختاپووسی تیرۆر جووڵایەوە

■ سەلام ئیسماعیلپوور

ئاشکرابوونی پیلانەکانی تۆڕە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی تایلەند، هێند، گورجستان و ئازەربایجان دژ بە ناوەندە دیپلۆماتیکەکان و بەرژەوەندییەکانی ئیسراییل لەو وڵاتانەدا، دەنگدانەوەیەکی بەربڵاوی لە ئاستی نێونەتەوەییدا لێ کەوتەوە.
لە نێوخۆی رێژیمیشدا سەرەڕای هەڵوێستی دەزگای سیاسەتی دەرەوە لەمەڕ رەتکردنەوەی پێوەندیی رێژیم لەگەڵ ئەم رووداوانەدا، بەرێوەبەرانی دەزگای تیرۆر بە راشکاوی پشتیوانی و پێداگریی خۆیان لەسەر کردەوەگەلی لەو جۆرە راگەیاند و تەنانەت بە هەنگاوێك لە راستای گۆڕینی ئیستراتژیکی سیاسەت و هەڵوێستەکان و بەشێك لە باشقەی زاڵ بە سەر هەڵسوکەوتەکانی رێژیم لە بەرانبەر هەڕەشە و گوشارە بەربڵاوە نێونەتەوەییەکاندا لە قەڵەمیان دا.
خامنەیی، رێبەری رێژیم لە گوتاری نوێژی هەینیی ١٤ی رێبەنداندا بە راگەیاندنی ئەوەی کە هەڕەشە بە هەڕەشە وەڵام دەداتەوە و دەربڕینی ئەو وتەیەی کە «ئێمەش هەڕەشەی تایبەت بە خۆمان هەیە کە لە کاتی خۆیدا دەیخەینە روو» و هەروەها پێداگری لەسەر ئەو خاڵەی کە «ئێمە پشتیوانی لە هەموو ئەو وڵات و گرووپانە دەکەین کە لەگەڵ ئیسراییل بەربەرەکانێ دەکەن و لە دەربڕینی ئەو بابەتەش هیچ ترسێکمان نیە»، شانۆیەکی نوێی لە جەنجاڵە میدیاییەکانی رێژیم خستەڕێ کە مەهدی تائێب، فەرماندەی قەرارگای عەممار وەکوو گۆڕینی ئیستراتژی لە بەرانبەر هەڕەشە دەرەکییەکان و دەستپێشخەری لە هەڵگیرساندنی شەڕدا ناوی لێ دەبات.
هەڵبەت تیرۆریزمی نێونەتەوەیی رێژیم، بە پێچەوانەی بانگەشەکانی ئەم کەسانە، نەك ئیستراتژییەکی نوێ، بەڵکوو تاکتیکێکی نوێ لە هەلومەرجی قەیراناویی ئێستادایە، چوونکە تیرۆریزم هەر لە سەرەتای دامەزرانی کۆماری ئیسلامییەوە بوو بە ئیستراتژیی نەگۆڕ لە سیاسەتی دەرەوەی رێژیمدا و لە قۆناغە جۆراوجۆرەکاندا و بەپێی هەلومەرج، ناوی ئەم ئیستراتژییە گۆڕانی بە سەردا هاتووە و لە دەستەواژەگەلی وەکوو هەناردەکردنی شۆڕش، پشتیوانی لە بزووتنەوە رزگاریخوازەکان، هێرشی پشتگیرانە و ئێستاش دەسپێشخەری لە شەڕدا بۆ ناودێرکردنی ئەم ئیستراتژییە کەڵکیان وەرگرتووە. سەرەڕای تیرۆرە نێوخۆییەکان و تیرۆری جیابیران و چالاکانی سیاسی لە دەرەوەی وڵات کە جینایەتە تیرۆریستییەکانی ڤیەن و برلین دژ بە رێبەرانی هەڵکەوتووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش بەشێك لەو پرۆژەیە بوو، کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا راستەوخۆ یان بە هۆی داردەستەکانی خۆیەوە دەستی داوەتە خوڵقاندنی کارەساتگەلی تیرۆریستی دژ بە هاووڵاتیان و کاربەدەستانی وڵاتانی دیکەش.
تەقینەوە لە بنکەی هێزی مارێنزی ئامریکا لە لوبنان و عەرەبستان، تیرۆری «رەفیق حەریری»، سەرۆك وەزیرانی پێشووی لوبنان، هێرشە خوێناوییە تیرۆریستییەکان لە عێراق و ئەفغانستان، تەقینەوە لە بنکەی جوولەکەکانی ئارژانتین و پیلانی تیرۆری باڵیۆزی عەرەبستان لە ئەمریکا، تەنیا گۆشەیەك لەو راستییە دەخاتە روو کە هەناردەکردنی هێزی تیرۆری رێژیم بۆ دەرەوەی سنوورەکان، نە گۆڕانێکی ئیستراتژیك، بەڵکوو هێمایەك بۆ پابەندبوونی رێژیم بەم ئیستراتژییە کۆن و دژە مرۆییەی خۆی بۆ بەرپەرچدانەوەی قەیرانە دەسکردەکانی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانە.
بەڵام ئەوەی کە سەرەتا دەبێ جەختی لەسەر بکرێتەوە، ئەو راستییەیە کە ئاشکراکردنی چالاکیی تۆڕی ئۆختاپووس ئاسای تیرۆریزمی نێونەتەوەیی رێژیم، نەك نیشاندەری دەسەڵات و شکۆی ئەو رێژیمە، بەڵکوو دژکردارێك لە رووی لاوازی و پاسیڤبوون و شکستهێنانی هەموو هەوڵە ئابووری، سیاسی، دیپلۆماتیك و «نرم افزاری»یەکانی رێژیم بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ئاستی نێونەتەوەییدایە.
رێژیمێکی سیاسیی تووتالیتر تەنیا کاتێك سیمای راستەقینە و لایەنی «سخت افزاریی» دەسەڵاتی نارەوای خۆی لە نێوخۆ و دەرەوەدا دەخاتە روو کە ناتوانێ لە رێگەی ئاشتیخوازانە و یاساییەوە ئامانجەکانی خۆی دەستەبەر بکات و نانەوەی ئاژاوە و شەڕ و جەنجاڵ بە تەنیا رێگای تۆقاندنی لایەنەکانی بەرانبەری خۆی و پێکهێنانی بازنەیەك لە پێشگری (بازدارندگی) بە دەوری خۆیدا دەبینێ.
کۆماری ئیسلامی، ئێستا کە ناتوانێ وەڵامی داخوازە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی ئێران بداتەوە و کەلێنی نێوان چاوەڕوانییەکان و رادەی وەڵامدانەوەی سیستم گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی و دارمانی بنەماکانی ئۆتۆریتە و رەوایی ساختەکارانەی خۆی بە ئاشکرا دەبینێ، بە سەرلێشێواوییەوە بە مەبەستی دەربازبوون لەم تەنگانەیە، دەست دەداتە خوڵقاندنی قەیرانگەلی جۆربەجۆر، ئاژاوەگێڕیی سەربازی و ئەتۆمی، پەرەپێدان بە کێبڕکێی چەکداری لە ناوچەدا، هەوڵدان بۆ تێکدانی بازاڕی نێونەتەوەیی وزە و تەناهی و سەقامگیریی وڵاتانی دیکە بە مەبەستی چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و پەرەپێدانی پەتای قەیرانی نێوخۆی بۆ وڵاتانی دەوروبەر.
ئەم سیاسەتە تەنانەت ئەگەر ناوی «دەسپێشخەری لە شەڕ»ی لێ نرا بێت، لە راستیدا پەرچەکرداری نائاوەزمەندانەی رێژیم لە دۆخی پاسیڤبووندایە کە کۆماری ئیسلامی بە رێڕەوێکدا دەبات کە کۆتایی ئەو رێڕەوە بۆ خودی رێژیمیش روون نیە. لە راستیدا دەکرێ بڵێین، بە پێچەوانەی شەڕە ئاساییەکان، ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە کردەوە و تیۆری ئەم شەڕەی دەست پێکردووە، بەڵام کۆتایی و ئاکامەکەی لە لایەن ئەم رێژیمەوە دیاری ناکرێت، هەر بۆیە رەنگە ئەمجارە شەڕەکە ئاکامێکی وەهای لێ بکەوێتەوە کە خواردنەوەی پیاڵەی ژەهریش چارەسەری دەردی رێژیم نەکات و کۆنترۆڵی دۆخەکە لە دەستی بەرێوەبەران و ئیستراتژیستەکانی رێژیم دەربچێت.
باوەڕبەخۆبوونی رواڵەتیی فەرماندە سەربازییەکانی رێژیم و رێبەرانی دەزگای تیرۆر و سەرکوت لە ئاژاوەگێڕییە سەربازی و تیرۆریستییەکانی ئەم دواییانەدا، لە راستیدا پشتبەستوو بە هێزی سەربازیی جێگەی متمانە و توانای پشتگیریی رێژیم لە هاوکێشە ئیستراتژیکە جیهانییەکاندا نیە، بەڵکوو لە وەهمی لاوازبوونی رۆژئاوا و کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە بەرانبەر پشتیوانیی رەهای چین و رووسیە لە بەرەی سەرکوتکەران و تیرۆریستە نێونەتەوەییەکاندا سەرچاوە دەگرێت کە لە پرسی ڤیتۆی بڕیارنامەکاندا دژ بە رێژیمی بەشار ئەسەد گەیشتە ئەوپەڕی خۆی.
سەرەڕای ژێستەکانی رێبەرانی رێژیم لەمەڕ سەربەخۆیی و ئۆتۆریتەی پتەو و پۆڵایین لە بەرانبەر زلهێزەکاندا، لە راستیدا ئەوە وەهمی پشتیوانیی رەها و هەمیشەیی هێزە نادێموکراتیکەکانی رۆژهەڵاتی نوێیە کە رۆژ لە دوای رۆژ رێبەرانی سەرەڕۆی وەك بەشار ئەسەد و پشتیوانە ناوچەییەکانی لە تاراندا بەرەو ئاژاوەگێڕی و زێدەڕۆیی هەرچی زیاتر لە دەرەوە و سەرکوتی چەند قات لە نێوخۆی سنوورەکانیاندا هان دەدات. بێئاگا لەوەی کە دەکرێت ئەم دۆخە لە ئانوساتێکدا بە راپەڕینی یەکپارچەی کۆمەڵانی وەزاڵەهاتووی خەڵك لە نێوخۆ و رێککەوتنی کەلانی ئێستراتژیك لە نێوان زلهێزەکاندا گۆڕانێکی قووڵی بە سەردا بێت و هەیمەنەی وەهماوی و خەیاڵیی دەسەڵاتی پۆتین و چەکمە فڕێ بداتە نێو کەلاوە لە بیرکراوەکانی مێژوو.



# شەپۆلی گرانی و مەترسیی پەرەگرتنی برسیەتی

■ ئا: کوردستان

شەپۆلێکی نوێ لە گرانی بازاڕەکانی ئێرانی گۆتۆتەوە و بەپێی ئەوەی کە لە سەرەتای هەر ساڵێکدا نرخی شمەکەکان زیاد دەبێ، چاوەڕوان دەکرێ کە لە سەرەتای ساڵی نوێی هەتاویدا ئاستی ئەم شوپۆلە لەوەش بەرزتر ببێتەوە.

**نەمانی هێندێ لە مادده پرۆتئینییەکان لەسەر سفرەی خەڵك**

گرانی لە بازاڕی خواردەمەنییەکاندا بەرچاوترە و نرخی هێندێ لە خواردەمەنییەکان تا ٥٠ لەسەد زیادی کردووە. رۆژنامەی شەرق هەواڵی لە «نەمانی هێندێ لە مادده پرۆتئینییەکان لەسەر سفرەی ئێرانییەکان» داوە و لەم پێوەندییەدا نووسیویەتی: نرخی گۆشتی سوور لەم رۆژانەدا گەیشتۆتە ئاسمان و نرخی کیلۆیەك گۆشتی بڕبڕەی پشتی مەڕ لە باکووری تاراندا تا ٤٠ هەزار تمەنیش بەرز بۆتەوە. گۆشتێك کە بڕیار بوو نرخەکەی لە خراپترین دۆخدا لە ژێر ١٥ هەزار تمەندا بێ، ئەمڕۆ بەدوای دەنگۆی کەمبووندا، رەوتی بەرزبوونەوەی خۆی دەست پێکردووە.

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی مێهریش: «لەم رۆژانەدا نرخی گۆشتی سوور بەرز بۆتەوە و تەنانەت لە هێندێ لە شوێنەکانیشدا کەمبوونی هەست پێدەکرێت. ئەمەش لە کاتێکدایە کە ماڵاتی زیندوو دەگمەن بووە.»

گرانی، بازاڕی بەرهەمەکانی شیریشی گرتۆتەوە. رەزا باکری، دەبیری ئەنجومەنی بەرهەمەکانی شیر لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی خوێندکارانی ئێران (ئیسنا)دا وتوویە «بەپێی پەسندکراوی ستادی رێکخستنی بازاڕ نرخی شیری خاو بە بەرزبوونەوەی ٢١ لەسەدی لە کیلۆیەك ٥٢٠ تمەن بۆ کیلۆیەك ٦٣٠ تمەن زیادی کردووە.»

هەروەها ماڵپەڕی تابناك لە راپۆرتێکدا گرانیی روولەزیادبوونی بە «خۆرەزەڕینەی بەرزبوونەوەی نرخەکان» شوبهاندووە و نووسیویە: تەنیا «خواردەمەنییەکان و خواردنەوەکان» لەخۆ ناگرێ، بەڵکوو لە «خانوو، ئاو، بەرق و سووتەمەنییەکانی دیکەوە» بگرە تا «جلوبورگ و کەوش»، «کەلەپەل و خزمەتگوزاریەکانی نێو ماڵ»، «تەندرووستی و دەرمان» و «هەڵگرتن و گواستنەوە»ش دەگرێتەوە.

شایانی باسە ئاو و بەنزین و گازیش لە فازی دووهەمی ئامانجدارکردنی یارانەکاندا گران دەبن و ئەو یارانەیەی کە بۆیان تەرخان کرابوو کەم دەکرێتەوە. مێهدی غەزەنفەری، وەزیری پیشەسازی، کانزا و بازرگانی رایگەیاندووە: نرخی بەنزین، گازۆییل، نەوتی کوورە، گاز و ئاو لە فازی دووهەمی بەڕێوەبردنی یاسای ئامانجدارکردنی یارانەکاندا زیاد دەبێ.

**هۆکانی گرانی و ئاسەوارەکانی**

شەمسەدین حسەینی، وەزیری کاروباری ئابووری و دارایی، گرانیی سەرچاوەگرتوو لە بەرزبوونەوەی نرخی ئەرزی بە کەم بایەخ زانیوە، بەڵام رۆژنامەی ئیبتکار، هۆی گرانیی خیرای بۆ بەرز و نزمبوونەوەی نرخی ئەرز گەڕاندۆتەوە و نووسیویە راگەیاندنی یەك نرخیکردنی ئەرزیش، رەوشی ئێستای بازاڕی هێور نەکردۆتەوە.

ژمارەیەك لە شارەزایانی ئابووری، هۆیەکی دیکەی گرانبوونی هێندێ لە خواردەمەنییەکان لەوانە گۆشتی سوور بە کەمبوونیان لە بازاڕدا لەقەڵەم دەدەن.



گەمارۆ یەك لە دوای یەکەکانی وڵاتانی یەکیەتیی ئورووپا و ئەمریکاش یەکێك لەو هۆکارانەیە کە بە وتەی مەسعوود کوهستانی نژاد، راوێژکاری کۆنفدراسیۆنی نێونەتەوەیی یەکیەتییە کرێکارییەکان و کۆنگرەی کاری کانادا ئاسەواری کردەکی و دەروونی لەسەر ئابووریی ئێران داناوە. ناوبراو بە دەنگی ئەمریکای وتووە: «سەرەڕای گەمارۆکان کە کاریگەرییان لەسەر بازاڕ داناوە، بەشی دەڵاڵی لە پێکهاتەی ئابووری کە بەتەواوی لە دەستی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامیدایە زیاترین قازانج دەکات.»

بەرزبوونەوەی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیان و ئەو پشێوی و نائەمنییەی کە ئابووری و بازاڕی ئێرانی گرتۆتەوە بۆتە هۆی ترس و نیگەرانیی خەڵك بە شێوەیەك کە بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی مێهر: هاوکات لەگەڵ بەرز و نزمبوونەوەی هێندێ لە نرخەکان لە بازاڕدا، هاووڵاتییان بە هۆی ترس لە چوونەسەرەوەی نرخ بە خێرایی روویان کردۆتە کڕینی ئەم شتومەکانەی کە لە ئێستادا بەکاریان ناهێنن. واتە ترس لە گرانتربوونی شتومەکەکان لە داهاتوودا خەڵکی داگرتووە و بە وتەی هاووڵاتییەکیش کە بە هەواڵدەریی مێهری راگەیاندووە ژمارەیەك لە فرۆشیارەکانیش بە بیانووی ئەوەی کە نرخی شتومەکەکانیان بە نرخی دۆلارەوە بەستراوەتەوە لە فرۆشتنی هێندێك لە شتومەکەکان خۆیان دەبوێرن.

لەم دۆخەدا چینی کرێکار و کەم داهات، کەسانی بێکار و بنەماڵە هەژارەکان زیاترین زیانیان بەردەکەوێت. گرانبوونی خواردەمەنییە سەرەکییەکانی خەڵك و درێژەکێشانی رەوتی روولەزیادبوونی نرخەکان مەترسیی برسیەتیی بەربڵاو لە نێو ئەم چین و توێژانەی خەڵکی ئێراندا زیاتر دەکات.

# فێدرالیزم و دژبەرانی

## بە بۆنەی یەکی رەشەممە، حەوتەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ

■ کەیهان یووسفی

■ وەرگێڕان: کوردستان

حەوت حیزب و رێکخراوی سیاسیی نەتەوە زوڵملێکراوە ئێرانییەکان لە ٢٠ی فێوریەی ٢٠٠٥دا بە دامەزراندنی کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ، گوتارێکیان هێنانە نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانەوە کە ئیمڕۆکە وەکوو بەهێزترین گوتاری نێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی دەناسرێ. بە شێوەیەك کە دەکرێ ئۆپۆزیسیۆنی ئێران بەسەر دوو بەشدا پۆلێنبەندی بکرێ: لایەنگرانی فێدرالیزم و دژبەرانی فێدرالیزم.

ئەو گوتاری فێدرالیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیاییەی لە لایەن کۆنگرەوە هێنراوەتە بەرباس، بە جۆرێك توانیویەتی لە نێوان زۆرێك لە کۆڕوکۆبوونەوە سیاسییەکان، رەوتەکان، رووناکبیران و چالاکانی سیاسیی نەتەوەکانی ئێراندا و هەروەها لە نێوان پشتیوانانی ناوەندگەراییی لە ئێرانیشدا جێی خۆی بکاتەوە و وەکوو گوتاری زاڵ، هێژمۆنی خۆی لە نێو ئۆپۆزیسیۆندا پەرە پێبدا. هەروەها ئەم گوتارە لە نێوخۆی وڵاتیشدا توانیویەتی لایەنگرانێکی زۆر بە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە. بەڵام لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیدا چ کەسانێك لە فێدرالیزم تۆقیون؟ یان بە دەربڕینێکی دیکە، دژبەران و بەرهەڵستکارانی کامانەن؟

دژبەرانی فێدرالیزمیش دوو لایەنن:

لایەنی یەکەم، بە رواڵەت لەگەڵ سیستمی فێدرالی بۆ داهاتووی ئێران هاوڕان، بەڵام لەسەر شێوەی پیادەکردنی روانگەیەکی دژبەرانەیان هەیە. ئەوان کاتێك باس لە فێدرالیزم دەکەن، مەبەستیان فێدرالیزمی کانتونی (ئۆستانی) لەسەر بنەمای دابەشکردنی ئۆستانییە کە هەر ئێستا لە ئارادایە.

لایەنی دووهەم، لە دروشم و بەرنامەکانی خۆیاندا خوازیاری دامەزراندنی دێموکراسی و رەچاوکردنی راگەیەندراوی مافی مرۆڤ لە ئێراندان و لە بەرنامە و وتەکانیاندا، پرسی سیستمێکی دێموکراتیك بەپێی راگەیەندراوی مافی مرۆڤ لەگەڵ خۆیان راکێش دەکەن و لەگەڵ چەمکی فێدرالیزم و لقوپۆپەکانی بە هەر جۆرێك دژایەتی دەنوێنن و فێدرالیزم بە دەروازەیەك بەرەو دابەشکردنی ئێران و لێکترازانی سیاسی ـ جوغرافیایی ئێران دەزانن. ئەم لایەنە ئەو پان ئێرانیستانەن (مەزنخوازانی فارس) کە لە سەدەی بیست و یەکەم و لە سەردەمی گلۆبالیزاسیۆن، خەونی رۆنانی ئیمپراتۆریی هەخامەنشییان لە سەردایە و زۆرجار بە هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر فێدرالیزم، هەڕەشەیان کردووە.

ئەم گرووپە لە قسەکانی خۆیاندا بۆ دژایەتی نواندن لەگەڵ ئەو بیرۆکەی فێدرالیزمەی لە لایەن نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەت کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدرالەوە خراوەتە ڕوو، هەڵوێستێکی دووفاقیانەیان گرتووەتە بەر. کاتێك باسی فێدرالیزم لە لایەن نەتەوەکانی ئێرانەوە دێتە بەرباس، دەڵێن کە تێگەیشتنە قەومی و مەزهەبییەکان لە فێدرالیزم و جەختکردنەوەی لەرادەبەدەر لەسەریان، نە بنەما و بنەڕەتی تیۆریکی هەیە و نە ئۆلگووەکانی هەنووکەی جیهان وەها شتەیەك نیشان دەدەن و کاتێکیش ئۆلگووە ئەزموونکراوەکانی دەرەوە دەخرێنە ڕوو، ئەم لایەنە بە نەگونجاو لەگەڵ تایبەتمەندییە جوغرافیایی و مێژووییەکانی ئێرانی لەقەڵەم دەدەن. هەر وەك گوترا ئەوان لە هەر حاڵەتێکدا لەگەڵ فێدرالیزم دژایەتی دەکەن و بە جۆرێك دوژمنی هەر جۆرە دیسانترالیزمێك لە دەسەڵاتی سیاسیی ناوەندەدان.

بەڵام ئایا فێدرالیزم بە مانای جیاییخوازییە یان جەختکردنەوەیە لەسەر ناوەندگەرایی؟

بەبێ گومان فێدرالیزم دەبێ دێموکراسیشی لە پاڵدا هەبێ تا بتوانێ دابینکەری مافەکانی نەتەوەکانی دانیشتووی ئێران بێ. تایبەتمەندیی دێموکراسی، پلۆرالیزمە کە بە سەرنجدان بە پێکهاتەی جوغرافیایی ـ نەتەوەیی ئێران، سیستمێکی دێموکراتیك و فێدرال دەتوانێ دابینکەری ئاسایش، خوشگوزەرانی، مافی نەتەوەیی و سیاسی و بەربەستێك لەسەر رێگەی دیکتاتۆری و دابەشکردنی وڵات بێ. سەقامگیریی دەوڵەت گرێدراوی رادەی بەشداریی سیاسیی هاووڵاتییانی کۆمەڵگایەکە.

فێدرالیزم لە دوو رەهەندەوە دەتوانێ ببێتە هۆی بەشداریی سیاسی، لە لایەکەوە، دانیشتووانی حکوومەتە خۆجێییەکان بە شێوەیەکی چالاکانە لە ژیانی سیاسیدا بەشداری دەکەن و لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی دەوڵەتی ناوەندیدا، دەبنە رێگرێك لە بەردەم شکڵگرتنی حکوومەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر لە ناوەندا. بە وتەیەکی دیکە، فێدرالیزم شکڵێکی عاقڵانە لە پێناو چارەسەریی پرسە پێوەندیدارەکان بە مەترسییەکانی دابەشبوون لە وڵاتە فرەنەتەوەیی و فرەکلتوورییەکانە. بەڵام ئەوانەی کە خۆیان بە ئاڵاهەڵگری لیبراڵ دێموکراسیی رۆژئاوا بۆ داهاتووی ئێران دەزانن، لەگەڵ فێدرالیزم وەکوو رێککەوتنێکی دڵخوازانەیش بە توندی دژایەتی دەکەن و ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بیرۆکەی لیبرالیدا، حکوومەت خۆی جۆرێك رێککەوتنی دڵخوازانەیە. هەڵبەت ئەوانە کاتێك دێموکراسی دەکەنە تەوەری باسەکانیان، مەبەستیان حکوومەتی زۆرینەیە و لە مانا نوێکانی دێموکراسیدا، ئەم تێگەیشتنە لە دێموکراسی، دیسان دەبێتە هۆی دیکتاتۆریی زۆرینە و دێموکراسی نە بە واتای حکوومەتی زۆرینە، بەڵکوو بە واتای حکوومەتی یاسایە، یاسایەك کە لە مافی تاك بە تاکی خەڵکی کۆمەڵگا پارێزگاری دەکات. ناکرێ باسی دێموکراسی بکرێ، بەڵام گرووپێك یان نەتەوەیەك لە مافی بەرحەقی خۆیان بێبەش بکرێن. ناکرێ باسی راگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤ بکرێ، بەڵام نەتەوەیەك بە لەبیربردنەوەی شوناس و زمان و کولتوورەکەی ناچار بکرێ. لە راستیدا بەرگی دێموکراسی لە بەر ئەواندا، تەنیا بەرگێکە بۆ شاردنەوەی کولتووری توتالیتێر و مەزنخوازانەیان. ئەوان بە جۆرێك خوازیاری سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی دیکتاتۆری لە بەرگێکی نوێدان. گوتاری فێدرالیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر گەشە دەکات و پەرە دەستێنێ کە ئەمەش بووەتە هۆی گەشەی خودئاگایی نەتەوەیی لە نێو نەتەوە ئێرانییەکاندا و هەڵفریواندنی جەماوەری نەتەوەکانی ئێران لە ژێر ناوگەلێك وەك مەزهەب و پاراستنی یەکیەتیی خاك و خەبات دژی جیاییخوازی، بوونەتە نوسخەگەلێکی بێکەڵك و داهاتووی ئێران و کۆمەڵگای ئێرانی دەبێ یەکێك لەم دوو رێگە هەڵبژێرێ: پەسندکردنی سیستمی دێموکراتیك و فێدراڵ یان ملدان بە لێکەوتەکانی قبووڵنەکردنی ئەو سیستمە.

**فێدرالیزم لە دوو رەهەندەوە دەتوانێ ببێتە هۆی بەشداریی سیاسی، لە لایەکەوە، دانیشتووانی حکوومەتە خۆجێییەکان بە شێوەیەکی چالاکانە لە ژیانی سیاسیدا بەشداری دەکەن و لە لایەکی دیکەوە لە ئاستی دەوڵەتی ناوەندیدا، دەبنە رێگرێک لە بەردەم شکڵگرتنی حکوومەتی دیکتاتۆری و تۆتالیتێر لە ناوەندا**

---

## رۆژەڤ

و: کەریم پەرویزی

### عاقڵ بێ یان نە، ئێران مەترسییەکی راستەقینەیە!

رۆژی یەکەمی مانگی مارس، بابەتێکی جەیمز کارافانۆ لە ماڵپەڕی CNN بڵاو بۆتەوە کە باس لە مەترسییەکانی ئێران بۆ جیهان دەکا. ناوبراو بەڕێوەبەری ناوەندی ئالیسۆن بۆ سیاسەتی دەرەکی، سەر بە بونیادی هێریتەیجە.

نووسەر لە سەرەتادا دەڵێ هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لەو رێژیمانەی کە بە شێوەیەکی ئێجگار زۆر داخراون، ئاسان نیە. ئێران و کۆرەی باکوور لەبەرچاو بگرن. ئێمە چۆن دەتوانین لە چۆنیەتیی بڕیاردان لەواندا تێبگەین لە کاتێکدا بە رادەی هەڵبژاردنی جلوبەرگەوە لە لایەن لەیدی گاگاوە، ناڕوون و چاوەڕواننەکراون!؟

زۆر جار هان دەدرێین کە دژوارییی تێگەیشتن و ئەندازەگرتنی هێزە دەرەکییەکان، بە شیکاری و شرۆڤەکردنی سادە، دەربڕین. ئەو دوژمنانەی کە وا دەزانین لێیان تێگەیشتووین بە «عاقڵ» ناودێریان دەکەین. ئەو دوژمنانەش کە هەڵوێستیان بۆمان وەکوو موعەما وایە بە «ناعاقڵ» ناویان دەبەین.

دوژمنە ناعاقڵەکانیش بە دڵنیاییەوە بۆمان مودیرییەت ناکرێن و چاوەڕواننەکراو کار دەکەن. دەبێ وەکوو دوژمنی رق لەدڵ چاویان لێ بکەین. ئەگەر عاقڵ بن، ئەوا دەتوانین هەڵسوکەوتیان مودیرییەت بکەین. دەبینین کە چەند سادە و ئاسانە!

ئاسان بەڵێ بەڵام بەکار نایە.

لە راپۆرتدانیدا بۆ کۆنگرە، ژێنێراڵ مارتین دەمپسی، فەرماندەی ستادی هاوبەشی هێزەکانی ئەمریکا ئەوەی روون دەکردەوە کە بۆچی لە وتوویژ لەگەڵ فەرید زەکەریا لە کاناڵی CNN وتبووی کە ئێران دوژمنێکی عاقڵە. ژێنێراڵ رەنگە راست بکا لەوەی کە ئێران بە عاقڵ دەزانێ بەڵام ئەمە خۆ یارمەتی بە وەڵامی ئەم پرسیارە ناکا کە دەبێ لەگەڵ ئێراندا چی بکەین.

ئەگەر نەزانی کە چ هۆکار و فاکتەرێك بۆ بەرامبەر و دوژمنەکەت گرینگیی هەیە و ئەو فاکتەرە چەندە گرینگی هەیە و ئامادەیە چ نرخێکی بۆ بدا، ناتوانی پێشبینی ئەوە بکەی کە کامە بڕیار و هەڵوێست بۆ ئەو عاقڵانەیە. هەروەها گەر تۆ حیساب لەسەر عاقڵبوونی دوژمن بکەی بە بێ ئەوەی کە ئەو ئەگەرە لەبەرچاو بگری کە رەنگە دوژمن هەڵەش بکا، هەڵبژاردەی ناعاقڵانە هەڵبژێرێ، یان لە ژێر کاریگەریی کەشی ئیحساسیدا قەرار بگرێ، ئەوکات پێشبینیکردن بۆ هەنگاوی داهاتووت رەنگە بە رێگای هەڵەتدا ببا.

ئەگەر ژێنێراڵ دەمپسی راست بکا و بەرامبەرەکەمان بە تەواوی عاقڵ بێ ئەوکات گرفتی زۆر گەورە لەسەر رێگایە. زۆر هۆکاری عاقڵانە هەن کە رێژیمی ئێران هان بدەن بۆ ئەوەی دەستی بە چەکی ناوکی بگا و بیەوێ بە خێرایی بە دەستی بێنێ. بۆ دەسپێك، هەر ئەوەندە بەسە کە وا بزانن چەکی ناوکی گەرەنتیی سیاسی بۆ مانەوەی رێژیمە. گەر دەستت بە چەکی ناوکی بگا، ئیتر کەس ناوێرێ دەست لە کاروباری ناوخۆت وەربدا! زیاتر لەوەش، چەکی ناوکی دەستی لایەنی وتوویژکار بەهێزتر دەکا. هەروەها ئەو ئیمکانە دەدا کە گەمارۆ نێونەتەوەییەکان وەلا بنرێن. هەروەها ئەو ئیمکانەتە پێ دەدا کە بە هەڕەشەکردن لە وڵاتانی دیکە و هاتنەئارای مەترسیی کارەساتی گەورە، کەسانێك لەسەر **رێگاکەت لابچن! ئەگەر رێژیمەکە تەریک کەوتبێتەوە، ئەمانە هەمووی هاندەرن و دەتوانێ وەکوو هۆکاری عاقڵانە چاوی لێ بکرێ.**

سەرچاوە: CNN.COM

# هەڵۆ هەر بەرزە

مامۆستا هەژار

پاییزە دار و دەوەن ڕەنگ زەردە
با تەز و سەردە بە تۆز و گەردە
دیارە لای شەختەیە ناخۆش خەوەرێ
دارە خۆی دەرنێ خەزەڵ هەڵدەوەرێ
هەورە ڕەش پۆش و بە گریە وناڵە
سەرەتای شیوەنی مەرگی ساڵە
بەگژەی سەردی هەناسەی کەژ و کۆ
ژینی خۆی هاتەوە بیر پیرە هەڵو
داخەکەم بۆ گوڕ و تینی جوانیم
ئەو دەمەی چۆن و چبووم بۆ وا نیم؟
هێز و سۆمای نییە باڵ وچاوم
مامەوە گردە نشین بێ ڕاوم
دوورە گۆشت پۆڕ و کەوم وەر دەکەوم
گۆشتە نێچیرێ مەگەر بێتە خەوم
وا هەڵۆی مردنە ڕاوی کردم
ڕاوبەتاڵی منە هاکا مردم
مردنیش هێندە نە سووکە و سانا
سەری لێ گێژە هەزاران زانا
چم بەسەر دێ کە نەمام و مردم
پەڕی بەربایەك و خۆڵی وردم
گیان بەرەو کوێ دەفڕێ ڕوون نییە بۆم
تۆ بڵێی بچتەوە لای باوە هەڵۆم؟
تۆ بڵێی ڕاوێ هەبێ لەو بەرزە؟
پاش هەموو چەرمەسەرەی ئەم عەرزە
داخم ئەو ڕازە لەبن سەرپۆشە
سەفەری نابەڵەدی ناخۆشە
دل و دیدەم کە بە دونیا فێرە
چەندی پێم بکرێ دەمێنم لێرە
ژین گەلێ شیرینە فیزی ناوێ
بۆ مەبەست سەر دەنەوێنم تاوێ
چاری ئەم دەردە لە لای قالاوە
گەرچی زۆر پیرە بە لاوی ماوە
دەچمە لای و بەوە چم لێ نایە
ڕەشییە و ئاوی ژیانی لایە
سەر نەوی دای لە شەقەی شاباڵان
هاتە وێرانەیەکی جێ ماڵان
بوو بە میوانی قەلێکی ڕووڕەش
چەپەڵ و ڕژد و لە مەردی بێبەش
قەل قڕی لێم مەیە پێش زۆرداری
خواشوکور زۆر بەکەنەفتی دیاری
زووبە چیت لێم گەرەکە پێم بێژە
دوور لە من بگرە لەشم بەنوێژە
وتی: ئەی لالە قەلەی هەر لاوم
پیرم و زۆر لە مەرگ ترساوم
هەمە پرسێك و دەبێ بمبووری
هۆی چییە تۆ کە لە مردن دووری؟
وەك دەڵێن ئێوە بە چل ساڵ باڕن
تووشی تووش نایەن و کۆسپ و باڕن
ڕێیەکم پێ بڵێ بۆ هەرمانم



تۆی لەلات دەست دەکەوێ دەرمانم
سوێند ئەخوم پاشی هەتا بشمێنم
هەر کەوێ ڕاوی بکەم بۆت بێنم
قەل گوتی: هـۆزی هەڵۆ زۆر خاون
سەیرە لام چۆنە کە خاوەن ناون
باب و کاکت بە نەزانی مردن
بیری سەربەرزییە وای لێ کردن
هەرکەسێ بەرزەفڕە زوو دەمرێ
بای بڵندایی سەر و دڵ دەگرێ
ماڵی ئێوە کە لە لووتکەی کێوە
لای جن و دێوە بەڵای زۆر پێوە
خوێنە پۆڕ پورگی دەخاتە خوێنێ
گۆشت کەوی تازە گرفتی دێنێ
جگەر و سی و دڵی مامر ژەهرە
تا وەها بی تەقەلات بێ بەهرە
دەتەوێ زۆر بژی خۆش ڕابویری
خۆ لە پەندم گەرەکە نەبوێری
وەرە وەك ئێمە بژی نزم و نەوی
شەو لەسەر گەندەڵە داریك دەخەوی
خواردنی باشی کە تۆ نەتدیوە
گۆشتە بارگینی گەنی و تۆپیوە
کردنی چینە لە پەین و شیاکە
تاو و تینی لەشە بۆ دڵ چاکە
پەندی باپیرە بە میرات ماوە
خوێنی زامی کەرە، سۆمای چاوە
گفتی مـن گەوهەرە بۆت هەڵڕێژم
تاقە دوو ڕێت لەبەرە پێت بێژم:
یان لەناو بۆگەن و نزمایی ژیان
یان بە سەربەرزییەوە بسپێرە گیان
ڕاچەنی لەم وتەیە پیرە هەڵۆ
هاتە بەر چاوی گەلێ کەند و کلۆ
کەوتە ناو گێژی خەیاڵات و خەمان
مان ئەگەر وابێ چ شیرینە نەمان
وتی: پیرۆز بێ لە خۆت ئەم ژینە
جەژنی تۆ بۆمە شەپۆڕ و شینە
کێ بە سەربەرزی ژیابێ تاوێ
ژینی قاڵاوی بە پووشێك ناوێ
چاوەڕێی مەرگە گیان با بیبا
پەڕ و باڵم لە چیا با بیبا
بە هەڵۆیی کە لە ژین بێبەش بم
نەك هەزار ساڵە قەلی ڕووڕەش بم
بو شتێك ئێستە لە خۆم بێزارم
من هەڵۆ بۆچی بە تۆ بوو کارم؟
مەرد ئەگەر کاری بە نامەردانە
دەردی سەرباری هەموو دەردانە
کەوتە خۆ دای لە شەقەی باڵ دیسا
ئاگرێکی لە دەروون داییسا
ڕاستەخۆ بۆ سەر و هەر بۆ سەر چوو
هەردی جێ هێشت و لە هەوران دەرچوو
قەل هەزار ساڵی ژیا بەو تەرزە
سەرنەوی و هێشتا هەڵۆ هەر بەرزە

**بە بۆنەی دووی ڕەشەمە
٢٢هەمین ساڵرۆژی کۆچی
دوایی شاعیری نەتەوەیی
کورد مامۆستا هەژارەوە**

بێ دوان....




# لە ریالیسمی س
# خوێندنەوەی ش

ڕەهبەر مەحموودزادە

لەوێ ڕۆژگـارێدا کە تێفکرینی چەپ، وەکوو پارادایـمـێك زاڵبـوونـی خـۆی بـەسـەر شێوەی ڕوانینی زۆربـەی بیرمەندان و سیاسەتوانانـدا مسۆگەر کردبوو، لە جیهانی ئەدەبدا، ریالیسمی سۆسیالیستی بەحەق یا نابەحەق ئاوانگارد بوونی خۆی بە خەڵکی ئـەدەبدۆست سەلماندبوو. لە شێعری کوردیدا، بەرچاوترین نموونەی ریالیسمی سۆسیالیستی لەناوشێعری ماموستا هێمندا بـەدی دەکـرێ. نموونەییێکی بەرچاو لەو دەقانە شێعری «ئارەق و تین» لە ناو کۆمەڵە شێعری تاریکوڕوون دایە. هێمن لە وتارێکی خۆیدا بە ناوی «ئەزموونی شاعیریم» دەنووسێ «نامەیەکم لە لایەن دۆستێکەوە پێگەیشت کە لە وڵاتێکی هەرە بـۆرژوازیدا دەژی.. ئـارەق و تینی بە باشترین شێعری من دانابوو. نووسیبووی تا ئێستا شێعری وەك ئەم شێعرانەم نەخوێندۆتەوە»(١).

دیارە ئێستا لێمان ڕوون نییە ئەم دۆستە کێ بووە و بە چ پێوانەگەلێکەوە داوەریی لەسەر شێعرەکانی هێمن کردووە و لەناو هەموو شێعرەکانیدا ئارەق و تینی بە باشترین شێعر داناوە(٢). بەڵام بۆخۆمان دەتوانین مەزەندەی ئەوە بکەین کە دەوری سی چل ساڵ لەمەوبەر ئەوکاتی تێفکرینی مارکسیستی بە سـەر بیر و هەستی خـوێـنـدەوارانـی کورددا زاڵ بوو، ئەم شێعرەی هێمن بە هۆی ناوەرۆکی شۆڕشگێڕانەیەوە نرخێندراوە و کەوتووەتە بەر دڵی تۆرەمەی ڕووناکبیری ئەو ڕۆژگارە.

هەر لە بنەڕەتدا ئەوە لایەنەکانی سەر بە ڕوخسار و پێکهاتەی دەقێکی ئەدەبی نین کە دیاری دەکەن ئەو بەرهەمە دەچێتە خانەی ئەدەبی ریالیسمی سوسیالیستی یان نا بەڵکوو نێوەرۆکی بەرهەمەکە و ئەو شێوە ڕوانین و گۆشەنیگایەی بە هۆیەوە واقیعێکی تایبەتی پێ نەخشێندراوە ئەم مۆرکە تایبەتیە لە بەرهەمەکە دەدەن. شایەتی من بۆ ئەم گوتەیە ئەو ڕاستییەیە کە کاتێك شەپۆلەکانی ئـەدەبی ریالیسمی سۆسیالیستی، ئاقارەکانی ئـەدەب و هـونـەری گـرتـەوە، ئـەدەب لـە هەموو بـوارەکـان زیادتر و مۆسیقا لە هـەمـوان کەمتر کەوتە بەر تەوژمی ئەم لێمشتە. هۆیەکەی ئەوەیە کە لە مۆسیقادا فۆڕم بەسەر ناوەڕۆکدا زاڵە و بە هۆی سروشتی تایبەتی مۆسیقاوە، ناوەرۆکێکی تایبەت ناتوانێ بە ڕوونـی و بە دیـاری لەناو پارچە مۆسیقایەکی ڕووتی بێ گوتەدا ڕەنگ بداتەوە. ئینجا چونکە ئەوە ناوەرۆکی بەرهەمێکە کە مۆرکی ریالیسمی سۆسیالیستی لە کۆبە و تەشکی بەرهەمەکە دەدا، کەوایە مۆسیقا بەو ناوەرۆکە تارمایی ئاسایەوە کەمتر دەکەوێتە بەر ڕێژنە و ڕەهێڵەی ئەم چەشنە قوتابخانەیەوە.

خاڵێکی‌تر لەم بارەیەدا کە هێژای گوتن و شیاوی سەرنج پێدانە، ئەوەیە کە کاتێك دەڵێین بەرهەمێك دەچێتە خانەی ئەدەبی ریالیسمی سۆسیالیستییەوە، ئەم پێوەندی و تەعەللوقە لە هەناوی خۆیدا نە خاڵی بەهێزی ئەو بەرهەمەیە و نە خاڵی لاوازی. ئەگەر ئێمە هەر بە تەنیا بە هۆی ناوەرۆکێکی تایبەتەوە بەرهەمێك هەڵکێشین و بە سەرتۆپ و هەڵکەوتەی بزانین یان بە پێچەوانە بیکێشینە خوار و بە بنژیل و ئەیاغی بزانین و خۆمان لە لایەنەکانی فۆڕمی و تەکنیکی ئەو بەرهەمە نەبان بکەین، ئەوا بێگومان مامەڵەی ئێمە لەگەڵ ئەو بەرهەمە مامەڵەیەکی ئایدۆلۆژیکە.

لە ئەدەبی کوردیدا لە چوارچێوەی ریالیسمی سۆسیالیستی بەرهەمی داهێنەرانە و بەهێزیش بـەدی دەکـرێ، بەرهەمی لاوازیـش دەبیندرێ. بۆنموونە هێمن شاعیرێکە کە داگەڕانی بۆ لای ریالیسمی سۆسیالیستی نەبوو بەهۆی داکشانی ئاستی ئەدەبیی شێعرەکانی. بەڵام گۆران شاعیرێکە دوای ئـەوەی بۆ دەڤـەری سۆسیالیسم کلا بوو، ماڵاوایی لە پێشەنگ بوون و سەرچڵیەتییەکەشی کرد و ئاستی داهێنانی بەرهەمەکانیشی دابەزین. ئەم دۆخە هەر لەناو ئەدەبی کورددا نەبووە. لەناو بەرهەمەکانی شۆلۆخۆفدا (دن آرام)یش لە هۆبە و هەواری ریالیسمی سۆسیالیستی‌دا دەگیرسێتەوە، (زمین نوآباد)یش. کەچی یەکەمیان لە ڕۆمانە ناسراوەکانی سەدەی بیستەمە و دووەمیان زۆر لەو ئاستە ژێراترە.

ئەم پێشەکییە بۆ ئەوە بوو بڵێین کاتێك دیاری دەکەین فڵانە بەرهەمە سەر بە فیسارە قوتابخانەیە،

# سۆسیالیستییەوە بۆ فۆڕمالیسمێکی نیان
# ێعری «ئارەق و تین»ی مامۆستا هێمن

ئەوا لە کۆتایی ڕێگای لێکۆڵینەوە لەو بەرهەمەدا نین، بگرە جارێ لە سەرەتای ڕێگاکەداین و بۆ نرخاندنی بەرهەمەکە مەودایەکی دیکەش دەبێ بپێوین و لایەنی تریش لە بەرهەمەکە شەنوکەو بکەین.
منیش لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی هێمن کە ـ ئارەق و تین ـ ی بە شێعرێکی بەهێز و شیاوی تێڕامان داناوە، هاوڕام. بەڵام ئەگەر ئەو مەزەندەیە ڕاست بێ کە ئەم دۆستەی هێمن هەر بە تەنیا بە هۆی ناوەڕۆکی شۆڕشگێڕانەی ئەم شێعرە نرخاندوویەتی و بە بەرزی زانیوە، ئەوا دەبێ داکۆکی لە سەر ئەم ڕاستییە بکەم کە ئەم شێعرە لایەنی فۆڕمی و پێکهاتەیی زۆر بە هێزیشی تێدایە.
لایەنی بەهێزی ئەم شێعرە کامەیە؟ ئەم لایەنە بەهێزە لە ڕیتم و مۆسیقای ئەم شێعرەدایە.
دیارە گرنگترین هۆکاری ڕێکخەر و دیاریکەری مۆسیقای شێعرێك کێشی شیعرەکەیە. سەرنج بدەنە کێشی شێعری گەرمەشین:

بۆ شەهیدێکی کە گەوزیوە لە نێو خوێن دەگریم
بۆ هەڤاڵێکی کە چوو بێ سەر و بێ شوێن
دەگریم

خەمین بوونی ئەم شێعرە هەر لەبەر ئەمە نییە کە باسی گریان و شەهید دەکا، بگرە کێشەکەشی کێشێکی ئارام و خەمینە. هێمن خۆی لەمەڕ ئەم شێعرەوە دەڵێت: « ئەگەر گەرمەشینم لەسەر کێشی مەسنەوی مەولەوی نەگوتبایە، عالەمێکم لەگەڵ خۆم نەدەهێنا گریان و ناڵە.»(٣) (مەسنەوی مەولەوی و گەرمەشین بەحرەکەیان یەکە)
لەبیرمان بێ ناڵەی جوداییش هەر لەسەر کێشی مەسنەوی مەولەوییە و ئەم سۆزە خەمینە لەوێشدا هەر بەدی دەکرێ:

بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە
شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە

لێمگەڕی با دەربڕم سۆزی دەروون
لێمگەڕێ با هەڵوەرێنم ئەشکی ڕوون

لە بەرانبەر ئەم کێشەدا کە خاو و خەمینە، هەندێك کێش هەن کە توند و حیماسین.
بەڵام ئەو ئاواز و مۆسیقایەی هێمن لە شێعری «ئارەق و تین»دا ڕێکیخستووە، هەر بە تەنیا بە هۆی کێشەوە وەدی نەهاتووە. هێمن لەم شێعرەدا بۆ ڕێکخستنی ئەو مۆسیقایەی پێویستیەتی، لە هەموو ئەو کەرەستانەی لەبەردستیدا بوونە، وەك: کێش، سەروا، ناوەڕۆك، درێژکردنەوە، کورت کردنەوە و دووپـات کردنەوە کەڵکی وەرگرتووە.
پرسیاری سەرەکی ئەمەیە ئایا ئارەق و تین، ڕیتم و مۆسیقایەکی خاوی هەیە یان ئاوازەکەی توند و حیماسییە؟ هێزی هارووژێنەری ئەم شێعرە لەوەدایە کە بە درێژایی شێعرەکە، مۆسیقای شێعر ڕیتم و ئاوازێکی بگۆڕی هەیە و لەو جێگایەدا کە پێویستی بە نەرمکێشی و پشوودرێژی هەیە، مۆسیقای شێعر زۆر وەستایانە بە ترپەیەکی خاوەوە ڕێکدەخرێ، لەو جێگایەشدا کە پێویستی بە ئانگڕا بوون و ڕاسان هەیە، مۆسیقای شیعر بە ترپەیەکی توند و بە گوڕ و خرۆشان ڕێك دەخرێ.
بەر لە هەموو شتێك کەرەستەی شاعیر بۆ ڕێکخستنی مۆسیقای بگۆڕی شیعرەکەی، قافیە (سەروا)یە. ئایا قافیە ئەوەی دە باراندا هەیە بۆ ڕێکخستنی ڕیتم و مۆسیقا کەڵکی لێ وەربگرێ؟ دیارە پێمان سەیر نییە ئەگەر پێمان بڵێن کێشی شێعر تا ڕادەیەکی زۆر ترپە و مۆسیقای شێعر دەخولقێنێ، بەڵام سەروا بە چ شێوەیەك مۆسیقا دەگۆڕێ و توند و خاوی دەکاتەوە؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسیارە با هەر ئارەق و تین بە نموونە بهێنینەوە. ئەو شێعرە لەسەرەتادا بە دە بەند دەست پێدەکا کە هەر بەندەی چوار نیوە بەیت واتە دوو بەیت لە خۆی دەگرێ. لەم دە بەندەدا مۆدێلی سەرواکان بە شێوەی ABCB یە. واتە نیوەبەیتی دووەم و چوارەم هاوسەروان و نیوەبەیتەکانی یەکەم و سێیەم، بەیەکەوە و لەگەڵ ئەوانیتر هاوسەروا نین. ئەم بەندانە کە بە شێوەی چواربەیتی گوتراون، بۆیان هەبوو بە دوو شێوەی تر ڕێك خرابان. یەکەم بە مۆدێلی سەروای AAAA واتە دوو نیوەبەیت کە هی یەك بەیتن سەروای وەك یەکیان هەبووایە. لەم سێ مۆدێلە بۆ ڕێکخستنی سەروا، مۆدێلی ABCB واتە ئەو مۆدێلەی لە دە بەندی سەرەتای ئارەق و تیندا بەدی دەکرێ، لە هەموویان خاوترە. کەواتە ئارەق و تین، بە ترپەیەکی خاو و ئارامەوە دەست پێدەکا:

پێش ئەوەی گزنگی هەتاو
ترۆپکی چیا بنگێوێ

پێش ئەوەی شنەی بەیانی
بسکی بەڕەزا بزێوێ

پێشئەوەی قاسپەی خاسەکەو
لەزەرد و ما دەنگ داتەوە

پێش ئەوەی بلبل بخوێنێ
خونچە دەمی بکاتەوە

ئەگەر ئەم مۆدێلە لە ناو سێ مۆدێلەکەدا لە هەموویان ئارامتر و لە سەرخۆتر بێ، ئەو مۆدێلەی کە تێیدا هەرچوار نیوەبەیت هاوسەروان واتە AAAA لە هەموویان گشتتر و توندترە. هەر لە ناو شێعرەکانی هێمندا شێعری بەهاری کوردستان کە لە سی‌وهەشت بەندی چوار نیوەبەیتی پێکهاتووە، ئەم مۆدێلە کرژ و گشتەی بۆ سەرواکانی تێدا ڕەچاو کراوە. دیارە ترپەیەکی توندیش کەشی مۆسیقای هەموو شێعرەکەی تەنیوەتەوە:

شەماڵ هات بە گاڵەگاڵ
هەور بوون گەواڵ گەواڵ

پشکووت گوڵی گەش و ئاڵ
بلبل کەوتە ناڵەناڵ

بە لەنگێزە بە باران
بە شنە بای بەهاران

توانەوە وەك جاران
کەوی بەفری نیساران

بەڵام لە «ئارەق و تین»دا شاعیر پەلەی نییە و بۆ ئەوەی بتوانێ داڕشت و پێکهاتەی مەبەستی پێك بهێنێ، شێعرەکەی درێژ کردووەتەوە و لە سەرەتای ئەم مەودا دوورودرێژەدا تەواو ئارامە و پشووی لەسەرخۆیە. تەنانەت شاعیر دەیتوانی لە مۆدێلی مەسنەوی واتە AABB بۆ ڕێکخستنی قافیەکان ـ کە لە مۆدێلی دەکارکراو لە بەهاری کوردستان خاوترە ـ کەڵك وەربگرێ. بۆ نموونە دەیتوانی بەندەکانی سەرەتایی بەم شێوەی خوارەوە بگوتبایە (ئەم بەندانە گۆڕدراوی شێعری هێمنن):

پێش ئەوەی گزنگی هەتاو
بەفری چیا بکاتە ئاو

پێش ئەوەی شنەی بەیانی
ببزێوێ بسکی نیانی

پێش ئەوەی قاسپەی خاسەکەو
لە چاوی کێو بزڕێنێ خەو

پێش ئەوەی بلبل بخوێنێ
بە تاسەوە گوڵ بدوێنێ

بەڵام دەبینین شاعیر ئەو مۆدێلەی دەکار نەکردووە و مۆدێلی لەوە ئارام تریشی هەڵبژاردووە.
ئەم مۆدێلە بۆ سەروا، تەنیا هۆکاری ترپەی ئارام و لەسەرخۆی سەرەتای شێعر نییە. هۆکاری تریش کەڵکیان لێوەرگیراوە. شاعیر دەیهەوێ بڵێ، پێش ئەوەی تاو هەڵبێ، من خەریکی کار دەبم. بەڵام ئەو قسەیە هەروا سووك و خێرا نەگوتراوە. بەرلەوەی بەشی دووەمی ڕستەی سەرەوە بدرکێندرێ (من خەریکی کار دەبم)، دە بەند واتە چل نیوە بەیت نووسراوە. درکاندنی بەشی سەرەکیی ڕستەی سەرەوە، هێندەی چل نیوە بەیت وەدوا خراوە. لەم چل نیوە بەیتەدا، بیست جار دەستەواژەی (پێش ئەوەی...) دووپات بووەتەوە. بەو دووپات بوونەوە و وەدوا خرانە، زۆر بەباشی کەشێکی چیرۆکیی پڕ لە هەڵواسران و هەڵپەسێردران (تەعلیق) ساز کراوە.
لە بیرمان نەچێ، هێمن چیرۆکبێژێکی چازانە و لە زۆر شێعریدا کەڵکی لە ڕەگەزەکانی چیرۆك وەرگرتووە، شێعری وەك «کاروانی خەبات» و «ئێوارەی پاییز» شایەتی ئەم قسەیەن. دوای ئەوەی بیست جار دەستەواژەی «پێش ئەوەی..» دووپات دەبێتەوە و مەبەستە سەرەکییەکە هەر نادرکێندرێ و بەم شێوەیە کەشی هەڵواسران زۆر چاك ئامادە دەبێ، شاعیر بۆ تێپەڕاندنی خوێنەر لەو ترپە و مۆسیقا ئارامە، بۆ ترپەیەکی توندتر، کەڵکی لە تەمهیدێکی تریش وەرگرتووە. لەو دە بەندە، ناوەڕۆکی حەوت بەندی سەرەتا باسی دیاردەی ناسك و هەست بزوێنن. بەڵام سێ بەندەکەی دواتر باسی دیاردەی ناحەز و ناحەق دەکەن. باسی دیاردە ناسکەکان لەپێشدا هاتوون، بەڵام باسی دیاردە دزێوەکان دوایێ هاتووە. ئەو تەمهیدە وای لە خوێنەر کردووە لە کۆتایی ئەو دە بەندەدا ڕیتمە ئارامەکە هەر ڕابگرێ، بەڵام بە هۆی ئەو هەڵواسرانە مەیلەو درێژە و بە هۆی وەسفی ئەو دیاردە دزێوانەوە، سەبری نەمێنێ و زۆرچاك ئامادەبێ ترپە خاوەکە بتەقێنێتەوە و بەسەر ترپەیێکی توندتر و تووڕەتر و یەکبڕانەتردا بکەوێ. ئەگەر بەندەکانی سەرەتا ئاوا باسی بەختەوەری و دڵتەڕی دەکەن:

پێش ئەوەی لاوی بەختەوەر
دەم ڕاگوێزێ لەسەر خاڵان

پێش ئەوەی شەوگەڕی دڵتەڕ
وەڕەز بێ لە ماڵەوماڵان

دوایێ لە سێ بەندەکەی تردا بەو دیاردانەی لە ڕوانگەی خۆیەوە ناحەزن ئۆقرە لە خوێنەر دەگرێ:

پێش ئەوەی حاجی سەلەمخۆر
هەژارێك هەڵنێ بە تەماڵ

پێش ئەوەی ڕێچکە ببەستن
بۆ مزگەوتێ شان بە بەرماڵ (بەندی٨)

پێش ئەوەی دەروێشی چڵکن
پەنجەی خەلیفەی کوشیبێ

پێش ئەوەی شێخ وەك تارمایی
بەرەو خانەقا خوشیبێ (بەندی٩)

پێش ئەوەی گزیری بەدفەڕ
لەدیوەخان پاروو بادا

پێش ئەوەی خاتوونێك بەناز
پەردەی کۆشکی ئاغا لادا (بەندی١٠)

ئیتر لێرەدا کاتی ئەوە هاتووە هەودای ئەو ترپە خاو و ئارامە بپسێ و کۆتایی بە کەشی درێژی داهێڵدران بێ و خوێنەر بچێتە فازی ڕیتمێکی توندتر و گورجترەوە. ڕیتمێك کە هاوکات ڕیتمی بەسەرچوونی سەبر دوای ئەو هەڵواسرانە مەیلەو درێژە و ڕیتمی تووڕەیی لەو دیاردە دزێوانە و هەروەها ڕیتمی کاری جووتیارێکە. لەبیرمان بێ ڕیتمی کاری جووتیارێکی بەدەستوبرد و گورجوگۆڵ، ڕیتمێکی توند و نائارامە و لەگەڵ خاوی و سستییدا یەك ناگرێتەوە:

من کاوی خۆم لە کار دیوە
من جەرگی زەویم دڕیوە

من شێلەگەم هەڵبڕیوە
من یەکسەریم ئاخنیوە (بەندی١١)

لە بەندی یازدەهەمدا بە سێ شێوە مۆسیقای ناوەکیی بەندەکە توندتر بووە:
یەکەم: هەرچوار نیوەبەیت بە وشەی «من» دەست پێدەکەن.
دووەم: هەرچوار نیوەبەیت خاوەنی یەك سەروان. لەسەرجەمی ئەوە دوو خاڵە بە ئەم ئاکامە دەگەین کە مۆدێلی کرژیAAAA نەك هەر بۆ کۆتایی نیوەبەیتەکانی ئەم بەندە، بەڵکوو بۆ سەرەتاکانیشیان کەڵکی لێوەرگیراوە، واتە ئەم مۆدێلە بە شێوەیەکی دووقات دەکار کراوە. چوار جار دووپات بوونەوەی وشەی «من» جگە لە مۆسیقایێکی توند، ناوەڕۆکێکی چالاك و کردەوەخوازانەشی لەم بەندەدا خولقاندووە.
سێیەم: جگە لە سەروای وشەکانی «دیوە» و «دڕیوە» و «ئاخنیوە»دا، کەرتی (im) لە وشەکانی «زەویم» و «یەکسەریم» دا دەنگدانەوەیەکی تایبەتی هەیە و هەروەها مۆسیقایێکیش لە جیناسی ناتەواوی دوو وشەی «کار» و «کاو»دا هەیە.
شێعر بەم شێوەیەی خوارەوە بە بەندەکانی دوازدە و سێزدە، درێژەی پێدەدرێ:

من ڕێزەسواڵەم داناوە
شەغرە وێنجەم پێوەداوە

من گاگێڕەم تێر کراوە
یا خۆیانم وەرگێڕاوە (بەندی ١٢)

هاوین و پاییز و بەهار
هەتاو لێی نەداوم بێکار (بەندی١٣)

گوتمان لە بەندی یازدەهەمدا ڕیتمی شێعر توندە. بەندی دوازدەهەمیش ئەگەرچی ڕیتمەکەی هەر توندە، بەڵام لەچاو بەندی یازدەهەم کەمێك خاوترە. لە بەندی سێزدەهەمدا، ڕیتم هێندەی دیکەش خاو دەبێتەوە. ئەو خاوبوونەوە مۆسیقاییە چۆن یەکابەدوو ڕووی داوە؟
وەڵام ئەمەیە: ڕاستە لە بەندی دوازدەهەمدا وەکوو بەندی یازدەهەم، هەر چوار سەروا یەکن، (داناوە، پێوەداوە، تێرکراوە، وەرگێڕاوە) ئەم هۆکارە نەیهێشتووە ئاوازی بەندەکە بە تەواوی خاو بێتەوە، بەڵام لە بەندی یازدەهەمدا هەر چوار نیوەبەیت بە وشەی «من» دەست پێدەکەن کەچی لە بەندی دوازدەهەمدا ئەو دووپات بوونەوەیە دەبێ بە دووجار. جگە لەمە، لەم بەندەدا ئەو مۆسیقا دەروونییە کە لە بەندی پێشوودا بە هۆی هاوشێوەیی وشەکانی «کار» و «کاو» لە لایێك و «زەویم» و «یەکسەریم» لەلایێکی دیکەدا هەبوو، وەبەرچاو نایێ. جگە لەمانە، هەردوو بەندی یازدە و دوازدە ـ وەکوو هەموو بەندەکانی پێشو ـ لەخۆگری چوار نیوەبەیتن، بەڵام لە بەندی سێزدەدا خوێنەر لەپڕێکدا بەسەر بەندێکی تاکبەیتیدا دەکەوێ و ئەم بەسەرداکەوتنە لەناکاو وەك تۆرمزێك بەجارێك خێرایی ڕیتمی خوێندنەوەکە خاو دەکاتەوە.
بەندی دوای ئەوە، پێنج بەیت لەخۆی دەگرێ کە بە شێوەی مەسنەوی گوتراوە. ڕیتمی ئەو بەندە ڕیتمێکی ئاساییە، واتە نە خاوە و نە کرژە. هەر لەم بەندە بە ڕیتمی ئاسایی‌دایە کە مەبەستی سەرەکی و کاکڵی نێوەڕۆکی شێعرەکە درکێندراوە. سەرنج بدەنە ئەو خاڵە کە چ شوێنێك لە شێعرەکە بۆ درکاندنی کاکڵی مەبەستی شێعر هەڵبژێردراوە. شوێنێك بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە کە نە وەکوو هەورازی بەندە خاوەکانە و نە وەکوو لێژایی بەندە کرژەکانە، بەڵکوو گۆڕاییێکی لەبار بۆ بەدەستەوەدانی کاکڵی شێعرەکە هەڵبژێردراوە. ناوی شێعرەکەش هەر لەم بەندە وەرگیراوە:

من جووتیارم من جووتیارم
من لەگەڵ هەتاو هاوکارم

من بە ئارەق و ئەو بە تین
دامانڕشتووە بناخەی ژین

باسکی من و تیشکی ئەوی
بژیو دەستێنین لە زەوی

گەر جووتیار ئارەق نەڕێژێ
گەر هەتاو تیشك ناوێژێ

دانیشتووی ناو کۆشك و قەڵا
دەخۆن نانی گەڵا گەڵا؟ (بەندی ١٤)

بەندی دوای ئەوە بە «بەڵام» دەست پێدەکا. پەیامی ڕاستەوخۆ و بێ‌پێچ‌وپەنای ئەو بەڵامە ئەوەیە کە ئەو دۆخە ئاساییە و ئەو گۆڕاییە لەبارە ناتوانێ بەردەوامبێ و نالەبارییەك لە گۆڕێدایە کە دەبێتە هۆی دەنگهەڵبڕین. لێرەشدا وەکوو دە بەندی سەرەتایی، تەعلیق و هەڵپەسێردرانێکی دیکە وەبەرچاو دەکەوێ. لەم بەندە دوازدە بەیتییەدا (کە مۆدێلی سەرواکانی مۆدێلی مەسنەوییە) بیست و دوو جار وشەی «نە» لە شێوەیەکی نەگۆڕی دەربڕێندا دووپات دەبێتەوە:

بەڵام حەیف ئێستاش لێرە
من برسیم و کەسێك تێرە

نە قەت ئارەقی ئەسڕیوە
نە قەت گەوزی هەڵبڕیوە

نە مەچەکی جەمام بووە
نە چۆڵەمەی لەجێ چووە

نە ئەنگوستی ڕاگیراوە
نە داسوو لەچاوی داوە

لە بیرمان بێ ئەو شێوە دەربڕینە خاوەنی دەلالەتێکی سەلبی و دەلالەتێکی ئیجابییە. دەلالەتە سەلبییەکە ڕاستەوخۆیە. شێعر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە کرداری نەرێ لە بارەی کابرای تێرەوە دەڵێ لە بەر بارانێ نەخووساوە و نووسەکەی پێوە نەنووساوە و. هتد. بەڵام ئەو دەربڕینە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆش دەیهەوێ بڵێ «بەڵام» من لەبەر بارانێ خووساوم و نووسەکەم پێوە نووساوە و.. «بەڵام حەیف» ئەو کابرایە کە هیچکام لەو چەرمەسەرییانەی نەدیوە و بەقاعیدە دەبێ برسی بێ، تێرە. منیش کە هەموو ئەو ئازارانەم چێشتووە و دەبێ تێر بم، برسیم. ئەو نێوەڕۆکە دیسان خوێنەر تووڕە دەکا. ئەو تووڕە بوونە بە هۆی بیست و دووجار دووپات بوونەوەی مۆدێلی هاوشێوەی «نە قەت ئارەقی ئەسڕیوە»، دەگاتە ئەوپەڕی خۆی.

نە زوقمی بەسەردا باری
نە لە قوڕدا کەوت باری

نە دی شەو و شەونخوونی
نە چێشتی دەردی نەبوونی

کارکردێك کە ئەم دووپاتبوونەوە و دواخرانە هەیەتی، بریتییە لە زەمینە خۆشکردن بۆ تەقینەوەیەکی مۆسیقایی و ناوەڕۆکی لە بەندی دوایی و ئاکامی ئەم شێعرەدا. لەم بەندەدا، منی شێعریی بڕیاری دوایی خۆی بۆ ڕاپەڕین دەدا. بڕیارێك کە لە ناخی خۆیدا هەڵگری خرۆشێکی تایبەتییە و ئەو تەقینەوە مۆسیقاییە لەگەڵ ئەو خرۆشە تایبەتە، یەك دەگرنەوە:

تاکەی وابم تاکەی وابم
دەس بەتاڵ و ڕەنج بەبا بم؟

تاکەی ڕەنجی شان و پیلم
بۆ دوژمن بێ، بۆ من دیلم؟

لێرەدا کارکردی ڕستەی پرسیار بەڕاستی پرسیار کردن نییە، بەڵکوو نیشاندانی وشیار بوونەوەیە. وشیاربوونەوەیێك کە بە وشەی«نا»وە دەلکێ، نای نەفی کردنەوە. ئەو دوو «نا»یەی خوارەوە گورزێکە لەو بیست و دوو «نە»یەی پێشوو دەوەشێندرێ.

نا نا تازە ڕاپەڕیوم
ناتوانن بدەن فریوم

ڕێبازی شۆڕش بەرنادەم
مەودا بە داگیرکەر نادەم

لە شان و باهۆی خۆم ڕادی
هەڵگرم ئاڵای ئازادی

ئەو ڕستانە، لەوانەیە دروشمیان تێدا هەبێ، بەڵام سەرنج بدەنە ئەو خاڵە کە دروشمەکان لەناو چ زەمینەیەکی هونەریدا جێی خۆیان خۆش کردووە. دەبینین ریالیسمی سوسیالیستیی هێمن دروشمێکی ڕووت و دەنگ هەڵبڕینێکی ناهونەری نییە، بەڵکوو لە بەرگێکی نیانی ناسککاریی هونەریدا وەرپێچراوە.

-----------------------------

(١). هێمن، هەواری خاڵی، هەولێر، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، ل٨٦
(٢) ـ دوای نووسینی ئەم وتارە لە دکتۆر عوسمان دەشتیم بیست ئەو دۆستەی مامۆستا هێمن لێرە باسی دەکا دکتۆر ئەمیر حەسەنپوورە.
(٣) ـ سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦

# چالێشی دێموکراسی لە ئێراندا

■ عەبدوڵڵا حیجاب
■ وەرگێڕان: کوردستان

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

### مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوە

مافی نەتەوەکان بۆ دیاریکردنی چارەنووس، بنەڕەتیترین مافی داڕێژراوە کە لە ڕاگەیەندراوی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافی مرۆڤدا هاتووە. بەڵام بە هۆی هەبوونی زەینییەتێك کە لە پێوەندی لەگەڵ چەمکی نەتەوە، پرسی نەتەوەیی و مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا زاڵە، مافی دیاریکردنی چارەنووس، مافە نەتەوەییەکان و تەنانەت مافی بەشداریکردن لە بڕیاردانە سیاسییەکان و پەرەپێدانی کولتووری نەتەوەیی، لە چاوچێوەی دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان و ئەو نەتەوانەی کە بازنەی دەسەڵات پێك دەهێنن، بەرتەسك کراون. یەکەکانی دەرەوەی نەتەوەکانی تورك لە تورکیە، فارس لە ئێران و عەرەب لە سووریە (و عێراق)، پێگەی سیاسی، کولتووری و نەتەوەیی تایبەتیان نیە.

بەم پێیە، چەمکی نەتەوە و مافی نەتەوەیی، بەو جۆرەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی زاڵدا بەکار دەهێنرێن، تەنیا بۆ ئەو یەکە نەتەوەییەی کە دەوڵەتی نەتەوەیی پێك هێناوە، بەکار دەهێنرێن. پرۆسەی گەشەی نەتەوە، مافە بنەڕەتییەکانی نەتەوە و تەنانەت گەشەکردنی دێموکراسی، بەپێی ئەو شێوە تێگەیشتنە، بە ڕەوتی خۆگونجاندنی گرووپەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات لەگەڵ کولتوور و بەها زاڵەکان یان لە ڕاستیدا قبووڵکردنی شوناسی ناخودی یان حاشالەخۆکردن و بەڕێوەبردنی ئەو ئەرکە دیاریکراوانە دەگوترێ کە لە لایەن ناوەندەوە دیاری کراون.

بە پێی ئەم شێوە تێگەیشتنە، ئەگەرچی زەینییەتی زاڵ، «قەومە ئێرانییەکان» بە بەشێك لە گرووپە پێکهێنەرەکانی «نەتەوەی ئێران» لەقەڵەم دەدا، بەڵام لە کردەوەدا وشەی ئێران بە واتای کولتوور، زمان، نەریتەکان، دابەکان و مەزهەبی نەتەوە یان قەومییەتی فارس بەکار دەهێنێ. هەر بەو جۆرەی کە تورکیە، وشەی نەتەوە بۆ نەتەوەی تورك و ئەو خەڵکەی کە لە چوارچێوەی وڵاتی تورکیەدا کولتوور و بەهاکانی تورك زمانەکانیان قبووڵ کردووە، بەکار دەهێنێ. لە عێراق و سووریەشدا، تێگەیشتنی ناوەند لە وشەی نەتەوە، نزیکایەتییەکی زۆری لەگەڵ ئەو چەمکە بەکارهێنراوانە لە وڵاتانی دراوسێیاندا هەیە. هەرچەند عێراق لە ساڵی ١٩٧١ەوە، شوناسی «غەیرەعەرەبی»ی کوردەکانی لە یاسای بنەڕەتیی خۆیدا قبووڵ کردووە، بەڵام بۆ گۆڕینی ئەو شێوە تێگەیشتنە لە ئەدەبیاتی سیاسی وڵاتدا، تەنانەت پاش دارمانی دەسەڵاتی سەددام حوسێن و پەسندکردنی یاسای بنەڕەتیی دەوڵەتی فیدراڵیش، کارێکی جیدی نەکراوە.

### نەتەوەی بێدەوڵەت

نەتەوە بێدەوڵەتەکان بەگشتی لەو یەکەگەلە پێك هاتوون کە ئانتۆنی ئێسمیت پییان دەڵێ ئێتنیکە کۆنەکان. دەوڵەتە دەسەڵاتدارەکان لە نموونەگەلێکدا وەك ئێران، شوناسی نەتەوەیی ئەم نەتەوانە لەبەرچاو ناگرن و لە نموونەگەلێکی دیکەدا، دەوڵەتەکان وەکوو گرووپگەلێکی قەومی ناوی ئەم نەتەوانە دەهێنن، بەبێ ئەوەی پێوەندیی نێوان مافە سیاسییەکان و شوناسی ئەم نەتەوانە لەبەرچاو بگرن. کاریگەریی گۆڕانکارییەکانی لێکەوتەی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە سەدەکانی ڕابردوودا لەسەر شکڵگرتنی شوناسگەلێکی نوێ، سەرکەوتوویی دەوڵەتەکان لە بواری ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مەیلی شوناسخوازیی ئەم نەتەوانەی بە شێوەی جیدی بردووەتە ژێر پرسیارەوە. بەو مانا کە قەومییەتی دێرینەی هاوبەش لەم کۆمەڵگاگەلەدا ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بە شێوەیەکی بەرچاوتر دەردەکەوێ و گرینگی پەیدا دەکات. ئەم شوناسە نوێیە لە بەرامبەر شوناسی داسەپێنراوی دەسەڵاتدارانی ناخودیدا، بازنەیەکی یەکگرتوویی نوێ پێك دەهێنێ کە سەروەری و زەینییەتی دەوڵەتی بە چالێش دەکێشێ.

ئەگەر بۆ نموونە باسی کوردستان بکەین، قەومییەتی دێرین و هاوبەشییە کولتوورییە ناوچەییەکان، ڕیشەی نەتەوەیی کوردەکان لە ڕەهەندی ئەوپەڕسنوورییەوە پێکەوە دەبەستێتەوە. ئەم قەومییەتە دێرینە، «ناو و تایبەتمەندیی هاوبەش»، «ئەفسانەی باوپیرانی هاوبەش»، «بیرەوەرییە مێژووییە هاوبەشەکان»، «پێکهاتەی کولتووریی هاوبەش»، «سەرزەوینی هاوبەش» و «هەستی لێکگرێدراوی و هاودەردیی هاوبەش»یان هەیە. هەرچەند بوونی ئەم هاوبەشییە مێژووییانە وەکوو پێویست نەبوونەتە هۆی وەرگرتنی مافی هاوبەش لە جیهانی ئیمڕۆدا، بەڵام ئەم ڕەهەندە هاوبەشانە بۆ نەتەوەی کورد، لە بەراورددا بەها و گرینگییەکی زیاتر لەو ڕەهەندە هاوبەشانەیان هەیە کە دەسەڵاتدارانی ئێران ئەوانە وەکوو هاوبەشییە کولتوورییەکانی «نەتەوەی ئێران» بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەسەپێنن. هاووڵاتییانی عەرەب، ئازەری، بەلووچ و تورکەمەنیش لە ڕەهەندەکانی زمانی، کولتووری و بەستراوییە نەتەوەییەکاندا، هاوبەشیگەلێکی زیاتریان لەگەڵ هاوزمان و هاوکولتوورەکانیان لەمبەروئەوبەری سنووری جوغرافیایی وڵاتی ئێراندا هەیە تا لەگەڵ هاووڵاتییانی دیکەیان لە چوارچێوەی جوغرافیایی وڵاتی ئێراندا.

حاشاهەڵنەگرە کە لە ساڵەکانی دەیەی ٩٠ی سەدەی بیستەمدا، نەتەوەی کورد هەنگاوگەلێکی جیدی لە پێناو شکڵپێدان بە شوناسێکی هاوبەشی نەتەوەیی لەگەڵ هاوزمانەکانیان لە وڵاتە جیاجیاکاندا و بەدەر لە شوناسی دەوڵەتیی زاڵ هەڵگرتووە. پێکهێنانی دامەزراوەی هاوبەشی کولتووری و تەنانەت سیاسی، پەرەگرتنی ئامرازەکانی پێوەندیی گشتی کە هەلی ئاشنایی خەڵکی بەشە جیاجیاکانی لەگەڵ زاراوە و دابونەریتی خەڵکی سەرانسەری کوردستاندا زیاتر ڕەخساندووە، ئاشنایی لەگەڵ ڕەهەندەکانی بەپیتبوونی کولتووری نەتەوەیی، کەڵکوەرگرتن لە سەمبولەکان و دروشمە هاوبەشە نەتەوەییەکان لە سەرانسەری کوردستاندا و هەروەها هەوڵدان لە پێناو بەجیهانیکردنی پرسی سیاسیی کوردستان وەکوو ڕاستییەکی سەربەخۆ لە پرسە سیاسییەکانی دیکەی ناوچەکە، لەو کارە گرینگانەن کە لە پێناو گەشەکردنی شوناسی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بەڕێوە چوون. بزووتنەوە شوناسخوازەکان لە ئازەربایجان، بەلووچستان و خوزستان لەم بوارەدا دەستکەوتگەلێکی کەمتریان نیە.

### ڕێگەکانی تێپەڕین لە چالێش

بیاڤەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی سیاسی یان پریفێری بە واتای پەراوێزنشینان، لەوانەش نەتەوەکان، کەمایەتییە مەزهەبی و کولتووری و زمانییەکان و توێژە پەراوێزییەکانی کۆمەڵگا، ڕۆڵێکی گرینگ لە ڕەوتی دێموکراسیدا دەگێڕن. چوونکە ئەم هێزانە بە پاراستنی هاوسەنگیی هێزەکان، پشتبەستن بە بەرژەوەندییە دوولایەنە یان چەندلایەنەکان، دابەشکردنی دەسەڵات و پێشگرتن بە چڕبوونەوەی لە ناوەندێکدا، شوناسگەلێکی جیاجیا لە جیاتی پێوانەیەك بۆ هەڵاواردن، دەکەنە ئامرازێك بۆ گەیشتن بە یەکسانی. ئەم هاوسەنگیی هێزانە، هاوکات وەها یەکسانییەکی حوقووقی لێدەکەوێتەوە کە بۆ گەشەکردنی هاوسانی ئابووری و هەنگاونان لە پێناو نەمانی هەژاری، مەوداگرتن لە دەمارگرژییەکان و خورافە فیرقەییەکان، پەرەگرتنی عەقڵگەرایی، قبووڵکردنی شوناسە جیاوازەکان و ڕێزدانان بۆیان پێویستە.

یەکەمین هەنگاوێك کە لە پێناو بەشداریدانی گرووپەکانی دەرەوەی بیاڤی دەسەڵات لە بەڕێوەبەریی کاروباری وڵاتدا بە پێویست دێتەئەژمار، پێناسەکردنەوەی چەمکی باوی «نەتەوەی ئێران» و ڕوونکردنەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی یاسایی و حوقووقی ئەو یەکەگەلەیە کە خاوەنی شوناسی سەربەخۆ و جیان. هەنگاوی دواتر، قبووڵکردنی ئەم شوناسانە و ڕێزگرتنیانە لە ڕێگەی پێکهێنانی بوار بۆ گەشە و بەرزبوونەوەی ئاستیان لە لایەکەوە و کامڵکردنی ڕەوتی گەشەی شوناسی هاوبەش و نوێی نەتەوەیی لەسەر بنەمای ماف و بەهای یەکسان لە لایەکی دیکەوەیە. گەشەی ئەم شوناسە دەتوانێ لە بەرەوپێشبردنی دێموکراسی لە ئاستی وڵاتدا و پێکهێنانی ئاشتی و هاریکارییە ئەوپەڕسنوورییەکان لە ناوچەکەدا، ڕۆڵی بنچینەیی بگێڕێ. بەڵام بۆ کامڵبوونی وەها شوناسێکی هاوبەش، پێکهێنانی بەستێنی کردەکی بۆ بەشداریدانی جیدی لە دەسەڵات و هاوکات هەوڵدان بۆ بەهێزبوون و بەرەوپێشچوونی دامەزراوە گشتگیرە نەتەوەییەکان لە سەرانسەری وڵاتدا وەکوو پێویستییەك خۆدەنوێنێ. کەوابوو، چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە لە ئاکامی داخوازی بۆ مافە نەتەوەییەکان و ڕەدکردنەوەی ئەو داخوازییانە لە لایەن دەسەڵاتەوە پێکهاتووە، پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان و لێکتێگەیشتن لەسەر پێگەی یاسایی و حوقووقیی «نەتەوەکان» و «گرووپە قەومییەکان»دا هەیە.

دێموکراسی، تەنیا مۆدێلی سەرکەوتووی سیاسی و سیستمی دێسانترالیزمی بەڕێوەبەریی ناوچەکان، تەنیا شێوازێکی پەسندکراون کە لەسەر بنەمای دەنگ و خواستی زۆرینەی خەڵك لە ناوچە جیاجیاکاندا، ڕێگەی بەشداریدان لە بڕیاردانە سیاسییەکان لە ئاستی سەرانسەریدا ئاوەڵا دەکەن. قبووڵکردنی بنەماکانی دێموکراسی لەوانە بەشداریدانی جەماوەری خەڵك و قبووڵکردنی مافی یەکسان بۆ شارۆمەندان، هەم یارمەتیی چارەسەرکردنی پرسە نەتەوەیی یان قەومییەکانی ناوچەکە دەدات و هەم دەتوانێ لایەنگرانی دێموکراسی، لەوانە نوێنەرانی نەتەوەکانی دەرەوەی بازنەی دەسەڵات وەك کوردەکان، بەلووچەکان، ئازەربایجانییەکان، تورکەمەنەکان، عەرەبەکان و فارسەکان بە دەوری بەرنامەیەکی هاوبەشی سیاسی بۆ دێموکراتیزەکردنی وڵات کۆ بکاتەوە. ئەوەی بۆ ئەم کارەش پێویستە ئەوەیە کە لایەنەکان، پێگەی نەتەوەکان وەکوو یەکەگەلێکی خاوەن مافی یەکسان لە چوارچێوەیەکی هاوبەشی نەتەوەییدا بە فەرمی ناسیبێ و مافی یەکسانیان لەسەر بنەمای ڕێککەوتنێك کۆمەڵایەتی و سیاسیی نوێ قبووڵ کردبێ. بۆ نموونە دیاری بکەن کە کوردەکان لە ڕوانگەیەکی گشتگیرتری ناوچەییدا چ «شوناس»ێکیان هەیە و بەپێی ئەو «شوناس»ە دەتوانن لە چوارچێوەی وڵاتی ئێراندا چ مافگەلێك بەدەست بێنن.

هەر گرووپ و کۆمەڵگایەك دەبێ لە ئێرانی داهاتوودا، ئەم مافەی هەبێ کە ناوی خۆی و شوناسی خۆی پێناسە بکات. قبووڵکردنی شوناسەکان و پێکهێنانی گۆڕانکاری لە سیستمی فێرکاریی وڵات بە مەبەستی پەرەپێدانی فێرکاری بە زمانەکانی نەتەوە جیاجیاکان لە سەرزەوینی دایکییان، بە ڕەوتی دێموکراسی و یەکگرتوویی نەتەوەیی لە وڵاتدا یارمەتی دەکا. هەر لەم کاتەدا دووریکردن لە دەمارگرژییە مەزهەبی، زمانی و کولتوورییەکان بۆ سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی خەڵکی ئێران کارێکی چارەنووسسازە. پێناسەی نوێ لە ئێرانیبوون ناچارە شوناسی نەتەوەیی بە ماف و ئەرکی هاوبەشی هاووڵاتییان و کۆمەڵێك لە هێماکان و ڕێککەوتنە نووسراوی، وتنی و ئاماژەییەکان ببەستێتەوە کە پتر ڕەهەندی دەرهەستیان هەیە تا تێگەیشتنی پشتبەستوو بە دەسەڵات و بە تەواوی دەرهەستی گرووپێکی تایبەت لە شوناس.

ئەوەی ئیمڕۆکە وەکوو بەربەستێك لە بەرامبەر هاریکاریی نەتەوەکان لەگەڵ هێزەکانی دیکەی خوازیاری گۆڕانکاری لە ئێراندا دەبینرێ، تێگەیشتنی جیاواز لەم چەمك و بابەتانە لە لایەن ئەو هێز و ڕەوتانەوەیە کە لە ڕەوتی خەبات لە پێناو گۆڕینی سیستمی سیاسیی هەنووکە و پێکهێنانی سیستمێکی نوێی دێموکراتیك لە ئێراندا دەستیان دەڕوات. کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئەم تێگەیشتنە جیاوازە، ئەوکاتە پتر زیانبارە کە ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە هێزەکانی پێکهێنەری بزووتنەوە یان بزووتنەوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران لەوانە هێزەکانی چالاك لە بزووتنەوە نەتەوەییەکان، سەرەڕای تێپەڕینی سی و چەند ساڵ لە دەستپێکی خەبات لە پێناو گۆڕانی سیاسی لە ئێراندا، هێشتا فۆرموولێکی هاوبەشیان بۆ چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە وڵاتدا نەخستووەتە ڕوو. ئەم پرشوبڵاوییە لە کردەوە و قسەدا، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ئەم گومانە کە مافی دێموکراتیك و ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان، تەنانەت گەر دەسەڵاتدارانی داهاتووی ئێران خۆیان بە ڕەچاوکردنیان بە پێبەند بزانن، دیسانیش تەنیا گرووپێکی تایبەت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و بە تایبەتمەندیگەلێکی دیاریکراوەوە دەگرێتەوە. نموونەی زیندووی ئەم ئیدیعایەش، وڵاتی تورکیەیە کە هەرچەند لە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکەدا، زیاتر خۆی بە پێبەندی ڕێوشوێنە دێموکراتیکەکان دەزانێ، بەڵام هێشتا ئەم پێبەندییەی بۆ قبووڵکردنی شوناسی کوردی «هاووڵاتییان»ی غەیرەتورکی خۆی بەکار نەهێناوە.

بۆ تێپەڕین لە دیکتاتۆری و بەستێنسازی بۆ گەشەی سیستم و کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك، داڕشتنی یاسایەکی بنەڕەتیی نوێ و لائیکی سەرچاوەگرتوو لە بنەماکانی دێموکراسیی لیبراڵ پێویستە. وەها یاسایەك دەبێ جۆراوجۆریی کولتووری، زمانی، نەتەوەیی و مەزهەبی لەخۆ بگرێ. هاوکات دابەشکردنی دادپەروەرانەی هێز و سامان، ڕێزگرتنی دووسەرە بۆ هەموو نەتەوەکان، بووژانەوەی کولتووری نەتەوەکان، دابەشکردنی سەرلەنوێی وڵات لەسەر بنەمای پێکهاتەی جوغرافیای خەڵکی لە بەستێنی مێژووی ناوچەکانی وڵات، بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆجێیی و پێکهێنانی بەستێن بۆ بەشداریی خەڵکی ناوچە جیاوازەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبار لە پێناو داهاتووی هاوبەشی خەڵکی ئێران لە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییدا، زۆر پێویستە.

یەکسانی یاسایی و بەشداریکردن لە بڕیاردانە سیاسییەکان لە کردەوەدا دەبێتە بەربەستی پەرەسەندنی سەرەڕۆیی و ئازادی، بەرابەریی سیاسی، مافی دیاریکردنی چارەنووس و مافە تاکەکەسییەکانیش دابین دەکات. لە وەها هەلومەرجێکدا بەستێنی ئاشتی و پێشڤەچوونی کۆمەڵگا دابین دەبێ و ناکۆکییەکان یان دژایەتییەکانی نێوان گرووپە فیکری، سیاسی و قەومییەکان دەگاتە لانیکەمی خۆی.

ئەگەر ئێرانی ئیمڕۆ بە هۆی توندوتیژی و سەرکوتەوە پێش بە خۆنواندنی شوناسە جۆراوجۆرەکان دەگرێ، ئێران و ئێرانییەکانی سبەینێ دەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی نەتەوەیی و چارەسەرکردنی دادپەروەرانەی ئەو پرسە، سیاسەتێکی دیکە بگرنەبەر. سیاسەتێك کە خاڵی هاوبەشیی جیاوازییە نەتەوەییەکان لە وڵاتدا بکاتە بنەمایەك بۆ نموونەیەکی نوێ لە یەکگرتوویی سیاسی و شوناسی هاوبەش. ئەمەش گرینگترین مەرجی شکڵگرتنی هاوکارییەکی بەردەوام بۆ تێپەڕین لە نیزامی ویلایەتی فەقیە، یارمەتیدان بە پێکهێنانی گۆڕانکاریی دێموکراتیك لە ئێران و چارەسەرکردنی پرسی نەتەوەیی لە داهاتووی ئێرانە.

کاتی ئەوە هاتووە کە داکۆکیکارانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ لە پێناو داهاتوویەکی باشتردا، ڕێگەی وتووێژی سیاسی بگرنە بەر، ڕق و کینەکان بگۆڕن بە هەستیاری، هەستیارییەکان بکەنە لێکتێگەیشتن، لێکتێگەیشتنەکان بکەنە دۆستایەتی و دۆستایەتی بکەنە یەکگرتوویی.



■ ئێلهام چایچی

# ڕۆژی جیهانیی ژن

ڕۆژی ٨ی مارسی ١٨٥٧، کرێکارانی ژنی ڕستن و چنینی کارگاکانی نیویۆرك بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لە بارودۆخی دژواری کار و هەقدەستی نابەرابەر و تەنانەت کەمتر لە پیاوان، مانیان گرت. هێرشی پۆلیس بۆ سەر مانگرتووەکان و لە درێژەی هێرشەکەدا ئاگرکەوتنەوە بە هۆی بەندبوونی کرێکارەکان لە کارگادا، مەرگی ١٢٩ کرێکاری ژنی لەم نارەزایەتییانەدا لێکەوتەوە.

لە درێژایی مێژوودا پاداشی کاری بۆ ژنان بە شێوەی بەرابەر نەبووە و ژنان هەروا بە بیانووی نەبوونی شارەزایی تەواو و پێویست پاداشێکی کەمتریان لە هەمبەر پیاوان وەرگرتووە. تێکەڵبوونی ژنان بە بازاڕی کار هەنگاوێکە بەرەو ئازادی، بەڵام ئەمە بە واتای ڕزگاربوونی تەواوی ژنان لە دۆخی هەبوو نیە. بە هەر حاڵ کاتێك لێهاتوویی و ڕادەی بەشداریی ژنان لە بوارە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی هەر کۆمەڵگایەك نیشانەی پێشکەوتن و ڕادەی دێموکراسی لەو کۆمەڵگادایە، دەبێ بواری وەدیهاتنی ئەم پێشکەوتنانەش بۆ ژنان بڕەخسێ. هەڵاواردنی جنسیەتی، یاسا دژەژنەکان، داب و نەریت و ئەو یاسایانەی کە لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا و... لەو کێشانەن کە لەسەر ڕێگای ئازادی و وەدەستهێنانی مافەکانی ژناندا بۆسەیان ناوتەوە. یەکێك لە دوایین نموونەکان لەم پێوەندییەدا دامەزرانی نەخۆشخانەیەکی یەك جنسیەتی لە لایەن حکوومەتی دژەژنی کۆماری ئیسلامییەوەیە کە بە ڕوونی نیشانەی توندوتیژیی ئامانجدار و ڕێکخراوی ئەم حکوومەتەیە. لە لایەکی دیکەوە لە کاتێکدا کە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵات بە هۆی گوشاری سەرچاوەگرتوو لە گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان ئاڵۆزە، مەترسیی هێرشی سەربازی و گۆڕانکارییەکان، لەوانە نارەزایەتیی خەڵکی سووریە و وڵاتانی عەرەبیی دیکە، کە گوایە چارەنووسیان بە چارەنووسی کۆماری ئیسلامییەوە بەستراوەتەوە، بازنەی گوشار بۆ سەرکۆماری ئیسلامی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ.

لە ساڵی ٢٠١١دا، دەفتەری بەرنامەی گەشەپێدانی ڕێکحراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕاپۆرتێکی بە ناوی گەشەپێدانی مرۆڤی بڵاوکردووە کە تێیدا ئێران لە پێوەندی لەگەڵ پێوەری نابەرابەریی جنسیەتیدا لە نێو ١٨٧ وڵاتدا، پلەی ٩٢ بۆ خۆی تەرخان کردبوو. هەرچەند ڕاپۆرتی فرۆمی جیهانیی ئابووری لە بارەی درزی ئابووری لە هەمان ساڵدا ئێرانی لە نێو ١٣٥ وڵاتدا لە پلەی ١٢٥دا دانابوو کە ئەمە نیشانەی هەوڵنەدانی ئەم وڵاتە بۆ لابردنی درزی جنسیەتی لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٦ تا ٢٠١١ دایە. ئەم ژمارانە نیشانەی ئەو ڕاستییەن کە ژنان لە زۆر بواردا هۆگریی پێویستیان بۆ گرتنە دەستی پلە و پایە گرینگەکان و چوونە نێو بازاڕی کار بۆ بازرگانی و بەڕێوەبەرایەتیی کارخانە و ... نیە. چوونکە ئەم ژنانە لەگەڵ بەربەستی زۆردا وەکوو بەرتەسکبوونی ئازادییە تاکەکەسییەکان، نەبوونی ئازادی لە چۆنیەتیی جل لەبەرکردندا، نەبوونی ئاسایشی گیانی و کاری، نەبوونی دەرفەتی کار، هەقدەستی نابەرابەر، کاتژمێری کاریی نابەرابەر، نابەرابەری لە خوێندن یان کار لە تەواوی بوارەکاندا، ڕوانگەی فەرهەنگیی کۆمەڵگای پیاوسالار و ئەو یاسایانەن کە پشتیوانی لێدەکەن، بەرەوڕوون کە نە تەنیا بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لە لایەن دەوڵەت و حکوومەتەوە هیچ میکانیزمێك پێشنیار ناکرێ بەڵکوو لە هەوڵی بەهێزکردنی فەرهەنگی پیاوسالار و خستنەپەراوێزی ژنان لە کۆمەڵگادان.

بەڵام لە ساڵێکدا کە تێپەڕی ڕەوشی ژنان لە جیهاندا چۆن بوو؟

بە دەسپێکی وەرزێکی نوێ بە ناوی «بەهار» لە وڵاتانی عەرەبیدا و ئارەزووی ئازادی و دێموکراسی لەم وڵاتانەدا و بە دوای ئەوەدا ڕوودانی شەڕە نێوخۆییەکان لە نێوان نارازییان و بەکرێگیراوانی حکوومەتیدا، سەرەکیترین زیانەکان بەر ژنان و منداڵان کەوت. شەڕ و کوشتوبڕ، هەژاری و برسیەتی، لە دەستدانی سەرپەنا و دەستدرێژیی جینسی و ... لەو کێشانەن کە ژنانی ئەم وڵاتانە لەگەڵیان بەرەوڕوون. سەرەڕای ئەوە کە ژنان بەتایبەتی لە وڵاتی میسر بە بەشداریی بەرچاوی خۆیان لە خۆپیشاندانەکاندا بەشداریی هەمیشەییان لە ڕیزەکانی خەبات دژی دیکتاتۆری ڕاگەیاند، دەستکە و تێکی وەهایان لەم بەهارە نەبوو، لە ٨ی مارسی ساڵی پێشویشدا ژنان بۆ بەڕێوەبردنی ڕۆژی جیهانیی



ژن چوونە مەیدانی تەحریر بەڵام لەگەڵ دژکردەوەی توندی دەمارگرژە مەزهەبیەکاندا بەرەوڕووبوون کە بە هەراوهوریا و توندوتیژی پێیانیان دەگوت: «بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانتان، داخوازییەکانی ئێوە دژی دینە». لەم نێوانەدا سوپاش بۆ پشتیوانی لە دەمارگرژە مەزهەبییەکان، هەڕەشەی تاقیکاریی پەردەی کچێنی لە ژنان دەکرد.

بە ڕوونبوونەوەی ئاکامەکانی هەڵبژاردن لە میسردا و وەدەستهێنانی زۆربەی کورسییەکانی پارلمان لە لایەن حیزبی ئازادی و دادپەروەری، سەر بە ئیخوانولموسلمین و حیزبی ئەلنوور، سەر بە سەلەفییەکانی میسر زەنگی مەترسی بۆ سەر ڕەوشی ژنان لێدرا. ئەم حیزبانە پاش سەرکەوتن لە هەڵبژاردندا ڕایانگەیاند کە بەشداریی ژنانی نوێنەر لە پارلماندا، واتە هەبوونی شەیتان لە پارلمانی ئەم وڵاتەدا.

ئازادیی ژنان لە کۆمەڵگادا، پێوانەی سەرەکیی ئازادیی ژنان لە هەر کۆمەڵگایەکدایە، گوایە بەهاری عەرەبی و شۆڕشی ساڵی ٥٧ لە سەرەتای سەرکەوتنیانەوە بە پێکهێنانی بەربەستگەلی گەورە لە سەر ڕێگای ژنان، دروشمی ئازادی و دادپەروەری کە هۆکاری سەرەکی هاتنە مەیدانی ژنان بوو لە بیر کردووە.

## جووت حەوت

هەوراز

ـ ئاخوند ئەحمەد عەلەمولهودا، بەرنوێژی هەینیی مەشهەد کە بە سەرهەڵدانی ئەو، مەلا حەسەنی بازاڕی شکاوە، ڕایگەیاندووە کە: ئێمە(واتە کۆماری ئیسلامی) لە هەلومەرجی پاش خەیبەرداین».

پێشتر عەسکەر ئەولادی ڕایگەیاندبوو کە «ئێمە لە هەلومەرجی شعبی ئەبیتالبداین» هەروەها وەلی فەقیە گوتبووی»ئێمە لە هەلومەرجی بەدر و خەیبەرداین».

کاتی خۆی سەدام حوسەین پێی وابوو لە هەلومەرجی شەڕی »قادسیە»دایە، هەروەها بووشی دووەم لە هەلومەرجی»شەڕی سەلیبی»دا بوو.

بەگشتی، وادیارە ئەم خەڵکە نایانهەوێ بەم زوانە بگەیەنە هەلومەرجی سەردەمی ئینفۆرماتیك و چاتکردن بە فەیسبووك و شەڕە جنێوی فیلسۆفانەی سەر ماڵپەڕەکان. خۆزگەم بە قاوەخانەی مام خدر کە لانیکەم لە سەردەمی فەتحعەلیشا و تورکمانچای تێپەڕیوە و تووتن فرۆشییەکەی کردۆتە دیجیتاڵ.

هەر لەم ڕۆژانەیە کە ئەحمەد جەننەتی بڵێت:»ئێمە لە سەردەمی» تووفانی نووح» داین و کەڕووبی و مووسەوی پێیان وابێت «لە سەردەمی زێڕینی ئیمام ڕوحوڵڵادا».

ـ هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی مەجلیسی ڕێژیم لە حاڵێکدا بەڕێوە چوو کە ئامانجە گشتییەکانی ئەم هەڵبژاردنە بەپێی تێگەیشتنی ئێمە لە لێدوانی بەرپرسانی پێوەندیدار بریتی دەبن لە: بەڕێوەچوونی هەڵبژاردن، تەواوبوونی هەڵبژاردن، ڕاکێشانی ئوممەت بۆ سەر سەحنە، درێژکردنی ڕیزی دەنگدەران، شکاندنی لووت و ددانی ئەمریکا و ئیسراییل و ئینگلیس و ئێمە و ئەوان و ئەمان و تەنانەت خۆیان، بە جێهێنانی ئەرك و تەکلیفی نیشتمانی، شەرعی و ...، نوێکردنەوەی بەیعەت لەگەڵ ئێسك و پرووسکی ئیمامی ڕاحل و بەناو شەهیدانی شەڕ و بەناو شەهیدانی ناوکی، «لبیك» گوتن بە ئەمری ئیمامی حازر و غایب، قیرتاوکردنەوەی هەموو جادەکان بەپێی نەریتی پێشوو لەسەر کاغەز، دۆزینەوەی کاری شەرافەتمەندانە و چارەسەرکردنی دووبارەی هەژاری و .. بۆ خەڵك لەسەر کاغەز، خەوتن لە کاتی کاری مەجلیسدا، یارمەتیدان بە ڕەوتی ئاسانکردنەوەی ئیعدامەکان بۆ خزمەتی هەرچی زیاتری هاوڵاتیان، داخستنی گۆڤار و ڕۆژنامە قەڵەمفرۆش و بێگانەپەرەستەکان( ها! ببوورن، ئەمەیان تەواو بووە)، یارمەتیدان بە دەوڵەتی خزمەتگوزار لە پێناوی ئیتاعەتی ئەمری شاهانەدا. خوایە پارلمانتاریزم چەند وشەیەکی گوناحە؟!

ـ ئایەتوڵڵا خامنەیی لە پێناسەی بەسیجدا گوتوویە:»بەسیج لە بۆمبی ئەتۆم مەترسیدارترە» خامنەیی هەروەها گوتی:»ئێمە لە بنەڕەتدا بۆمبی ئەتۆم بە حەرام دەزانین»، خامنەیی نەیگوت کە «بەسیج لە بۆمبی ئەتۆم حەرامترە» بەڵکوو گوتوویە»مەترسیدارترە». کە واتە مەترسییەکەی بەسیج ئەوەیە کە زامنی لەسەر نیە و لە خۆڕاوە دەتەقێتەوە، بەتایبەتی ئەگەر کەسێکی وەك فیرووزئابادی بێت کە مەترسیی تەقینەوەکەی بۆ وتنیش نابێت.

■ ناسر ساڵحی ئەسڵ

# ڕێگایەک بەرەو هەتاو

نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران وەك نەتەوەیەکی ژێردەستە و زوڵملێکراو، بەردەوام و بێ پسانەوە بۆ دابینکردنی مافی نەتەوایەتی، بە کردەوە لە هەوڵی خەبات و تێکۆشاندا بووە. ڕۆڵە بە ئەمەگەکانی نەتەوەی کورد بە دژی دوژمنانی ئازادی، دێموکراسی و مافی نەتەوایەتی خەباتیان کردووە و لەم ڕێگایەشدا بەنرخترین قوربانییان پێشکەش بەم ڕێگا پیرۆزە کردووە. هەر بۆیە لە کۆمەڵگای کوردستاندا ئەو کەسانەی کە ئامادە بوون گیانی خۆیان لە پێناو ئەو ئامانج و ڕێگا پیرۆزەدا بەخت بکەن بە شەهید ناودێر کراون.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاویدا، خەڵکی کوردستانی ئێران لە نەورۆزی خوێناویی ١٣٥٨ی هەتاویدا بە نرخێکی زۆر گران توانیان لە بەرامبەر هێرشی دڕندانە و دژە مرۆییانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا ڕاوەستن، تا لە خواستەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران کە ئازادی و دێموکراسی بوو پارێزگاری بکەن. لە لایەکی دیکەوە کوردستان ببوو بە گۆڕەپانێك بۆ پەنادانی شۆڕشگێڕەکانی گەلانی ئێران کە لە دەستی جەللادانی ڕێژیمی خومەینی خۆیان دەرباز کردبوو.

نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران لە پێناو ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیدا زیاتر لە ٥٠ هەزار شەهیدی داوە و زەرەر و زیانی ماڵیی بەرچاوی وێکەوتووە و بە هەزاران کەسی ئاوارە و دەربەدەر کراون، بەڵام هەرگیز سەری بۆ دیکتاتۆریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران دانەنواندووە و لە دێموکراسی و ئازادی و مافی نەتەوایەتیی گەلانی ئێران دیفاعی کردووە. لە مانگی ڕەشەمەی ١٣٦١دا هێزەکانی ڕێژیم پەلامارێکی پان و بەرینیان بۆ سەر کوردستان دەست پێکرد، کە

**هێزە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٦١ی هەتاویدا، هێرشیان کردە سەر پێنج گوندی دەوروبەری نەغەدە و شارویرانی مەهاباد و نزیک بە ٤٠ کەسی بێدیفاعیان لە ژن و منداڵ و پیرەپیاو لە گوندەکانی دێلال چەرخ، سۆفیان، سەروکانی، کەرێزە، قەڵاتان شەهید کرد**

ئامانجیان تەنیا هێزی پێشمەرگە نەبوو بەڵکوو بەچۆکداهێنانی خەڵکی کوردستان بوو. هێزە چەکدارە بەکرێگیراوەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەی ١٣٦١ی هەتاویدا، هێرشیان کردە سەر پێنج گوندی دەوروبەری نەغەدە و شاروێرانی مەهاباد و نزیك بە ٤٠ کەسی بێدیفاعیان لە ژن و منداڵ و پیرەپیاو لە گوندەکانی دێلال چەرخ، سۆفیان، سەروکانی، کەرێزە، قەڵاتان شەهید کرد.

هەروەها هەر لە ڕێکەوتی ٩ی ڕەشەمەدا، ١٢ کەس لە ڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی شاری سەقزیان بە تاوانی کوردبوون ئێعدام کرد.

ناوەکانی ٩ کەس لە شەهیدەکانی شاری سەقز بریتین لە:

١ـ سەعید مورادخانی ٢ـ سمایل فەیزی ٣ـ عەلی مەولانی ٤ـ حەمە چاخلونی ٥ـ تەها فەرجیپوور ٦ـ سەعید حوسێنزادە ٧ـ ساڵح بەهرامی ٨ـ فاتمە محەممەدی ٩ـ شەهرام حەسەنی.

تەنیا تاوانی ئەو کەسانە ئەوە بوو کە ئامادە نەبوون دەسەڵاتی ڕەشی ئیستبدادی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قبووڵ بکەن، هەر بۆیە وەبەر ڕق و قینی خومەینی و دارو دەستەکەی کەوتن و ڕێژیمیش بۆ بەرزراگرتنی ئەم تاوانە گەورانە، بکەرانی ئەم کارەساتەی بە باشترین و بەرزترین پلە و پایە حکوومەتییەکان گەیاند.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەم کردەوەیە دەیەویست نەك هەر جووڵانەوەی خەباتی پڕ لە شانازیی چەکداری لە کوردستاندا سەرکوت بکات، بەڵکوو گەلی ڕاپەڕیوی کورد لە ئامانجە پیرۆزەکانی پاشگەز بکاتەوە و بە چۆکیدا بهێنێت. خومەینی بە ئاشکرا و بە کردەوە، دژی گەلی کورد فتوای جیهادی دابوو، چوونکە دەیزانی ئەوە کوردستانە کە لە بەرامبەر ڕێژیمی سەرەڕۆی ئاخووندەکاندا قارەمانانە ڕاپەڕیوە و بەربەرەکانێ دەکات و ئاڵای دیفاع لە ئازادی و دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی شەکاوە ڕاگرتووە.

ڕاستە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێراندا بە درێژایی مێژوو لە پێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانیدا خەباتی کردووە و لەم ڕێگایەشدا قوربانی زۆر بە نرخی داوە. هەر بۆیە نەتەوەی کورد وەك گەلێکی زیندوو و شۆڕشگێڕ سەرەڕای تەواوی ئەو گوشار و جینایەتانە تەسلیم نەبووە، چوونکە ڕێنوێنییەکانی حیزبە پێشڕەو و شۆڕشگێڕەکەی «حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران»ی بە گیان و بە دڵ وەرگرتووە و قارەمانانە لە مافی نەتەوایەتی و مافەکانی مرۆڤ دیفاع دەکات و تا دەستەبەرکردنی ئەو مافانە لە خەبات و تێکۆشان دەست هەڵناگرێت.

# ئێرانی ناوکی و کاریگەرییەکانی لە ناوچەکەدا

■ وەرگێڕان: ڕێبوار فانی
■ وەرگێڕان بۆ کوردی: فاتیح ساڵحی

ئەگەری زۆری هەیە قوربانییانی سەرەکیی راستەقینەی پێوەندیدار بە ئێرانی تەیار بە چەکی ناوکی، وڵاتانی ئامریکا و ئیسراییل نەبن. بەڵکوو ئەم گرفتە زیاتر بۆ وڵاتانی قەراخی کەنداوی فارس جێگەی سەرنجە. وڵاتانێك کە لە ململانێی هەوڵێکی بێ‌وچان و دژواردان بە مەبەستی پێکهێنانی قەڵغانێك لە بەرامبەر هەڕەشە ناوکییەکانی کۆماری ئیسلامیدا وا دێتە بەرچاو کە هەنووکە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی ئەم رێگەیەدان.

عەرەبستانی سعوودی لە ئێستادا بە شێوەیەکی جیددی نەیتوانیوە هەڵوێستی راستەقینەی خۆی لە پێوەندی لەگەڵ چییەتی و ئامانجە کۆتاییەکانی پرۆگرامە ناوکییەکانی ئێران کە بابەتی سەرزاری کۆڕ و کۆبوونەوە نێونەتەوەییەکانە دەربرِێ و لە لایەکی دیکەشەوە هێشتا توانا و ئامادەیی رێبەریکردنی هێرشێکی سەربازی بۆ سەر ئێران لە خۆیدا نابینێ. بەڵام بە راگەیاندنی قەرەبووکردنەوەی هەر جۆرە کەمبوونێك لە بازاڕی نێونەتەوەیی نەوتدا لە حاڵەتی گەمارۆی نەوتیی ئێران لە سووچی رۆژئاواوە لە لایەن عەرەبستان و ئەماراتی یەکگرتوویی عەرەبی ئەم بێدەنگی و پەنگخواردووییە تا رادەیەك کەمڕەنگتر بووە.

عەرەبستانی سعوودی سوورە لەسەر ئەم بڕوایە کە هەوڵەکانی ئێران لە پێناو بەسەربازیکردنی پرۆگرامە ناوکییەکانی پێشێلکردنی بەرچاوی بەڵێننامەی پێشگرتن لە پەرەسەندنی چەکە ناوکییەکان (NPT) یە، هەر ئەو پەیمانەی کە ئێران بۆ خۆی لە ساڵی ١٩٦٨دا یەکێك لە واژۆکەرەکانی بووە. ئەگەری زۆری هەیە وەڵامی عەرەبستان بە وەها کردەوەگەلێکی دنەدەرانە لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە، هەوڵدان لە پێناو دابینکردنی توانایی ناوکی بۆ خۆی بێ.

عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی قەراخی کەنداو وەها داخوازییەکیان بە شێوەی ناڕاستەوخۆ و نهێنی بە دەوڵەتە رۆژئاواییەکان راگەیاندووە. ئەوان لەگەڵ هاوتا رۆژئاواییەکانیان ئەم بابەتەیان هێناوتە ئاراوە کە لە ئەگەری تەیاربوونی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە چەکی ناوکی، چیدی کە پابەند بە هیچ رێسا و گرێبەستێك بۆ نموونە «NPT»، چ لە بواری ئیخلاقی و چ لە بواری یاساییەوە نابن و ئازادانە هەوڵ دەدەن تا بە توانای ناوکی لە بەرامبەر ئێراندا دەستیان رابگا.

لە گۆشەنیگای عەرەبستانی سعوودییەوە، سەرکەوتن یان شکستهێنانی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی لە راوەستاندنی ئێران لەسەر دەستڕاگەیشتنی بە چەکی ناوکی و ناوکیی بووندا دەرخەری ئەم راستییەیە کە گەلۆ کۆمەڵگای جیهانی حەز و جەخت لە درێژەدان بە ژیانی رێژیمە ناپابەندەکان دەکاتەوە یان نا.

کاربەدەستانی سعوودی هیچ جیاوازییەك لە نێوان ئێرانی تەیار بە تێکنۆلۆژیای ناوکی چ بە مەبەستی ئاشتیخوازانە و چ بە مەبەستی سەربازی نابینن. لە روانگەی ئەوانەوە پڕۆگرامێکی ناوکی شاراوە و نهێنی، هەڕەشەیەکی کەمتر لە بۆمبێکی ناوکی ئامادەی بەکارهێنان نیە. هەستی زاڵ لە نێوان وڵاتانی کەنداوی فارسدا ئەمەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە ئەنقەست یان لە رووی کەمتەرخەمییەوە، لە ماوەی یەك دەیەی رابردوودا سیاسەتێکی لە پێش گرتووە کە لە راستیدا دابینکەری دەرفەتگەلێك بۆ ئێران بووە کە بە تێچوویەکی کەمتر لە بواری ئیستراتژیکیەوە بە قازانجی خۆی کەڵك وەربگرێ. ئامریکا لە ئەفغانستاندا بە سەقەتکردنی تاڵیبان لە دەسەڵات و لە عێراقدا بە رووخانی رێژیمی بەعسی سەدام حوسەین، لە راستیدا ئێرانی لە ئاژاوەی دوو حکوومەت و دوو دوژمن لە سنوورەکانی رۆژهەڵات و رۆژئاوای خۆی دەرباز کرد. دوژمنانێك کە مانۆڕدانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانیان لە ناوچەکەدا بەرتەسك و گەمارۆ دابوو. بەڕێوەبەریی هەڵەی ئامریکا لە هەلومەرجی پاش شەڕ لە ئەفغانستان و عێراق بوو بە هۆی دەرفەتێکی زێڕین بۆ بەرەوپێشبردنی رێباز و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا.

**کاربەدەستانی سعوودی هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئێرانی تەیار بە تێکنۆلۆژیای ناوکی چ به مەبەستی ئاشتیخوازانە و چ بە مەبەستی سەربازی نابینن**

نیگەرانیی زۆری عەرەبستان و وڵاتانی دیکەی قەراخی کەنداوی فارس ئەوەیە کە ئەوان لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەرچی زیاتر زاڵبوون و دەستێوەردانی خۆی لە ناوچەکەدا پەرە پێ بدات و تا ئێستا توانیویەتی لە عێراق و لوبناندا سەرکەوتن بە دەست بێنێ. رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندی لە هەوڵی دزەکردن لە وڵاتانێکە کە بەشێك لە حەشیمەتیان کەسانی شێعە ئایین پێکی دێنن. رێژیمی ئێران چەندین جار کردەوەی دنەدەرانە و تەنگژەخوڵقێنی خۆی پیشان داوە بۆ نموونە لە بانگەشەی خاوەندارێتی بە سەر وڵاتی بەحرەین وەك یەکێك لە پارێزگاکانی خۆی و یان هەڕەشەی داخستنی گەرووی هۆرمۆز وەك شادەماری دابینکەری نەوت لە بازاڕە جیهانییەکاندا.

بە چاوخشاندنێك بە سەر هەلومەرجی ناوچەکەدا دەتوانرێ بەو ئەنجامە بگەین کە ئێران بانگەشەی ئەوە دەکات کە نایهەوێ دەستی بە چەکی ناوکی بگات و ئێستا کە لەم حاڵەتەشدا هۆکاری هەڕەشە و ناسەقامگیرییە، ئێستا کە هەلومەرجێك وێنا بکەن کە تەیار بووە بە چەکی ناوکی لە ئاوەها هەلومەرجێکدا زۆر بێ‌شەرمانەتر و نابەرپرسیارانەتر دەجووڵێتەوە.

بەپێی روانگەکانی کاربەدەستانی سعوودی، رێژیمی ئێران بە هۆی ئەوەی کە هەڕەشەی هیچ وڵاتێکی ناوکی لەسەری نیە پێویستی بە چەکی ناوکی لە پێناو ئامانجە پێشگیرانەکانی نیە. بۆ وێنە وڵاتێك وەك ئیسراییل کە رێژیمی ئێران بە دوژمنی ژمارە یەکی خۆی دەزانێ بەم هۆیەی کە گرینگییەکی سیستماتیك دەدات بە چەکە غەیرەناوکییەکانی پێویستی بە قەڵغانێك بە ناوی چەکی ناوکی نیە. تەنیا حکوومەتێك کە بەرزەفڕییەکی زاڵخوازانە و کۆمەڵێك گرینگی پاساوهەڵنەگری هەیە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە و ئەمانەش بۆ خۆیان بوونەتە هۆی جموجۆڵی رێژیم لە پێناو دەسپێڕاگەیشتن بە چەکی ناوکی.

لە ساڵی ٢٠٠٣دا و بە رووخانی رێژیمی بەعس، هاوسەنگیی سەربازیی ناوچەکە لە دۆخی ئاسایی تێپەڕی و وڵاتانی قەراخی کەنداوی فارس بە مەبەستی قەرەبووکردنەوەی دووبارەی هاوسەنگیی سەربازی، سەرمایەگوزارییەکی قەبەیان لە ئامادەکردنی سیستمە زۆرپێشکەوتووەکاندا ئەنجام داوە. ئێرانێکی ناوکی دەبێتە هۆی دووپاتبوونەوەی ئەم سەرمایەدانانە و هەروەها تێکدانی هاوسەنگیی رێژەیی ناوچەکە.

عەرەبستانی سعوودی و وڵاتانی دیکەی کەنداوی فارس پلانێکی دیاریکراو و روونیان بە مەبەستی رووبەڕووبوونەوە و چارەسەری کێشەی ناوکیی ئێران لە بەردەستدا نیە و لەم بڕگە زەمەنییەدا هێرشی سەربازیش جێگەی پەسەندی ئەوان نیە. لە ئێستادا ئەم وڵاتانە زیاتر حەز دەکەن گوشارە غەیرەسەربازییەکان بۆ سەر ئێران زیاتر بێت و داواکارن لە باری چەندایەتی و چۆنیەتییەوە ئەم گوشارانە چەندقات ببنەوە. لە ئەگەری بێ‌ئاکامبوونی گەمارۆکان و گوشارەکان بۆ راگرتنی پڕۆگرامە ناوکییەکانی رێژیمی ئێران، وڵاتانی قەراخی کەنداو سەرەڕای حەزی دەروونییان و سەرەڕای لە بەرچاوگرتنی تەواوی ئاکامە نەرێنییەکان بۆ ناوچەکە، لە هێرشی سەربازیی بۆ سەر ئێران پاڵپشتی دەکەن.

ئەگەر رێژیمی ئیسلامی ئێران سوور بێت لەسەر ئەوەی کە پڕۆگرامە ناوکییەکانی بەرەو لای ئامانجە سەربازییەکان ببات، لە ئاوەها هەلومەرجێکدا کۆمەڵگای جیهانیش بە هەمان رادە دەبێ سوور بێ لەسەر پێشگرتن بە ئێران و تەواوی بەربژارەکانی لە بەرچاو بێت بۆ نموونە هێرشێکی سەربازی، بەڵام ئەگەر وا نەکرێت ئەوە هەموو ناوچەی کەنداوی فارس بۆ لای ناوکی بوون هەنگاو هەڵدەگرێ.

سەرچاوە: Bloomberg

# دستێوەردانی ئێران و رووسیە لە کاروباری سووریەدا

■ شەهاب خالیدی



بە پێی ئەو بەڵگانەی کە لە گۆڤاری «مۆسکۆ تایمز»دا بڵاو بوونەتەوە، سەرمایەگوزاریی رووسیە لە وڵاتی سووریەدا لە ساڵی ٢٠٠٩ نزیك بە نۆزدە میلیارد دۆلاری ئامریکایی بووە. هەروەها لە ساڵی ١٩٧٩ەوە تا ئێستا بەندەری تەرتووس لە دەست هێزە دەریاییەکانی رووسیەدایە و بەم شێوەیە هێزە دەریاییەکانی رووسیە زۆر بە ئاسانی دەتوانن خۆیان بگەیەننە ئاوەکانی مەدیتەرانە. کاتێك کە لە ساڵی ٢٠٠٨یشدا ئامریکا سەکۆیەکی دژی موشەکی لە نێو خاکی لەهێستاندا دامەزراند، رووسیە هەستی بە ترس و شڵەژانێکی زۆر کرد و داوای لە سووریە کرد کە بەندەری تەرتووس بکرێتە شوێنی یەکجارەکیی ناوە شەڕکەرەکانی خاوەن چەکی ناوکیی رووسیە.

رێژیمی ئێرانیش تەنیا لە ساڵی ١٣٨٩دا بە پێی زانیارییەکان لە سەرووی پێنج ملیارد دۆلار ئاڵوێری تیجاری لەگەڵ سووریدا هەبووە. هەروەها هەر دوو وڵات لە بوارەکانی درووستکردنی ئۆتۆمۆبیل، پیشەی گەشتیاری، دروستکردنی وزەگەی بەرق و پیشەسازیی نەوت هاوکارییەکی چڕوپڕیان پێکەوە هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر رێژیمی بەشار ئەسەد کە لە راستیدا وەکوو بەرەی موقاوەمەت لە بەرامبەر ئیسرائیلدا دەناسرێ بڕووخێ و ئامریکا و رۆژئاواش بە سەر هەرێمەکەدا زاڵ بن، جیا لە تێکشکانی ئەو هاوپەیمانییە ئیستراتیژیکییە، رەنگبێ ئەو گرووپە توندڕەوە مەزهەبییە دژی ئێران و دژی شیعانەش بەهێز بن کە لە لایەن عەرەبستانی سعوودییەوە پشتیوانی دەکرێن و بەم شێوەیە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی رووسیە و ئێران لە سووریەدا بە یەکجاری لە نێو بچن.

لە راستیدا ئەو بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییانە هۆی سەرەکیی پشتیوانیکردنی رووسیە و ئێران لە رێژیمی بەشار ئەسەد و دژایەتیکردنیان لەگەڵ دەستێوەردانی دەرەکی لە نێو خاکی سووریەدان، کە بەم شێوەیە هەر دوو لا بازرگانی بە خوێنی رۆڵەکانی سووریە دەکەن. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کە ئەمە رووسیە و ئێرانن کە لە نێو کاروباری سووریەدا دەستێوەردان دەکەن.

دەنا کاتێك کە چەند بەناو ئەندازیارێکی ئێرانی بۆ خۆیان دان بەوە دادەنێن کە سەر بە «سوپای قودس»ن و بۆ بەشداری لە کوشتاری خەڵکی ناڕازی لە سووریە لە لایەن ئێرانەوە بۆ ئەوێ نێردراون و ئەوان تەقەیان لە خەڵکی ناڕازی کردووە، کاتێك کە رووسیە سەکۆی دژی موشەکیی «ئێس ٣٠٠»ی بە رێژیمی بەشار ئەسەد داوە و کارناسە نیزامییەکانیان دەورەی نیزامی و شێوەی کەڵکوەرگرتن لەو سەکۆیانە بە فەرماندەرە نیزامییەکانی بەشار ئەسەد دەبینن و کاتێك کە بەپێی قسەکانی فەرماندەرێکی جیابووە لە ئەرتەشی سووریە، هێزە نیزامییەکانی سووریە خەریکی کەڵکوەرگرتن لە گازێکی مەترسیداری سەقەتکردنی ئەعساب بە دژی خەڵکی حومس لە ژێر چاوەدێریی ئێران و سووریەدان، ئاخۆ ئەگەر ئەمانە دەستێوەردانی نیزامی و نائینسانی بە دژی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی ناڕازی لە سووریەدا نەبێ، ئەی دەستێوەردان چیە؟!

هەر بۆیەش هەم رووسیە و هەم ئێران ئێستا خەریکی دەستێوەردانی نیزامی بە شێوەیەکی نایاسایی و نائینسانی لە نێو کاروباری سووریەدان و هەرچەندە ناتوانین بە دڵنیاییەوە بڵێین کە ئەم دەستێوەردانانە تا چ کاتێك بەردەوام دەبن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە ئەمەیە کە رێژیمی بەشار ئەسەد ناتوانێ خۆی لە لەنێوچوون رزگار بکات و هەم رووسیە و هەم ئێران تاوانی هەڵوێستە بەرژەوەندیخوازانەکانیان کە لە راستیدا بازرگانی بە خوێنی سووری لاوانی سووریەییە دەدەن و بۆ هەتا هەتا لە بەرانبەر مێژوودا شەرمەزار دەبەن.

■ ڕاپۆرت: زمزیران

# کاسبکارانی سەرسنور و ژیانێکی پڕ لە چەرمەسەری

## لە وتووێژ لەگەڵ چەند کاسبکاری سەرسنوور

لە هەموو وڵاتێك بەرپرسان و بەڕێوەبەرانی وڵات ئەرکیان ئەوەیە کە هەلومەرجی لەبار بۆ ژیان و بژێوی ئەندامانی کۆمەڵگا بڕەخسێنن

**ڕێبوار:**
**ئیتر خەڵکی بێکاری کوردستان زۆر بەکەمی حازر دەبن روو بکەنە کوررەخانە و جوجەخانە و گاوداری شارەکانی دیکەی ئێران**

و لەم بارەوە بواری لەبار بۆ دابینکردنی کار بۆ چینە جۆراوجۆرەکانی وڵات بێننە دی. ئەرکێك کە ئەگەرچی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بە تەواوی بۆ کۆمەڵانی خەڵك دابین نەکراوە، بەڵام لە زۆربەی کۆمەڵگاکان بەرپرسانی بەڕێوەبەر لە پێوەندی لەگەڵ بژێوی خەڵکدا وڵامدەری کۆمەڵگان و بە پێی توانایی خۆیان هەوڵی بۆ دەدەن. لە کۆمەڵگای ئێرانیش کە کۆمەڵگایەکی لاوە و زۆربەی حەشیمەتی وڵات لە توێژی لاو پێك دێت ئەگەرچی بەشێوەی سروشتی وزەیەکی زۆر و زەبەلاحی مرۆڤانە لەبەر دەستدایە بۆ پێشکەوتن و بەکارهێنانیان لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئابووریی وڵات تا لە لایەکەوە ببێتە هۆی بەرەوپێشچوونی ڕەوڕەوەی پێشکەوتنی وڵات لە گشت بوارەکانی ئابووری و لە لایەکی دیکەوە ببێتە هۆی پێشگرتن لە بەفیڕۆچوونی هێزی کاری کۆمەڵگا و هیدایەتکردنی ئەم هێزە لە چوارچێوەیەکی لەباردا، بەڵام بەداخەوە بێ کیفایەتی بەرپرسانی دەوڵەت بۆتە هۆی ئەوەی کە سەرەڕای بوونی پۆتانسییەلێکی مەزنی سرووشتی و ئینسانی لە ئێران، بە میلیۆنان کەس بێکار بن و بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان دەست بدەنە هەرچەشنە کارێك کە تەنانەت داهاتێکی نەمرنەژیشی بۆیان هەبێت. ئەگەرچی لەگشت ناوچەکانی ئێران بێکاری و سەختی ژیان بۆ خەڵك لە ئارادایە بەڵام لەو ناوچانەی کە ڕێژیمی تاران هەردەم بە دژبەری خۆی زانیون، بێکاری و بێداهاتی بەچەند قات بوونی هەیە و لەو نێوەدا کوردستانی ئێران یەکێك لەو ناوچانەی ئێرانە کە ڕێژیم خۆی لە دابینکردنی هەرچەشنە هەلومەرجێك بۆ دابینکردنی کار بۆ خەڵك بواردووە و تەنانەت پێش بەو وزە سرووشتییەش کە خەڵك بە هۆی سنووریبوونی ناوچەکە بۆ کار و بژێوی ژیانیان کەڵکیان لێ وەرگرتووە دەگرێ و کێشە بۆ خەڵك دەنێتەوە. نەبوونی کار و بژێوی ژیان بۆتە هۆی ئەوەی کە لە کوردستان، خەڵك بۆ وەدەستهێنانی پاروە نانێك دەست بدەنە هەر چەشنە کارێکی سەخت و تاقەتپڕووکێن. کاسبکاری و کۆڵبەری لە نێوان سنووری کوردستانی ئێران و ئێراق یەکێك لەو کارانەیە کە خەڵکانی سەر سنووری شارە کوردنشینەکان بۆ وەدەستهێنانی بژێوی ژیانیان خەریکی بەڕێوەبردنین. لەم ڕاپۆرتەدا بە ڕێوەبردنی چەند وتووێژی کورت لەگەڵ چەند کاسبکاری سەرسنوور، هەوڵ دەدەین لەگەڵ گیروگرفتەکانی ئەم توێژەی کۆمەڵگای کوردەواری ئاشنا بین. بە مەبەستی پاراستنی باری ئەمنی، ئەو کەسانەی وتووێژیان لەگەڵ کراوە، بە ناوی خوازراو ناسێندراون.

لەو ڕاپۆرتەدا لەگەڵ بەڕێزان محەممەد.م، خەڵکی پیرانشار، هەژار.د خەڵکی مەهاباد، و ڕێبوار.ر، خەڵکی سەردەشت، تەمەن پرسیارەکانمان هێناوەتە بەرباس. لە سەرەتادا ئەم پرسیارەم لەگەڵ ئەو بەڕێزانە هێنا گۆڕێ کە «چ هۆکارێك بۆتە هۆی ئەوەی کە روو بکەنە ئەم کارە و ئایا لەم کارە رازین ؟». هەر سێ بەڕێز لە وڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێن کە نەبوونی کار و بێدەرامەتی بۆتە هۆی ئەم کارە، ئەگینا هیچ کات روویان نەدەکردە وەها کارێکی سەخت و پڕمەترسی .کاك محەممەد لە وڵامی ئەم پرسیارەی ئێمەدا کە بۆچی خەڵکێکی زۆر لە تەواوی کوردستان تەنانەت لە شوێنەکانی دیکەی ئێرانەوەش دێن بۆ شارە سنوورییەکانی کوردستان و خەریکی کاسبی لە نێوان دوو سنوور دەبن، ئاماژە بە بێکاری و بێ دەرامەتی ژیانی خەڵك دەکات و دەڵێت کە بە هۆی ئەوەی کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە ڕێژەی بێکاران زیاتر دەبێت و بە هۆی خراپی باری ئابووری وڵات ڕۆژ نیە کە حەشیمەتێك لە سەر کار دەرنەکرێن یا کاری کەم دەرامەتی خۆیان کە بژێوی ژیانیان دابین ناکات بەجێ نەهێڵن و روو نەکەنە سنوورەکانی کوردستان بۆ کاسبی سەر سنوور.

کاك ڕێبوار لە وڵامی ئەم پرسیارەی ئێمەدا ئاماژە دەداتە خاڵێکی دیکە و دەڵێت ئیتر خەڵکی بێکاری کوردستان زۆر بەکەمی حازر دەبن روو بکەنە کوررەخانە و جوجەخانە و گاوداری شارەکانی دیکەی ئێران و بە هۆی ئەو هەموو بێحورمەتی و چارەڕەشییەی کە لەو شارانە دەرحەق خەڵکی هەژاری کورد ڕەوا دەبینرێت ، ئەگەرچی لە کاسبی سەرسنوور لەگەڵ مەترسی لەدەستدانی گیانیان روبەڕوون، بەڵام خەڵکی کورد قەبوڵی ئەو هەمووە چەرمەسەری و گرفتانەی کە بۆ وەدەستهێنانی پاروە نانێك لەگەڵیدا رووبەڕوون، دەکەن و بە لێشاو روو دەکەنە سەرسنوورەکان بۆ کار و کاسبی بەڵام روو ناکەنە شارە غەیرەکوردەکان.

کاك هەژار لە وڵامی پرسیارەکەی ئێمەدا دەڵێت هەڵبەتە تەنیا خەڵکی ئاسایی نین کە روو دەکەنە کاری سەرسنوور، بەڵکوو بە چەندین نموونە هەیە کە لاوانی دەرچووی زانستگاکان یا تەنانەت ئەو لاوانەی کە ئێستا خوێندکاریشن بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانیان و هەروەها بۆ پەیداکردنی خەرجی زانستگایان روویان کردۆتە کاسبی سەرسنوور. هەڵبەت شتێکی سەیر و سرنجڕاکێشی دیکەیش هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆر لاو هەن کە هەر لە قۆناخی قوتابخانە دەستیان لە دەرس خوێندن هەڵگرتووە بەڵام ئەمڕۆکە وێڕای کاسبی کردن گەڕاونەتەوە سەر دەرس و بە شێوەی جۆراوجۆر بە تەمای درێژەدان بەخوێندنن، چوونکە ئەبینن کە بێسەوادی و کەم سەوادی جگە لە ژینێکی نەکبەتبار چیتری بەدواوە نیە. هەر بۆیە بە تەمای خۆپێگەیاندنن تا بەڵکوو لە داهاتوودا بتوانن ژیانێکی باشتر بۆ خۆیان دابین بکەن.

لە وڵامی پرسیارێکی دیکەدا کە چ گرفت و دژوارییەك لەسەر ڕێگای کاسبکارانە؟ هەر سێکیان بەو شێوەیە وڵامیان دایەوە: کاك محەممەد دەڵێت کە تەواوی ژیانی کاسبکارێکی سەر سنوور دژواری و گرفتە، دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ سەرما و گەرما لە لایەکەوە و مەترسیی کەوتنە کەمین لە لایەکی دیکەوە، هەڵدێران لە شاخ و چیاکانەوە، بەرەوڕووی دڕندەکان بوونەوە، کۆمەڵێك لەو گرفتانەن کە هەر کاسبکارێك لەگەڵیان بەرەوڕوو دەبێت.

کاك هەژار ئاماژە بە گرفتێکی دیکە لە نێوان کاسبکاراندا دەکات ئەویش بوونی سیخوڕ و جاسوسە. کاك هەژار لەمبارەوە دەڵێت کە بەداخەوە خۆفرۆش لە نێو کورددا خەلاسی نایەت و دزەی کردۆتە نێو توێژی کاسبکارانی سەرسنووریش. بە جۆرێك کە کەسانێك هەن بۆ ئەوەی کە بتوانن بارەکانی خۆیان بێ دەردەسەر بێنن لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم دەبنە شەریك و ڕاپۆرت لە باقی کاسبکاران دەدەن و پاش دەسبەسەرداگرتنی باری باقی کاسبکاران لە لایەن هێزەکانی ڕێژیم بەشێك لە بارە گیراوەکان وەکوو حەقدەستی سیخوڕی وەردەگرن و ئەوی دیکەیشی بۆ فەرماندەی هێزەکانی ڕێژیم دەبێت. ئەم کارەی خۆفرۆشان بەداخەوە زۆر جار

**محەممەد:**
**تەواوی ژیانی کاسبکارێکی سەر سنوور دژواری و گرفتە، دەستوپەنجە نەرمکردن لەگەڵ سەرما و گەرما لە لایەکەوە و مەترسیی کەوتنە کەمین لە لایەکی دیکەوە**

بۆتە هۆی گیران و تەنانەت کوژرانی باقی کاسبکارانیش و لەم بارەوە کاك هەژار ئاماژە بەوە دەکات کە ئەگەرچی زۆر لەخۆفرۆشان ناسراون و تەنانەت کەوتوونەتە بەر لێدان و کوتانی باقی کاسبکاران، بەڵام دەستیان لەو کارە گڵاوەی خۆیان هەر هەڵنەگرتووە.

کاك ڕێبوار لە بارەی سەختی سەر ڕێگای ژیانی کاسبکاران ئاماژە بە کۆڵبەران دەکات و دەڵێت ئەو کاسبکارانەی کە بە سواری ئەسب خەریکی ئەو کارەن، زۆرجاران بارەکەیان لێدەگیرێت یا ئەسبەکانیان دەکوژرێت، کۆڵبەرانی هەژار لەگەڵ ژیانیان ساتوسەودا دەکەن و گیانیان دەکەوێتە مەترسی و کوژران. لەم بارەوە کاك ڕێبوار ئاماژە بە چەند نموونە لە دۆستانی خۆی دەکات کە بەمجۆرە کەوتوونەتە بەر گوللەی بەکرێگیراونی ڕێژیم کە وەك بۆ خۆی دەڵێت یەکێکیان کابرایەکی بە تەمەن بووە کە دەڵێت لە باوەشمدا گیانی تەواو بوو. کاك ڕێبوار لە درێژەدا دەڵێت ئەو سەختییانە هەموو لە جێگای خۆیان لە لایەن کاسبکار تەحەموول دەکرێت و کاسبکاران بە گیان سەختییەکان دەکڕن، بەڵام نەهامەتی گەورەتر ئەو کاتەیە کە بە هۆی ڕووداوێك یا گۆڕانێکی ناوچەیی، سنوورەکان لە لایەن هێزە نیزامییەکانی هەر دوو وڵاتەوە دەبەسرێت و ئەو کاتەیە کە ئەو داهاتە نەمرنەژییەش کە وەها بە سەختی وەدەست دێت، دەبڕدرێت و برسییەتی روو دەکاتە ژیانی گشت کاسبکاران و کۆڵبەران و بنەماڵەکانیان.

لەپرسیارێکی دیکەدا کە لێیان کرا ئەوە بوو کە « کۆماری ئیسلامی ئێوە بە قاچاقچی ناو دەبات، ئایا بەڕاستی کاری ئێوە قاچاقە و ئەو شتومەکەی کە دەیهێنن قاچاقە؟». کاك محەممەد لە وڵامدا دەڵێت: زۆربەی ئەو کەرەسە و شتومەکانەی کە ئێمە دەیانهێنین لە ناوخۆی وڵات وەدەست دەکەوێت تەنیا جیاوازییەکەی ئەوەیە کە ئێمە گومروك نادەینە دەوڵەت، بەڵام ئەو جنسەی کە لە ئێراندا هەیە گومروك کراوە، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر بەڕاستی ئەو کارەی ئێمە قاچاقە و بە زەرەری خەڵکە، بۆ خەڵك پێشوازی دەکات لە کڕینیان، بەدڵنیاییەوە بە هۆی ئەرزانتربوونیان، توێژی کڕیار کاتێك دەرامەدێکی کەمی وەدەست دەکەوێت، تاقەتی نیە کە جنسی گران بکڕێت لە حاڵێکدا هەر ئەو جنسە لە کوردستان هەرزانتر وەدەست دەکەوێت، هەر بۆیەش ئەبینین کە شارێکی وەك بانە بۆتە گەورەترین ناوەندی فرۆش لە ئێران و لە تەواوی ئێرانەوە رووی تێ دەکەن یان باقی شارەکانی دیکەی کوردستان کە هەر بەم جۆرەن.



**هەژار:**
**ئێمە قاچاقچین یا بەرپرسانی ڕێژیم کە سێ هەزار میلیارد تمەنماڵی خەڵکی ڕەشوڕووت دەدزن**

کاك هەژار لە وڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێت «خۆ هەموومان دەزانین کە کێ قاچاقچییە، ئێمە قاچاقچین یا گەورە فەرمەندەکانی سپای پاسداران کە بە ئاسانی لە کەنداوی فارس هەرچی پێیان خۆش بێت دەیهێنن و کەس پێشیان پێ ناگرێت. ئێمە قاچاقچین یا بەرپرسانی ڕێژیم کە سێ هەزار میلیارد تمەن ماڵی خەڵکی ڕەشوڕووت دەدزن و دوایەش بە حورمەتەوە لەگەڵیان هەڵسوکەوت دەکرێت. نا براگیان ئێمە قاچاقچی نین، ئەگەر ڕاست دەکەن با هەلومەرجی کارمان بۆ بڕەخسێنن ئەوەدەم دەبینن کە ئێمەش پێمان خۆشە شەو لە نێو ماڵ و منداڵی خۆمان بژین نەك لەگەڵ سەرماوسۆڵ و دڕندەی دوو پێ و چوارپێ دەستو پەنجە نەرم بکەین و سینگی خۆمان بە گوللەوە نێین.

دوایین پرسیار ئەوە بوو کە داهاتوو چۆن دەبینن و چ ئاواتێکتان هەیە؟

کاك محەممەد لە وڵامدا دەڵێت: ئەگەر مەبەستتان داهاتووی ژیانی کاسبکارانی سەرسنوورە دەبێ بڵێم کە کاسبکار و کۆڵبەری سەرسنوور ئەگەر ئەو جنسەی کە دەیهێنێت ئی خۆی بێت، قازانج دەکات و دەتوانێت ژیانی بەرەو باشتربوون بچێت و بەدایم موحتاجی بارێکی دیکە نەبێت تا کرێ ڕاگواستنی وەرگرێت، بەڵام کەم کەس باری خۆیەتی و زۆربەی خەڵك فەقەت کرێچین. ئاواتم ئەوەیە کە ئێمەش وەك باقی خەڵکی کارێکی بەردەوامان هەبێت و ناچار نەبین بۆ پاروە نانێك ئەو هەمووە عەزابە بکێشین.

کاك هەژار ئەڵێت بە نەزەری من داهاتوو ەتا ئەو دەسەڵاتە هەبێت روون نابێت، چوونکە ئەو دەسەڵاتە هەر کارێك دەیکات زەرەری خەڵکی زیاتر تێدایە تا قازانج و بەرژەوەندی و خەڵك لە دەرەجەی چەندوومی گرینگیدایە، بۆ نموونە دوور نەچین بە تەپڵ و زوڕنا یارانەی بۆ خەڵك کردە پوولی نەغدی، لە حاڵێکدا چەند بەرابەری ئەو پوولەی دەیدا بە خەلکی، پوڵی ئاو و برق و گاز بۆ خەڵك دێت، هەر بۆیە تا کۆماری ئیسلامی لەسەر کار بێت، کورد بەگشتی و ئێمەی کاسبکار بەتایبەتی نابێ چاوەڕوانی ڕۆژانێکی روون بکەین. ئاواتم ئەوەیە کە ئێمەی کوردیش بە مافی خۆمان بگەین و خەڵکی ئێمەش لە سایەی حکوومەتێکی کوردیدا بحەسێنەوە و چیدی بۆ پاروەنانێك لاوەکانمان گیانیان لەدەست نەدەن.

کاك ڕێبواریش لەم بارەوە دەڵێت داهاتووی ژیانی هەژاران تا بەڕێوەبەرانێکی بەرپرس و خەم خۆر نەیێنە سەر کار روون نابێت و لەدرێژەدا دەڵێت کە ئاواتەخوازم ژیانی تەواوی خەڵك و بەتایبەت کاسبکاران باشتر لەوەی هەیە بێت و خەڵکی کورد لە هەر شەرایەتێکدا بۆ ژیانێکی چەند ساڵە خاك و وڵات و هاوزمانی خۆی نەفرۆشێت چوونکە برسی بوون و کەم دەرامەتی قەرەبوو دەبێتەوە بەڵام خیانەت بە وڵات و خاك هەرگیز.

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 576 ▪ 5 Mar 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

# درەوشانەوەی فەرهادی لە ئۆسکاری ٢٠١٢دا

فیلمی «دابڕانی نادر لە سیمین» بە دەرهێنەریی ئەسغەر فەرهادی، خەڵاتی ئۆسکاری باشترین فیلمی غەیرەئینگلیزی زمانی پێ بەخشرا. ئەمە یەکەمین جارە کە فیلمێك لە ئێرانەوە خەڵاتی باشترین ڕووداوی سینمای جیهان وەردەگرێ. لەیلا حاتەمی، پەیمان مەعادی و سارینا فەرهادی، سێ ئەکتەری «دابڕانی نادر لە سیمین» لە ڕێوڕەسمەکەدا بەشدار بوون.

ڕێوڕەسمی هەشتادوچوارەمین خولی ئۆسکار ڕۆژی یەکشەممە، ٢٦ی فێوریە بەڕێوە چوو و تێیدا خەڵاتەکانی ئۆسکاری ٢٠١٢ پێشکەش کران.

بەڕێز فەرهادی لە کاتی وەرگرتنی خەڵاتەکەدا گوتی: «من بە سەربەرزییەوە ئەم خەڵاتە بە خەڵکی وڵاتەکەم پێشکەش دەکەم، خەڵکێك کە بۆ هەموو کولتوور و شارستانییەتەکان ڕێز دادەنێن و دژی دوژمنایەتی و توندوتیژین».

لە ڕێوڕەسمی ئۆسکاری ٢٠١٢دا، فیلمی «ئارتیست» بە دەرهێنەری میشێل ئازاناویسیۆن، وەکوو باشترین فیلم، مریل ئێستریپ، وەکوو باشترین ئەکتەری ڕۆڵی یەکەمی ژن (فیلمی خاتوونی ئاسنین) و ژان دوژاردێن، وەکوو باشترین ئەکتەری ڕۆڵی یەکەمی پیاو ( فیلمی ئارتیست) خەڵاتی ئۆسکاریان پێ بەخشرا.

خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بە میشێل ئازاناویسیۆن بۆ فیلمی ئارتیست، ئۆسکاری باشترین ئەکتەری ڕۆڵی دووهەمی پیاو بە کریستۆفێر پلامێر بۆ ڕۆڵگێڕان لە فیلمی «تازەکارەکان»، ئۆسکاری باشترین ئەکتەری ڕۆڵی دووهەمی ژن بە ئۆکتاویا ئێسپێنسێر بۆ فیلمی «خزمەتکارەکان»، ئۆسکاری باشترین فیلمنامەی ئێقتباسی بە نێت فاکسۆن، جیم ڕێش و ئەلێکساندێر پین بۆ فیلمی «ئەولاد»، ئۆسکاری باشترین فیلمنامەی «تەئلیفی» بە وودی ئالێن بۆ فیلمی «نیوەشەو لە پاریس»، ئۆسکاری باشترین فیلمی دیکۆمێنتی بە دانێل لیندێسی و تی جی مارتین بۆ فیلمی «لەشکاننەهاتوو»، ئۆسکاری باشترین ئەنیمەیشێن بە فیلمی «ڕەنگو» درا.



# حەبی خەوهێنەر، مەرگهێنەرە



بەپێی توێژینەوەیەکی نوێ کە لە لایەن تیمێکی پزیشکیی ئامریکاییەوە بەڕێوە چووە، بەکارهێنانی حەبی خەوهێنەر تا چوار بەرابەر ئەگەریی تووشبوون بە زووترمردن زیاد دەکا.

ئەم توێژینەوەیە لە ژمارەی ٢٧ی فێوریەی بڵاڤۆکی «ژورناڵ بی.ئێم.جی، ئەوپێن» بە چاپ گەیشتووە.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی فەڕانسە، ئەوانەی ژمارەیەکی زۆر حەبی خەوهێنەر بەکار دەهێنن، لە بەراورد لەگەڵ ئەو کەسانەی بەکاریان ناهێنن، تا ٣٥ لەسەد زیاتر دەکەونە بەردەم مەترسیی تووشبوون بە نەخۆشی شێرپەنجە.

لە ڕاپۆرتەکەدا پێداگری لەسەر ئەوە کراوە کە: ژمارە و ئامارە مەزندەکراوەکان نیشان دەدەن کە لە ساڵی ٢٠١٠دا، تەنیا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، گرووپی دەرمانەکانی ناسراو بە «هیپنوتیك» (هەمان حەبە خەوهێنەرەکان)، بوونەتە هۆی مردنی نزیك بە ٣٢٠ تا ٥٠٧ هەزار کەس. لێکۆڵەران جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە دۆزینەوەکانیان پێوەندییەکی مانادار ئاماری لە نێوان ڕادەی مردن و کەڵکوەرگرتن لە دەرمانە خەوهێنەرەکان نیشان دەدەن، بەڵام هێشتا نەیانتوانیوە هۆیەك بۆ ئەم مەسەلە بدۆزنەوە. هەر ئەم دەرەنجامانە بەسن بۆ ئەوەی زەنگی هۆشدار بۆ لایەنگرانی زۆری دەرمانە خەوهێنەرەکان لێ بدرێ.

لێکۆڵینەوەکانی پێشتر لە بارەی حەبە خەوهێنەرەکانەوە، پێوەندیی بەکارهێنانی ئەم جۆرە دەرمانانە لەگەڵ ڕووداوی پێکدادانی سەیارە و کەوتنەسەر عەرز بە شێوەیەکی مەترسیدار و مەرگهێنەریان ئاشکرا کردبوو.

# ئاڵوگۆڕە ئاووهەواییەکان لە «سەرزەوینی حەز»دا تاوتوێ دەکرێ



بیست هونەرمەند و زانستڤان لە هەشت وڵاتەوە پێنجشەممەی ڕابردوو پێیان نایە سەر خاکی «کلیپێرتۆن» تا لەسەر کاریگەرییەکانی ئاڵوگۆڕی ئاووهەوایی و مێژووی ئەو جەزیرەیە توێژینەوە بکەن. ئەوان تا ڕۆژی ٣٠ی مارس لەو شوێنە دەمێننەوە. کلیپێرتۆن جەزیرەیەکی مەرجانی وەپەراوێزخراوی کەنارەکانی ئۆقیانووسی ئارام لە نزیك مێکزیکە.

ناوی ئەم جەزیرە لە دزی دەریایی بریتانیایی، جان کلیپێرتۆن وەرگیراوە و هەروەها بە «سەرزەوینی حەز»یش ناسراوە، بۆ نیشتەجێبوون نابێ، پانتاییەکەی شەش کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ئاوی خواردنەوەی نیە و ماڵی قرژاڵی ژەهراوی و مشکی کێوییە.

بەپێی ڕاپۆرتی ئاسوشییەیتێدپرێس، جاناتان بۆنفلیگلیو، بەرپرسی بریتانیایی پڕۆژەکە ڕۆژی دووشەممە لە مێکزیکۆسیتی وتی: «پڕۆژەی کلیپێرتۆن بەدوای خوڵقاندنی گوتار و نواندنێکی نوێ لە ئاڵوگۆڕی ئاووهەواییە». شایانی باسە ئەم جەزیرەیە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا، لە لایەن چەند وڵاتەوە ئیدیعای خاوەندارێی کراوە.

## زایەڵە

باران

### بایکۆتێکی بەربڵاو و شکستێکی قەرەبوونەکراو

کۆماری ئیسلامی چەند ڕۆژ لەمەوبەر شانۆیەکی دیکەی لە ژێر ناوی هەڵبژاردن بەڕێوە برد، شانۆیەك کە وەك سەرانی ئەو ڕێژیمە زۆر جار دانیان پێداناوە، هەر وەك شانۆکانی دیکەی هاوچەشنی، تەنیا ئامانجی ڕاکێشانی خەڵك بۆ سەر سندووقەکانی دەنگدان بوو. بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی لە لایەن خەڵکەوە دراون، ڕێژیم نەیتوانیوە ئەو ئامانجەی بپێکێ و بەشداریی خەڵك لەو شانۆیەدا تەنانەت لە ئاستێکی کەمتر لە جاری پێشووش بووە. ئەوەی شانۆی ئەم جارەی لە جارەکانی پێشوو بە تەواوی جیا دەکردەوە، ئەوە بوو کە ئەمجارە زۆر بە دەگمەن دەبینرا لە ژێر ناوی چاکسازیخوازی یان بانگەشەکردن بۆ کەڵکوەرگرتن لە بەناو لانیکەمەکانی زەرفییەتی یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ دروشم بدرێ و دەکرێ بڵێین بەگشتی هیچ چەشنە دەرەتانێك بۆ هێنانەگۆڕی دروشمگەلی لەو چەشنە لەئارادا نەبوو.

زۆربوونی ڕێژەی بایکۆتکەرانی شانۆی ئەمجارەی هەڵبژاردن نیشاندەریی سەرکەوتنی سیاسەتی بایکۆتە کە زۆربەی ئۆپۆزیسیۆنی ئەو ڕێژیمە ڕەچاویان کردبوو. لە کاتێکدا کە بایکۆتی هەڵبژاردن، پێشتر لە چەند شانۆی هەڵبژاردنی دیکەدا وەك هەڵبژاردنی خولی نۆهەمی سەرکۆماری و هەڵبژاردکانی دەوری دووهەمی شووراکانی شارەکان بە شێوەیەکی زۆر سەرکەوتوو ئەزموون کراوە، کەچی لە ڕەوتی شانۆی هەڵبژاردنی خولی دەیەمی سەرکۆماری لە ساڵی ٨٨دا، سیاسەتی بایکۆتی هەڵبژاردن جگە لە ناوچەی کوردستان، سەرکەوتنێکی ئەوتۆی بەدەست نەهێنا. کەوابوو وەڵامدانەوە بەم پرسیارە وەکوو پێویستییەك خۆ دەنوێنێ کە ئایا ڕێژیم دەتوانێ لە ئەگەری مانەوەی خۆی تا چەند ساڵی دیکە، لە شانۆکانی داهاتوودا سەرلەنوێ بە دروشم و بانگەشەی زریقەوبریقەدار و وەهماوی خەڵك بکێشێتە سەر سندووقەکانی دەنگدان و پێش بەوە بگرێ کە سەرکەوتنی سیاسەتی بایکۆت ببێتە سەکۆی هەنگاوێکی مەزنی دیکەی خەڵکی ئێران لە پێناو ڕووخاندنی، هەر وەك چۆن لە ساڵی ٨٨دا لانیکەم تا قۆناخی بەڕێوەچوونی شانۆکە توانی؟ بە سەرنجدان بە چەند تایبەتمەندیی جیاکەرەوەی بایکۆتی ئەمجارەی خەڵك لەگەڵ بایکۆتەکانی پێشتر بۆمان دەردەکەوێ کە ئەگەری زۆر کەم و تەنانەت نەلواوە کە ڕێژیم بتوانێ لە شانۆیەکی دیکەدا، قەرەبووی شکستی ئەمجارەی بکاتەوە. لێرەدا ئاماژە بە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی دەکەین. یەکێك لەو تایبەتمەندییانە ئەوەیە کە، وەك پێشتر باسمان کرد ئەمجارە دەرەتان و بەستێنێك بۆ بەرزکردنەوەی دروشمی فریودەرانەی چاکسازیخوازی نەمابوو و ئەمەش نیشان دەدا کە گوتاری بایکۆتکردنی هەڵبژاردنی ئەمجارە، گوتارێکی بەتەواوی زاڵ و گشتگیر بووە. تایبەتمەندیی دیکە ئەوەیە کە بە هۆی سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی شۆڕشەکانی ناوچەکە، چاوەڕوانیی ئێلیتی سیاسی و ڕووناکبیری ئێران بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بارودۆخی سیاسیی هەنووکەی ئێران بەرز بووەتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەیش ئەوەیە کە لە ئاکامی شۆڕشەکانی ناوچەکە، ئەو گومانە بە تەواوی ڕەویوەتەوە کە سەردەمی شۆڕش بەسەر چووە، گومانێك تا ئێستا تەنیا بە قازانجی دیکتاتۆری و سەرەڕۆیی شکاوەتەوە. بەگشتی بە هەر پێوەرێك بپێوین، بەو ئاکامە دەگەین کە بایکۆتی هەڵبژاردنی ئەمجارەی مەجلیس، خاڵێکی وەرچەرخانی مەزن بوو لە پێناو بەرەوپێشچوونی خەباتی دێموکراسیخوازانە و دژەسەرەڕۆیی خەڵکی ئێران.